مكتبة
الهمّة

الدولة الإسلامية

پرس و حوكمەكان لە

نوێژ و ڕۆژوودا

وەرگێڕانی :
ماموستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری

پرس و حوكمەكان لە

نــــوێژ و ڕۆژوودا

وەرگێڕان و پوخت كردنی كتێب :

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی (شارەزووری)

حفظە اللە تعالی

AL HAQQ

بسم الله الرحمن الرحيم

مناصري

الدَّوْلَةُ الإِسْلامِيَّة

خلافةٌ على مِنهاجِ النُّبوّة

مكتبة الهمّة

مُحَرَّم

-١٤٤٨ك -

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سوپاس وستایش بۆالله تعالی بەدیهێنەری مخلوقات خاوەن دەسەڵات وتوانا کەهەموو شتێکی دروستکرد ولەنەبونەوە هێنانیە بوون چاو وبیستنی الله تعالی بێ بەش نیە لەبینین وبیستنی خشپەی پێی مێرووولەیەک لەشەوێکی تاریکدا کاتێک ئەجوولێت هیچ گەردیلەیەک لەئاسمانەکان وزەوی لەزانست وئاگای ئەو ون نابێت ئاگایی ئەو بێ بەش نیە لەوەی ڕووی یاوە ولەوەشی یەتە پێش وڕوو ئەیات ئەگەر بەدەنگی بەرزیش قسە بکرێت ئەو ئاگادارە بەوقسانەی بەنهێنی وشاراوەی ئەوترێت الله ـی خاوەن بەخشندە وبەزەیی لەسەر عەرشەکەی دانیشتوە بەوشێوازەی شایستەیە بەخۆی ئەوەی لەئاسمانەکان وزەویدایە وئەوەشی لەنێوانیاندایە وئەوەشی لەژێر خۆڵدایە هەربۆالله تعالی یە ئادەم ـی هەڵبژارد پاشان لێی خۆشبوو لەوەی ئەنجامی یا نوح ـیشی ڕەوانەکرد وکەشتیەکەی دروستکرد وبەڕێکەوت **ابراهیم ـی خەلیل** ـی لەئاگر ڕزگارکرد وتاگەرمی ئاگرەکەی بۆسارد کرد بەبێ زیان پێگەیاندن پاشان تاقی کردەوە بە سەربڕینی **اسماعیل** ـی کوڕی کەفەرمووی :

{ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ } [ســورة الصافات : 102]

موسا ـی بەنۆ موعجیزە ڕەوانەکرد بەڵام فیرعەون و داروودەستەکەی باوەڕیان نەهێنا ولوت بەرزیان کرد **عیسا** ـی ڕەوانەکرد بەکۆمەڵێکی موعجیزە کە مرۆڤ ـی سەرسام ئەکرد قورئان ـی بۆسەر **محمد** دابەزاند **صلی الله علیە وسلم** کەڕوونکەرەوە ورێنمای وهیدایەت ـی تێدا بۆخەڵکی بەیان کرد صەڵات وسەلام ـی الله تعالی برژێت بەسەر ئەو پێغەمبەرەی کە لە **أم القرى** ڕەوانەکرا لەسەر ئەو هاوەڵەی کە لەئەشکەوتەکەدا لەگەڵی بوو **ئەبو بکری صدیق** خەلیفەی یەکەمی محمد علیە افضل الصلاة واتم التسلیم

هەروەهـا لەسەر خەلیفەی دووەم عومەری فاروق جیاکەرەوەی نێوان هەق وباطل کـە بەنوری الله تـعالـی ئەیرِوانی هەروەهـا لەسەر خەلیفەی سێهەم عوثمـان ـی کورِی عەفان زاوای پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هاوسەری دوو لە کچەکانی هەروەهـا لەسەر ئامۆزاکەی کە علی کورِی ابی طالب ـە دەریایی زانست وشێری مەیدانە هەروەهـا لەسەر هەموو کەسوکار وهاوەڵان کەفەزڵ وچاکەیـان لە جیهاندا بڵاوبۆتەوە لەپـاشان ـدا

ئیمام ـی ئیمام ـی شافعی ئەفەرموویّت :

(كُلُّ العُلومِ سِوى القُرآنِ مَشغَلَةٌ إِلّا الحَديثَ وَعِلمَ الفِقهِ في الدينِ العِلمُ ما كانَ فيهِ قالَ حَدَّثَنا وَما سِوى ذاكَ وَسواسُ الشَياطينِ)

واتە : هەموو زانستێ لەغەیری قورئان خۆسەرقاڵکردنە ئیلا فەرمووده و زانستی فقهـ لەدین نەبێت وە زانستیش بریتیە لەوەی بەفەرموودە وئەثەر قسە بکەی غەیری ئەوە چرپە وگومانی شەیطانە .

کەواتـا کەزانیت زانست چیە ئینجا بۆت دەرکەوێ گرنگی زانست لەهەناسەدان ونان وئاو خواردن گرنگترە بۆت چونکە قیامەتت لەسەر ئەو زانستە وەستاوە.

وەک ئیمام أحمد رحمه الله تـعالـی ئەیفەرموو :

(الناس محتاجون إلى العلم أكثر من حاجتهم إلى الطعام والشراب؛ لأن الطعام والشراب يُحتاج إليه في اليوم مرة أو مرتين والعلم يُحتاج إليه بعدد الأنفاس)

واتە : خەڵکی پێویستیان بەزانستە زیاتر لەپێویست بوونیان بۆخواردن وخواردنەوە چونکە خواردن وخواردنەوە لەڕۆژێکا جارێـک یان دووجار پێویستت ئەبێت بەڵام زانست پێویستت ئەبێت بەژمارەی هەناسەکانت (واتا تامردن پێویستت بەزانستە).

[ابن القيم رحمه الله [شرف العلم وفضله] (مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين)]

وە زانست بەدەستهێنان شتێکە تامردن مرۆڤی موسڵمان ئەبێت هەوڵی بۆبات ولێی دانەبڕێت چونکە زانستی شەرعی هێندە گەورە وفراوانە تامردن هەوڵبات هێشتا ناگات بەهەموو علم

سعید ی کوڕی جبیر رحمە اللە فەرموویەت ی :

(لا يزال الرجل عالماً ما تعلّم فإذا ترك التعلّم وظن أنه قد استغنى فهو أجهل ما يكون)

واتە : پیاو بەردەوام بەزانایی ئەمێنێتەوە تائەوکاتەی بۆ زانست ئەگەڕێت وخۆی فێرئەکات هەرکات وازی هێنا لەخۆفێرکردن و وای گومان برد چیتر پێویست ی بەفێربونی زانست نەماوە ئەوە نەزانترین کەس کەهەبێت ئەوکەسەیە .

زانست ی شەرعی پێگەیەکی گەورەیە گەر دانیشین هەموو بەڵگەکان بهێنینەوە لەسەر فەزڵی خۆفێرکردن بەزانست ی شەرعی ئەوە پێشەکیەکە درێژ ئەبێتەوە بەڵام ئەوەندە بەسە کەاللە تعالی شاهێدی تەقوا بۆخاوەن زانست ی ڕاستەقینە ئەیات.

{ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ } [ســورة فاطر : 28]

واتە : لەناو بەندەکانی اللە تعالی زاناکان لە اللە ئەترسن و تەقوای اللە تعالی ئەکەن.

ئەوەت بەس بێت کە پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم فەرموویەتی :

(من يــرد الله به خــيرا يفــقهه في الدين) **اللە تعالی خێر وچاکەی بۆهەربەندەیەک بوێت تێگەشتوو وشارەزای ئەکات لەدین .**

کەواتا خۆت توند وتۆڵ بکە بەدڵ و مێشکێکی تێگەشتوانە دانیشە بەدیار ئەم کتێبە کەلەقەبارەدا بچوکە بەڵام زانستێکی زۆری تێدا کۆکراوەتەوە بەفەزڵ ی اللە تعالی تعالی لەئێمەی وەرگرێت و جەزای خێری برایانی موجاهیدمان باتەوە لەسەری وئەوانەشی ئەیخوێننەوە وبڵاوی ئەکەنەوە وئەوانەشی کە بۆیان کردین بە پی دی ئێف.

وانەی یەکەم

لە زنجیرە وانەکان دەربارەی
هەنێک لە پرس وحوکمە فقهیەکان

پێش دەستپێکردن بەپرسە فقهیەکان پێویستە لەسەر فێرخواز چەند شتێک بزانێت کەتێگەشتن لە پرس وحوکمەکان ئاسان ئەکات

بەشی یەکەم

حوکمە تەکلیفیەکان

فیقهـ لە ڕووی زمانەوانیدا واتای تێگەشتن یەت لە شەریعەت دا بەواتای ناسینی ئەحکامە شەرعیەکان یەت کەلەبەڵگە وردەکاریە شەرعیەکانەوە هەڵێنجراون ئەحکامە شەرعیەکان پێنج ن

١- واجب: بریتیە لەوەی شەرع فەرمانی بەکردنی کردووە بەشێوەی ئیلزام کردن وناچارکردن وەک ئەوەی الله تعالى فەرموویەتی:

{ انفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ }

[سورة التوبة : 41]

گشتتان (سووکبارو گرانبار پیرو لاوو گەنج ئازاو بە جەرگ ترسنۆک و بێ ورە) بەماڵ و سامان بەدڵ و بەگیان لەرێی الله تعالى جیهاد بکەن .

٢- مستحب: بریتیە لەوەی شەرع فەرمانی بەکردنی کردووە بەشێوەی کارێکی خوازراو وپەسەند وباش وەک فەرموودەی :

(صلُّوا قبل المغرب ركعتين صلُّوا قبل المغرب ركعتين لمن شاء)

[متفق عليه]

واتا : دوو ڕکات نوێژ بکەن پێش مەغریب دروو ڕکات بکەن پێش مەغیب بۆهەرکەسێک ئەیەوێت بیکات.

٣- **موباح:** بریتیـە لەوشتانەی شەرع ڕێگەی پێ یـاوە نەفەرمانی کردووە بەکردن ـی نە نەهی وڕێگری کردووە لـەنەکردن ـی وەک ئایـەت ـی :

{ وَالْقَوَاعِدُ مِنَ النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَاتٍ بِزِينَةٍ ۖ وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّ ۗ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ }

[ســـورة النور : 61]

ئەو ژنانەی لە ئیشوکار کەوتون لـەبەر پیریی و نەمانی ئارەزوو بەتـەمای شووکردن نین هیچ گوناهێکیان لەسەر نیە کە هەندێ لە جلوبەرگی سەرەوەیان دابنێن و نەیپۆشن بەڵام نابێ بەرامبەر بە خەڵک زینەت و جوانی خۆیان نیشان بدەن وەک موو و سەرو مل و گەردن و سینگ و لاقیان شتێک نەکەن سەرنجی بێگانە ڕاکێشن خۆ ئەگەر عیففەتی خۆیـان بپارێزن و عاباکانیان هەر دانەنێن و خۆیان داپۆشن وەک ژنێکی لاو ئەوە چاکترە بۆیان اللە تـعالی ـش بیسەر وزانایە.

٤- **حەرام:** بریتیـە لـەوەی شەرع نەهی لێکردووە بەشێوەی ئیلزامکردن وقەدەغەکردن لەئەنجامدان ـی وەک ئەوەی اللە تعالی فـەرموویەت ـی :

{ وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا }

[ســـورة الجن : 18]

مزگەوتەکان تـایبەتی اللە تـعالی ـن جا لەگەڵ اللە تـعالی ـدا هاوارو هانا بۆ کەسی تر مەبەن.

٥- **مەکروهـ:** بریتیـە لەوەی شەرع نەهی کردووە لـە کردن ـی بەڵام نەک بەشێوەی ئیلزامکردن و قەدەغە کردن یـاخود ئەتوانین بڵێی ئەوشتەیە کە وازهێنەرلێی سوپاس

ئەکرێت و ئەنجامدەرەکەی سەرزەنشت ناکرێت وەک نمونەی خەوتن لەنێوان ئێوارە وعیشادا وەک لەهەردوو صەحیحەکەدا هاتوە لە حەدیث ی ابی برزة الاسلمی اللە تعالی لێی ڕازی بێت کەئەڵێت :

(ان النبی صلی الله علیه وسلم کان یکره النوم قبل العشاء والحدیث بعدها)

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم حەزی لەوەنەبووە پێش عیشا بخەوێت و دوای عیشاء وقسەکردنیش لەدوای عیشا .

بـەشــی دووەم

هۆكاری ڕاجیاوازی زانــایان

بەڕاستـ ی بابەتە جوزئیە كردارییـەكان كەوەرگیراون لـە بەڵگە وردەكاریەكان زاناكان وپێشەوایـان ڕەحمەتـ ی اللە یان لێ بێت لە زۆرێـك لە ئەحكامە جوزئیەكان ڕاجیاوازیـان هەیە بەهۆی چەند هۆكارێـكی جیاواز سەرەڕای ئەوەی هەموویـان مەبەستیـان پێكانی هەق بـووە و بەدوای بەڵگەدا گەڕاون ودەستیان بە بەڵگەوە گرتوە بـەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ڕاجیاوازیـان هەبوە لە كۆمەڵێـك لە بابەتەكاندا ڕاجیـاوازیەكەشیان بەهۆی ئەوەنیـە كە بەڵگە شەرعیەكان دژیـەك بن چونكە شەریعەتـ ی اللە تعالی هیـچ دژیەكبونێكی تێدانیـە بـەڵام ئەكرێت هەن بابەت وحوكم بـۆ هەنێـك كەس شاراوەبـێت و لەلای هەنێكـی تر حوكمەكەی ڕوون و ئاشكرا بـێت ئەمەش بەهۆی چەند هۆكارێـك دیاریكراو نمونەش لـەهەن لـەو هۆكارانەی ئەبێتە هۆی ڕاجیاوازی نێـوان زانایـان ئەمانەی خوارەوەن

■ **هــۆكـاری یــەكەم :**

بـەڵگەكە بەهەندێكیان گەیشتوە بەڵام نەگەیشتوە بەهەنێكی تریـان هاوەڵان لە دانیشتن ونزیكایەتیان لەگەڵ پێغەمبـەر صلی اللە علیە وسلم جیاوازبوون هەنێكیـان هەبن ـی بۆهەبنی ئەهاتە خزمەتـی وهەن تریـان ڕۆژ نا ڕۆژێـك و هەن تریشیـان زۆرتر لـەگەڵ ـی دائەنیشتن و گوێیـان بـۆئەگرت بۆیـە ئەكرێت هەنێكیان شتـانێكیان بیستبێت لە پێغەمبەر صلی اللە علیـە وسلم ئەوانی تر نەیان بیستبێت یان حوكمێك هەبوبێت ونەسخ كرابێتەوە ئەوان ـی تر پێیان نەزانی بێت بەم هۆیەشەوە ڕاجیاوازی دروستـەبـێت

■ هــۆكــاری دووه‌م :

فـه‌رموودەكه به‌كه‌سه‌كه گه‌یشتوه بـه‌ڵام متمانه‌ی به‌وكه‌سه نیه كه‌فـه‌رمووده‌كه‌ی گێراوه‌ته‌وه یـان وای ئه‌بینێت به‌ڵگه‌یـه‌كی تری لەمه به‌هێزتری لایـه بۆیـه به‌هێزتره‌كه‌ی هه‌ڵبژاردووه نمونه‌ش لـه‌سه‌ر ئه‌مه ئه‌ووه‌یـه كه فاطمه‌ی كچ ـی قه‌یس گێڕاویه‌تیه‌وه ڕه‌زای الله ـی لێ بێت كاتــێك مێرده‌كه‌ی ته‌ڵاق ـی سێهه‌م ـی دا پێغه‌مبه‌ر صلى الله عليه وسلم پێی ڕاگه‌یاند كه‌خه‌رج ـی ونیشته‌جێ بوون ـی له‌سه‌ر مێرده‌كه‌ی نه‌ماوه‌ته‌وه مه‌گه‌ر ته‌نها دووگیان بێت ئه‌وه‌ش به‌پێی ئـایه‌ت ـی (ئه‌گه‌ر ئه‌و ژنانه دووگیان بوون ئه‌گه‌رچی سێ تـه‌ڵاقه‌ش دراب‌ن :

{ فَأَنفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ۚ}

[ســـورة الطلاق : 6]

ئه‌و ژنانه‌ی تـه‌ڵاقـتـان ـدوان ئێوه نه‌فه‌قه‌یان بكێشن و به‌خێویان بكه‌ن هه‌تا سكه‌كه‌یان داده‌نێن.

به‌ڵام ئیمام ـی عمر پێی وابوو خه‌رج ـی ودابینكردن ـی شوێن ـی نیشته‌جێ بوون ـی بۆهه‌یه ودەستی نه‌گرت به‌ڕیوایه‌ته‌كه‌ی فاطمه‌ی كچ ـی قه‌یس به‌گریمانه‌ی ئه‌ووه‌ی تـوش ـی له‌بیرچونه‌وه بوبێت وئه‌یـفـه‌رموو :

(انترك قــول ربنا لقول امراة لاندري اذكرت ام نسيت)

ئایا واز له‌وته‌ی په‌روه‌ردگارمان بهێنین به‌هۆی وته‌ی ئافره‌تـێـك كه‌نازانین له‌بیری كردووه یـاخود نـا . كه‌واتـا ئیمام ـی عمر ڕه‌زای الله ـی لێ بێت زۆر به‌وریاییه‌وه لـه‌گه‌ڵ ده‌قه شه‌رعیه‌كان جوڵاوه‌ته‌وه بـه‌ڵام ترسی هه‌بوه له‌وه‌ی فاطمة به‌له‌بیرچونه‌وه ڕیوایه‌ته‌كه‌ی گێڕابێته‌وه بۆیه ده‌ست ـی به‌گێڕانه‌وه‌كه‌ی نه‌گرت.

بەهەمان شێواز هەمان شت ڕووی لەزاناکان ی دواتری ئەوانیش ئەکات بەتایبەت لەڕوانگەی گێڕەوەکان ی فەرموودەکە وجەرح وتعدیل ی سەنەدەکە ئەکرێ زانایەک فەرموودەیەکی بەسەنەدێکەوە پێ گەشتبێت وەریگرتبێ وکاری پێ کردبێت بەلاَم هەمان فەرموودە بەسەنەدێکی لاواز گەشتبێت بەزانایەکی تر دەست ی پێوە نەگرتبێت وکاری پێ نەکردبێت

■ هۆکاری سێهەم :

تێگەشتنیان بۆ بەڵگەکە جیاوازبێت وەک ئەو فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی :

(لا يصلين العصر الا في بني قريظة)

کەس بانوێژی عصر نەکات تەنها لەبەنی قریظە نەبێت هاوەڵان تێگەشتنیان بۆئەم فەرموودە جیاوازبوو هەنێکیان واتێگەشتن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مەبەست ی خێرا دەرچوون بووە بۆبەنی قریظە واتا واتێگەشتن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مەبەست ی ئەوەبوە کەعەصر نەیەت بەسەریاندا ئیلا ئەوان گەشتبن بەبەنی قریظە بۆیە لەڕێگادا کەکاتی عەصر هات لەڕێگە نوێژەکەیان کرد ودوایان نەخست تالەکاتەکەی دەرنەچێت بەلاَم کۆمەڵی دووەم واتێگەشتن کەمەبەست ی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەوەبووە کە نوێژی عەصر نەکەن تەنها لەبەنی قریظە نەبێت بۆیە نوێژی عەصرەکەیان نەکرد ودوایانخست تاگەشتنە بەنی قریظە لەوێ نوێژی عصریان کرد کەلەکاتەکەی خۆی دەرچووبوو وە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئاگاداربوو بەوەی هەردوو کۆمەڵەکە ئەنجامیان یا بەلاَم ئینکاری لەهیچ کامیان نەکرد.

■ هـۆكـاری چـوارەم :

فـەرموودەیـەک گەشتبێ بەزانایـەک نەزانێت کەئەو فەرموودەیـە نەسخ بۆتەوە بۆنمونە ابی هریره گێراویەتیەوە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمان ی کردووە بەدەست نوێژگرتنەوەوە لەوخواردنانەی بەئاگر لێنراون بـەڵام جابر گێراویەتیەوە کە کۆتا فـەرمانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەوەبووە وازبهێنرێت لەدەست نوێژگرتنەوە لەوشتانەی لەسەر ئاگر لێنراون بـەڵام ئەم فەرمانە نەگەشتبوو بە ابو هریره بۆیە ئەو دەست نوێژی ئەگرتەوە .

■ هـۆكـاری پێنجـەم :

زانایـەک دەست بگرێت بەفەرموودەیـەکی لاواز کاری پێ بکات یان بەڵگەیەکی لاواز بهێنێتەوە بـۆ نموونە هەنێ لەزانایـان صلاة التسبیح بە سوونەت ئەزانن پشت ئەبەستن بە فـەرموودەیـەک کە جمهوری زانایان ئەڵێن فەرموودەکە زەعیفە وەزانایان ی تەحقیق ئەڵێن صلاة التسبیح بیدعە و مەکروهە وەفەرموودەکەی صحیح نیـە لەوانەش ئەم بۆ چوونەی هەیـە ئیمام ی ئەحمەد کە فەرموویەت ی ئەو فەرموودەیـە صحیح نیـە لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم وە شێخ ی ئیسلام ابن تیمیة فەرموویەت ی ئەمە فەرموودەیەکی هەڵبەستراوە بەناوی پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم .

وانەی دووەم

پاكوخاوێنی (الطهارة)

پاکوخاوێنی (الطهارة)

زانایان بەر ڕەحمەت ی الله تعالی بکەون دەستپێکی کتێبە فقهیەکان بەبابەت ی پاکوخاوێن ی دەست پێ ئەکەن چونکە پاکوخاوێن ی لە گرنگترین مەرجەکان ی نوێژە وە نوێژیش دووەم پایەی ئیسلام ە ویەکەم پایەی کرداریە وە هەردوو شایەتومانەکە پایەی یەکەم ی ئیسلامە کتێبە عەقیدەیەکان لە شایەتومانەوە دەست پێ ئەکەن وە هەروەها زانایان لە کتێب ی پاکوخاوێنیدا بەبابەت ی ئاو دەست پێ ئەکەن چونکە ئاو ئەو مادەیەیە کەبەهۆیەوە پاک وخاوێنی دەستەبەرئەبێت

پاکو خاوێنی (الطهارة) لەزماندا : بەواتای پاکژی وخاوێن بوون یەت

لە ڕووی شەرعیشەوە : بریتیە لەلادان ی (الحدث وپیس ی ...)

الحدث چیە : بریتیە لەو پێناسە شەرعیەی کەلەجەستەدا ڕوو ئەیات وئەبێت بەرێگری خاوەنەکەی لە ئەنجامدانی نوێژ و هەرعیبادەتێک کەمەرج ی پاکو خاوێنی پێویست بێت ئەمەش پێناسەیەکی مەعنەویە وپێناسەکەی هەست پێکراو نیە

الحدث دووجۆرە : گەورە کەغوسل ی پێویستە و بچوک کەدەست نوێژ ئەشکێنێت

پاشان الخبث (پیسی): بریتیە لەهەرشتێک کەشەرع ڕێگری کردوە کەکەسی نوێژ خوێن ئەو پیسیە بەجل وجەستەیەوە بێت یان شوێن نوێژەکەی پیس ی پێوە بێت

ئایا رفع الحدث چیە: یتیە لەلاچون ی ئەو وەسفەی کەلەجەستەدایە وڕێگرە لە نوێژکردن (وەک دەست نوێژگرتن)

زوال الخبث چیە: واتا لابردن ی ئەو پیسیەی بەجل یان بەجەستە یان جێگاکەوەیە

پـاشـان الطـهارة الطـهاره دوو بـەشـە :

١- طهارة ی مەعنەوی : کەبریتیە لەپاکردنەوەی دڵ ودەرون لەشیرک وبیدعە ومەعصیەت

٢- طهارة ی حس ی (هەست) : کەبریتیە لەپاکردنەوەی جەستە لە حدث و پیس ی

پـاشـان

النـجاسـات

وەک وتمان پیس ی بریتیە لەهەرشتێک کەشەرع ڕێگری کردووە نوێژ خوێن لەکاتی نوێژیدا ئەو پیسیە بەجەستەی یان جلی یان جێگەکەوە بێت هەموو پیسێـک حەرامە بەڵام هەموو حەرامێـک پیس نیە.

پاشان پیسی دوو جۆرە :

جۆری یـەکەم : یان لەڕووی حوکمیەوە پیسە یان خۆی لـەخۆیدا پیسە ئەو شتانەی خۆی لـەخۆیدا پیسە وهەرگیز پاک نابێتەوە وەک میز و گۆشت ی بەراز

جۆری دووەم : کەحوکمیە بریتیە لەو پیسیەی یەت بەسەر شتێکی پاکدا بەوهۆیەوە پیس ی ئەکات بنچینەش بۆلادان ی پیس ی ئاوە قال اللە تعالـی :

{ وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ }

[سـورة الأنفال : 11]

بارانیشی لە ئاسمانەوە بۆ ناردن تا لە چڵک و پیس ی خاوێنتان کاتەوە .

پاشان پیسی دابەش ئەبێت بۆسێ بەش:

١- **پیسی توند:** وەک پیس ی سەگ کەئەم پیسیە بەر هەرشتێ بکەوێت حەوت جار بەئاو ئەشۆردرێت ویەکێک لەو حەوت جارە بەخۆڵ وەک ئەوەی ئیمام ی مسلم گێڕاویەتیەوە لە ابی هریره اللە تعالی لێی ڕازی بێت لە پێغەمبەرەوە صلی اللە علیە وسلم فەرموویەت ی :

(طهور اناء احدکم اذا ولغ فیه الکلب ان یغسله سبع مرات اولاهن بالتراب)

پاکردنەوەی قاپ وکاسەی هەریەکێک لەئێوە کاتێک سەگ دەمی تێ وەرئەیات بەوە ئەبێت حەوت جار بیشۆرنەوە و یەکەمجار بە خۆڵ.

٢- **پیسی سووک:** بریتیە لە میزی ئەو منداڵەی کە هێشتا خواردن ناخوات (شیرەخۆرە) ئەمەش لەبەر ئەو فەرموودەیەی ئیمام ی احمد و الترمذی بەسەنەدی صحیح لە علی ـەوە ڕەزای اللە ی لێ بێت گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم فەرموویەتی :

(بول الغلام الرضیع ینضح وبول الجاریة یغسل)

میزی منداڵی شیرەخۆر کە کوڕبێت بەئاو پرژاندن پێیدا پاک ئەکرێتەوە ومیزی منداڵ کە کچ بێت پێویستە بشۆردرێت.

مەذی : وەک ئەوەی ابوداود و ترمذی بەسەنەدی حەسەن لە سەهلی کوڕی سعدەوە اللە تعالی لێی ڕازی بێت ئەفەرموێت : (من زۆر زۆر توش ی مەذی لێدەرچون ئەبووم وە زۆر غوسلم ئەکرد بەوهۆیەوە تا پرسیارم لە پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم کرد کەپێی وتم (تەنها دەست نوێژبگرەوە) وتم ئەی گەر بە جلەکەم بکەوێت ؟ فەرمووی ئەوەندە بەسە کەوا دەستێک ئاو بپرژێنە بەوشوێنەی مەذیەکە بەرجلەکەت کەوتوە.

٣- **پیسی مـامناوەند :** كە بریتین لە پیسیەكان ـی تر وەک میز وپاشەڕۆ و خوێن پاكبونەوە لەم پیسایـانە بە جارێک شۆردن پاک ئەبێتەوە گەر پیسیەكەی لاببات بەهۆی گشتگیری بەڵگەكان ـی لابردنـی پیسی بەڵام گەر بەجارێک شۆردن پیسیەكەی لانەبرد ئەوا زیاتر لەجارێـک ئەیشۆرێت تاپیسیەكە لائەچێت

پـاشـان

حوكمەكانی ئەوشتانەی لە مرۆڤ دەردەچێت

١- **میز** : پیسە دەست نوێژ هەڵ ئەوەشێنێتەوە بەئیجماع

٢- **مەذی** : پیسە دەست نوێژ هەڵ ئەوەشێنێتەوە بەئیجماع

٣- **وەدی** : پیسە دەست نوێژ هەڵ ئەوەشێنێتەوە بەئیجماع

٤- **مەنی** : لەسەر وتەی ڕاست پاكە غوسل واجب ئـەكات

٥- **خوێن ـی سووڕی مانگانانە و زەیسان** : پیسە بەئیجماع غوسل واجب ئـەكات

٦- **استحاضە** : پیسە ودەست نوێژ هەڵ ئەوەشێنێتەوە بەئیجماع

٧- **شێداری ئەندامی مێینە** : لەسەر وتەی ڕاست پـاكە بـەڵام دەست نوێژ واجب ئەكات

٨- **پاشەڕۆ** : پیسە بەئیجماع ودەست نوێژ هەڵ ئەوەشێنێتەوە

٩- **خوێن** : پیسە لێبوردن لەشەرعدا بۆبڕێكی كەم ـی دـانراوە بەپێی وتـەی جمهوری زانایـان ودەست نوێژ هەڵناوەشێنێتەوە لەسەر وتەی ڕاست

١٠- **خوێنی مایەسیری** : كە لەكۆم ـی مرۆڤەوە یـەتە دەر پیسە ودەستنوێژ هەڵ ئەوەشێنێتەوە گەر لـەناو لەناو كۆمەوە دەربچێت

١١- **خوێنی ناسور** : كە لە دەرەوەی كۆم یـەتە دەر پیسـە دەست نوێژ هەڵناوەشێنێتەوە لـەسەر وتەی ڕاجح

پـاشــان

میز و پیسایی ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان ئەخورێت پـاکن بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە بخار ومسلم گێڕاویـانەتەوە لە انس ـەوە الله تعالی لێی ڕازی بێت کە پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم :

(امر العرنین ان یشربوا من البان الابل وابوالها)

فـەرمان ـی کرد بـەخەڵکانێـک لـە هۆزی عورینە کـەلەشیر ومیزی وشـتربخۆنەوە .

وە پرسـیاری لێکرا لـەبارەی نوێژکردن لەجێگەی بەخێوکردن ـی مەڕوماڵات لەوەڵامـدا فەرمووی :

(صـلوا فیها فانها بـرکة)

[رواه مسـلم]

نوێژی تـێدابکەن چونکە بەرەکـەتە. (کەگومـانی تـێدا نیـە جێگەی مانەوەی مەڕو ماڵات میز وپاشەڕۆی مەڕەکان ـی تـێدایـە)

بەڵام میزو پیس ـی ئەو گیاندارەی گۆشت ـی ناخورێت پیسـە :

پاشماوەی خواردن ـی گیاندارێک کەگۆشت ـی ناخورێـت خیلاف ـی تـێدایـە بەڵام احتیاط ئەوەیـە کەبیشۆریت گەر بەرشتێـک کەوت تـەنها ئەو ئاژەڵانە نەبێت کەبەدەوری خەڵکیدا یـەن وئەچن وەک پشیلە و گوێ درێژ وهێستر کەئەمانە لـەسەر وتەی ڕاجح پاشماوەی خواردنیان پاکە چونکە بەناو خەڵکیـدا ئەسوڕێنەوە وە پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم فـەرموویـەت ـی لەبارەی پاشماوەی خواردن ـی پشیلە:

(انها لیست بنجس انـها من الطوافین علیکم والطوافات)

[رواه احمد وابو داود والترمذی بسند صحیح]

واتـا : پیس نیـە چونکە ئەو لەو ئاژەڵانەیە کە بەدەورتانـەدا ئەسوڕێنەوە .

وانەی سێیەم

حوکمەکانی ئاو

بەگشتی ئـاو دووجـۆرە :

ئاوی پـاک : كە بریتیە لەو ئاوەی لەسەر ئەصڵی خۆی ماوەتەوە وەک ئاوی ڕووبار ودەریـاكان ولافاوەكان وكانیـاو وئاوی بیرەكـان بەڵگەش وتەی الله تعالی ـە :

{ وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ }

[ســورة الأنفال : 11]

بارانیشی لە ئاسمانەوە بۆ ناردن تا لە چڵک و پیس ـی خاوێنتان كاتەوە .

وەفەرمووودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەربارەی دەریـا كەفەرمووی :

(هو الطهور ماؤه الحل میته)

[اخرجه ابو داود والنسائی بسند صحیح]

واتا ئاوەكەی پاكە مرداربووەكەشی حەڵاڵە.

ئاوی پیس : بریتیە لـەو ئاوەی كەپیس ـی بەسەردا هاتوە تام و بۆن یـا ڕەنگی گۆڕی بێت

پـاشـان

ئاو ئەگەر لـەگەڵ شتی تر تێكەڵ بێت لـە دووحاڵـەت بەدەرنیـە.

یەكەمیان كەتێـكەڵ بێت بەمادەیـەكی پـاک وەک صابـوون یـان چا یـان جگە لەوانەش ئەمەش دوو حـاڵەت ـی هەیە

أ / مادەكە زاڵ بێت بەسـەر ئاوەكەدا بەجۆرێک ناوی ئاوەكە بگۆڕێت لەئاو لایبات بـیكات بە چا یـان بەشەربەت یان بەشتێكی تر یـان بەڕەهایی لەناوی ئاو لابچێت تەنها بەناوی مادە زیـاد بۆ كراوەكانی ناوبنرێت وەک ئەوەی ناوبنرێت بە ئـاوی گوڵ یان ئاوی سیدر لـەم باردۆخەدا پاكردنەوە پێی دروست نیـە چونكە چیتر پێی ناوترێت ئاو.

ب / ناوەکەی نەگۆڕێت گەرچی هەنێک لەوەسفەکانی کەمێـک بگۆڕێت ئەوا پاکردنەوە پێی دروسـتە بەڵگەش وتەی الله تعالی ـە

{ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا }

[سـورة النساء : 43]

وشەی ماء بەنکرە لەسیاق ـی نەفی ـدا هاتوە بـۆیە هەموو ئاوێـک ئەگرێتەوە

ئەگەر پیسی تێکەڵ ببێت لەگەڵ ئاو ئەمەش دووحاڵەتی هەیە :

١- یەکێـک لەوەسفەکانی بگۆڕێت تام ڕەنگ بۆن ئەوکاتەبەپیس دائەنرێت بـە ئیجماع

٢- هیچ شتێک لەوەسفەکانی نەگۆڕێت ئەوا بەپاکی ئەمێنێتەوە لـەسەر وتەی ڕاست.

پـاشــان
حوکمی قــاپ و دەفرەکان

الانية : بریتیـە لە جەمعی وشەی اناء کەبریتـیە لـەو کەلوپەلەی کەئـاو یـان شتی تری تێدا ئەپارێزرێت وتێیدا هەڵ ئەگیرێت دروستە هەموو قـاپ ودەفرێـک ـی پاک بەکاربهێنرێت تەنها ئەوەنەبێت کەلە زێڕ و زیو دروست کراوە دروست نیە بەکاربهێنرێت لەبەر فـەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کەفـەرموویەتی :

(لاتشربوا فی إنیـة الذهب والفضة ولاتأكلـوا في صحافها فانها لهم في الدنيا ولنا في الأخـرة)

[البخاري ومسلم]

واتـا : لەدەفری زێڕ وزیـودا مەخۆن ومەخۆنەوە چونکە ئەمە بۆ کافرانە لـە دوونیا و بۆ ئێمەش لەقـیامەتە . (گەر بەکارهێنان ـی بۆخواردن وخواردنەوە حەرام بێت ئەوا بـەکار هێنانی بۆ دەست نوێژگرتن وپاکردنەوەش حەرامە)

بـەکارهێنان ـی پێست ـی ئەو ئاژەڵەی گۆشت ـی ئەخورێت دروسـتە بەومەرجەی مردار نەبوبێتەوە تەنها مەگەر پێستەکەی خۆشکرا بێت گەر پێستەکە خۆشکرا ئەوا دروسـتە لەسەر وتەی ڕاست لەبەر فەرموودەی :

(اذا دبغ الاهاب فقد طهر)

[رواه مسلم]

واتـا : ئەگەر پێستەکە خۆشکرا ئەوا پاک ئەبێتەوە.

■ پاشان قاپ و دەفری موشریکان ئەبێت بە دوو بەشەوە

بەشی یەکەم ئەوانەی لەئاسن وکانزا وهاوشێوەکان ی دروستکراون ئەمەش دووبەشە

أ / نوێ بێت و بەکارنەهێنرابێت ئەمە دروستە ڕاستەوخۆ بە کاربهێنرێت

ب / بەکارهاتوو بێت ئەم جۆرە لەپێشترە بەکارنەهێنرێت خۆگەر کەسێ ویست ی بەکاری بهێنێت ئەوا پێویستە پێش بەکارهێنان ی بیشۆرێت چونکە زۆربەی کات کافران خۆیان ناپارێزن لە خواردن ی حەرامکراوەکان لەو قاپانەیان دا وەک خواردنی مردارەوە بوو و بەراز وئارەق خواردنەوە تێیدا .

بەڵگەش فەرموودەکەی ابی ثعلبەی الخشنی ە الله تعالی لێی ڕازی بێت کە ئەفەرمووێت وتم ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئێمە لەخاکی ئەهلی کتاب ئەژین ئەوان گۆشت ی بەراز و ئارەق ئەخۆنەوە ئێمە چۆن قاپ ودەفرەکانیان بەکاربهێنین ؟

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی :

(لاتاکلوا فیها الا الا تجدوا غیرها)

تێیدا مەخۆن ومەخۆنەوە تەنها مەگەر هیچ ی ترتان دەست نەکەوێت دەفری ئەوان نەبێت .

وەفەرمووی :

(ان لم تجدوا غیرها فارحضوها بالماء واطبخوا فیها واشربوا)

[رواه احمد بسند صحیح]

ئەگەر قاپ ودەفری ترتان دەست نەکەوت تەنها دەفری ئەوان نەبێت ئەوا بیشۆن وپاشان تێیدا بخۆن وبخۆنەوە .

بەشی دووەم ئەو دەفر وقاپەی لەپێست دروستکراوە ئەمەش دووجۆرە

جۆری یەکەم پێست ی ئەو ئاژەڵەبێت کە گۆشت ی ئەخورێت ئەمەش دووحاڵەت ی هەیە

أ / ئەهلی کتاب دروستیان کردبێت ئەصل ئەوەیە سەربڕاوی دەستیان ئەخوردرێت بۆیە بەکارهێنان ی دەفری دروستکراوی پێست ی سەربڕاویان دروستە بەڵام ئەهلی کتاب لەم سەردەمەدا کەوتونەتە ناوچەند خاڵێکەوە کەسەربڕاویان لەحەڵاڵەوە ئەگۆڕێت بۆ حەرام ئەوهۆکارانەش ئەوەیە لەئێستادا زۆرینەیان وازیان لەئاینەکەی خۆیان هێناوە وبون بەهەڵگری بیروباوەڕی مولحیدەکان وە شێوازی سەربڕینەکەیان پێچەوانەی شەرعە ئەوان کارەبا لێدان و خنکاندن ولێدان لەسەری ئاژەڵەکە بەکارئەهێنن بۆیە لەبەر ئەمە سەربڕاویان دروست نیە تەنها مەگەر کاتێک بزانین بەرێگەیەکی دروست سەربڕاوە هەروەکچۆن بەکارهێنانی پێست ی دروستکراو لەو ئاژەڵەی بەوجۆرەی لەگەڵ کراوە بەکارهێنانی دروست نیە تەنها مەگەر پێستەکە خۆشکرابێت چونکە خۆشکردن ی پێست وەک سەربڕین وپاکەرەوەیە بۆ پێستەکە وەک پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی :

(ایما اهاب دبغ فقد طهر)

[رواه مسلم]

ب / دەفرێک لە پێست ی ئاژەڵێک دروستکرابێت کە دروستکەرەکانی جگە لە ئەهلی کتاب بن بەکارهێنانی دروست نیە مەگەر پێستەکە خۆشکرابێت وەک لە پێشتر بەڵگەمان لەسەر هێنایەوە

جۆرى دووەم دروستكرابێت لەپێست ى ئەو ئاژەڵەى گۆشت ى ناخورێت وتەى ڕاست ئەوەيە بەكارهێنانى جائيز نيە چونكە بەسەرِبرِينيش بەكارهێنانى پێستەكەى حەڵاڵ نابێت پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** فەرموويەت ى : (خۆشكردن ى پێست مردارەوەبوو سەربرِينێتى) خۆشكردنەوەى پێستەكەى بەهاوتاى سەربرِينەكەى هەژماركرد بۆيە ئەمە بەڵگەيە لەسەر ئەوەى ئەوپێستەى بە خۆشكردن پاك ئەبێتەوە بريتيە لە پێستى ئەو ئاژەڵەى گۆشتەكەى ئەخورێت بە سەربراوى بۆيە لەمەشەوە ئەگەين بەوەى هەرشتێك بە سەربرِاوى گۆشتى حەڵال نەبێت ئەوا پێستەكەشى حەڵال نابێت .

لە **ابى المليح ى كورِى اسامە** لە باوكيەوە هاتوە كە پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** فەرمووى :

(نهى عن جلود السباع)

[رواه احمد]

واتــا : نەهيكردوە لـەبەكارهێنانى ئاژەڵە درِندەكان.

■ پـاشان جل و بەرگی موشریکان دوو بەشـە

١- ئـەگـەر نوێ بێت ڕاستـەوخۆ لـەبەر ئەکرێت وپێویست بـەشۆرین ـی ناکات

٢- بەکارهـاتوو بـێت ئەمەش دووحاڵـەتە

أ / گەر لـەو جلانە بـێت کەلەبەشـی سەرەوەی جەستە لـەبەر ئەکرێن وەک کراس ئەمە دروستە بەبێ شۆریـن لەبەربکرێت ئەگەر پیس ـی پێوە دیارنەبـێت.

ب / ئەگەر لـەو جلانە بێت کەبەشـی خوارەوەی مرۆڤ ئەپۆشێت وەک پانتۆڵ و شەرواڵ ئەوا پێویستە بشۆردرێت چونکە ئـەوان خۆیان لەپیس ـی پاک ناکەنەوە .

وانەی چوارەم

بەشی چونە سەر ئاو

قضاء الحاجة

مەبەست پێی میزکردن و فرێدانی پاشەڕۆیە ئادابەکان ی دەست گەیاندن بەئاو لەشەریعەت ی ئیسلام دا بریتیە لە چەند ئادابێک هەنێکی واجب ە وهەنێکی سونەتە وهەنێ شت هەن لەکاتی دەست گەیاندن بەئاو کردنی حەرام ئەبێت یان کەڕاهەتی هەیە.

- واجبە خۆلادان لەچاوی خەڵکی وخۆحەشاردان لەجابرەوە الله لێی ڕازی بێت ئەفەرموێت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەرکات ویستبای دەست گەیەنێت بەئاو :

(انطلق حتى يغيب فلايرى)

[رواه ابن ماجه وهو صحيح]

واتــا : دەڕۆشت تا لەچاو ون ئەبوو و نەئەبینرا .

- حەرامە دەرخستن و پیشاندانی عەورەت کەخەڵکی ببینێت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی :

(لا ينظر الرجل الى عورة رجل ولا تنظر المراة الى عورة المراة)

[رواه مسلم]

واتــا : باهیچ پیاوێک سەیری عەورەتی پیاوێکی تر نەکات وهیچ ئافرەتێکیش سەیری عەورەتی ئافرەتێکی ترنەکات .

- قسەکردن لەکاتی قەزای حاجە حەرامە مەگەر بۆ پێویستیەک نەبێت وەک لە ابن عمر گێڕدراوەتەوە کە ئەفەرموێت پیاوێک بەلای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تێپەڕی لە کاتێکدا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم میزی ئەکرد پیاوەکە سەلام ی کرد پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وەڵامی نەیایەوە . [رواه مسلم] (وەڵامدانەوەی سەلام واجبە جاگەر واجبێک وەڵام نەیاتەوە مانای وایە قسەکردن لەوکاتەدا حەرامە)

- **سونەتە لەکاتی چونە سەرئاوکردن بڵێی :**

(بسم الله اللهم انی اعوذ بک من الخبث والخبائث)

[رواه البخاری ومسلم]

واتــا : بەناوی الله پەروەردگارم پەنا بەتۆ ئەگرم لەشەیتانی نێر ومێ .

- **سونەتە لـەکاتی هاتنەدەرەوەدا بڵێی (غفرانک) داوای لێخۆشبونت لێ ئەکەم.**

[رواه ابو داود والترمذی]

- **سونەت وایە بەپێی چەپ بچیتە ژورەوە بۆ سەرئاوگرتن و بەپێی ڕاست بێیتە دەرەوە ئەمەش بە قیاسکردن ـی شێوازی چونە مزگەوت "کە لەسونەتدا هاتوە کەبەپێی ڕاست بچیتە مزگەوتەوە بەپێی چەپ بێیتە دەرەوە" وە لەسونەت ـدا بەڵگە هاتوە لەسەر ڕێزگرتن لە ڕاست بۆیە سونەتە لەکاتی چونە سەرئاو بەپێی چەپ بچیت چونکە شوێنی میزکردن و پاشەڕۆیە وە بەپێی ڕاست بێیتە دەرەوە چونکە بەم شێوە کاملتر و تەواوترە.**

- **حەرامبون ـی ڕووکردنە قیبلە وپشت کردنە قیبلە لەکاتی میزکردن وپاشەڕۆکردن بەبەڵگەی فەرموودەی :**

(اذا اتیتم الغائط فلا تستقبلوا القبلة ولا تستدبروها ولکن شرقوا او غربوا)

[البخاري ومسلم]

واتــا : کاتێک دەستان بەئاو گەیـان نەڕووکەنە قیبلە نەپشتی لێ کەن بەڵکو ڕوو لەژۆژ هەڵات ورۆژ ئاوابکەن.

ئەم فەرموودە بۆ دەست بەئاو گەیاندنە لەدەشت ودەر بەبێ خیلاف بەڵام سەبارەت بە ماڵ و دیوار و باڵەخانەکان هەنێـک لە زانایان ڕێگەی یاوەتێ بەهۆی ئەو فەرموودەیەی ابن عمر کە فەرموویەتی ـی کاتێک لەماڵ ـی حەفصەی خێزانی پێغەمبەربووم صلی الله

علیه وسلم سەرکەوتم بۆسەربان ی ماڵەکە لەسەربانەوە بینیم پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەست ی بەئاوئەگەیاند پشت ی لەقیبلە بوو ڕووی لەشام بوو :

(يَقضي حاجَتَه مُستَدبِرَ القِبلةِ، مُستَقبِلَ الشَّأمِ)

[رواه البخاری ومسلم]

واتــا : باشتر وایە تەنانەت لەماڵەکانیشدا پشت و ڕوو نەکرێت لەقیبلە.

- **حەرام ـە میزبکەیتە ناوی ئاوی وەستاو چونکە :**

(نهی النبی صلی الله علیه وسلم ان یبال فی الماء الراكد)

[رواه ومسلم]

واتــا : پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نەهیکردووە میزکرێت لەناو ئاوی وەستاو

- **حەرامبـون ی گرتنی ئەندامی میزکردن لەکات ی میزکردندا بەدەست ی ڕاست ونەشۆرینی بەدەست ی ڕاست لەبەرئەوەی لـەفەرمووده هاتوه :**

(لايمسكن احدكم ذكره بيمينه وهو يبـول ولا يتمسح من الخلاء بيمينه)

[متفق علیه]

واتــا : باهیچ یەکێـک لە ئێوە دەست ی ڕاستی نەیات لەئەندامی میزکردن ی کاتێک کە میزەکات وە بەدەست ی ڕاستیش خۆی پاک نەکاتەوە لەکاتی سەرئاوکردن .

- **دەست گەیاندن بەئاو وسەرئاوکردن حەرامە لەسەر ڕێگای گشت ی یان سێبەر یان شوێنەکانی سەرچاوەی ئاو لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە فەرموویەت ی :**

(اتقـوا الملاعن الثلاث البراز في المــوارد وقارعة الطريق والظل)

[ابو داود وصححه الحاکم]

- **خۆتان بپارێزن لەو سێ شتە ئەبنە هۆی نەفرەت لێكردنتان لەلایەن خەڵكەوە سەرئـــاووكردن لەسەرچـــاوەكان ی ئاو و لەسەر ڕێگای هاتووچۆی خـــەڵكی و لە سێبەر.**

- **نەهیكراوە لەمیزكردنە كون وقوژبـن بەبەڵگەی فەرموودەی :**

(نهَى أن يُبالَ في الجُحرِ)

[رواه احمد وصححه]

واتـا : نەهیكردوە لەوەی لەكون وقوژبندا میزبكرێت.

- **پـاشان الاستنجاء و الاستجمار**

الاستنجاء : بریتیە لەسڕینەوەی ئەو پیسیەی لەپاش وپێش دەرئەچێت بـائاو

الاستجمار : بریتـیە لەسڕینەوەی ئەو پیسیەی لە پاش وپێش دەرەچێت بەبەرد وهاوشێوەكان ی جیاوازی نێوان ئەم دووپاكردنەوەیەش ئەوەیە لە لە الاستنجاء پێویستیە پیسیەكە بەتەواوی لاببرێت بەڵام لە الاستجمار قورس وناڕەحەتە هەموو پیسیەكە بەتەواوی لابەرێت.

هەریەكەیـان جێگەی ئەوی تریان ئەگرێتەوە چونكە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەردووكی كردوو وەک لەهەردوو صەحیحەكەیـا هاتوە كە ئەنەسەوە كەئەڵێت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم :

(كان يدخل الخلاء فاحمل اداوة من ماء فيستنجي بالماء)

واتـا : كاتێک چووبا بۆسەرئاوكردن ئاوی هەڵئەگرت بۆئەوەی خۆی پێ پاک بكاتەوە

هەروەهـا ئیمام ی بوخاری لە ابن مسعود گێڕاویەتیەوە :

(اتى النبى صلى الله عليه وسلم الغائط فأمرنى ان اتيه بثلاث احجار)

واتـا : پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم چوو بۆسەرئاوكردن داوای لێكردم سێ بەردی بۆبەرم.

وە بەکارهێنانی ی شتی تریش بۆ استجمارکردن ئەبێت گەر پاک بێت وەک کلێنس وقوماش وهاوشێوەکان ی چونکە مەبەستەکە بریتیە لەپاکردنەوە.

مەرجە بۆ الاستجمارکردن کەمترنەبێت لەسێ جارسڕین : وەهەروەها نابێت ئێسقان وشتی پیس وپاشەڕۆی ئاژەڵ بەکاربهێنرێت لەبەر فەرموودەکەی سلمان الله تعالی لێی ڕازی بێت :

(نهانا رسول الله صلى الله عليه وسلم ان نستنجى باليمين او ان نستنجى باقل من ثلاثة احجار او ان نستنجي برجيع اوعظم)

[رواه ومسلم]

واتــا : پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەهی لێکردووین لەوەی دەست ی ڕاست بەکاربهێنین بۆخۆپاکردنەوە وەنەهیکردوە لەخۆپاکردنەوە بەکەمتر لەسێ بەر وە نەهی کردووە خۆمان بەپیسایی ئاژەڵ یان ئێسقان پاک بکەینەوە.

وانەی پێنجەم

سونەتەکانی فیطرەت

لە **عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە** ئەفەرموێت پێغەمبەر **صلی اللە علیە وسلم** فەرموویەت ی :

(عشــر من الفطرة قص الشــارب واعفاء اللحية والسواك واستنشاق الماء وقص الاظفار وغســل البراجم ونتف الابط وحلق الــعانــة وانتقاص الماء)

دە(10)شــت لە فیطرەتـن

١- کورتــکردنەوەی سمێڵ

٢- ڕیش هێشتنەوە وبەردانەوەی ڕیش

٣- سیواک کـردن

٤- ئاو لەلوت وەردان

٥- نینۆکـکردن

٦- شۆردن ی جومگە وخەت ی سەر پەنجەکان

٧- هەڵکێشـان ی مووی بن باڵ

٨- تـاشین ی مووی داوێـن

٩- وخۆپـاکردنەوە بەئاو لەکاتی سەرئاوگرتـن

١٠- **موصعەب** کە گێڕاوەی فـەرموودەکەیـە ئەفەرموێت دەیەمم بیرچوو پێم وابێت ئـاو لەدەم وەردانە

لـە **ابی هریرەوە** هـاتوە اللە تـعالی لێی ڕازی بێت پێغەمبەر **صلی اللە علیـە وسلم** فەرموویەت ی :

(خمس من الفطرة الاستحداد والختان وقص الشارب ونتف الابط وتقليم الأظـافر)

[البخاري ومسلم]

واتـا : پێنج شت لەفیطرەت لابردن مووی داوێن وخەتەنەکردن وسمێڵ کورتکردنەوە و هەڵکێشان ی مووی بن باڵ ونینۆککردن .

الاستحداد : بریتیە لەتاشینی مووی داوێن و مووەکانەی دەوروبەری عەورەت

الختان : بۆنێر بریتیە لە لابردن ی ئەو پێستەی سەر ئەندامی نێرینە تا سەری ئەندامەکە دەرکەوێت

– بۆ مێینەش بریتیە لە بڕین ی پارچە گۆشتێکی زیادە لەسەرووی شوێن ی جوتبوون کەوەک کەڕۆی کەڵەشێر وایە (ئەم خەتەنەکردنەش بۆ پیاوان واجبە بۆ ئافرەت سونەتە)

- **قص الشارب** : دروستە بتاشرێت یان کورتکرێتەوە تائەو ئاستەی لێواری لێوو دەرەکەوێت

- **اعفاء اللحیة** : بریتیە لەوازهێنان لە ڕیش و درێژکردن ی و کورتنەکردنەوەی ودەستکاری نەکردن ی وە فەرمان هاتوە بە کورتکردنەوەی سمێڵ و ڕیش هێشتنەوە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەت ی :

(احفوا الشارب واعفوا اللحی)

[مسلم]

واتا : سمێڵ کورتکەنەوە و ڕیش بەردەنەوە ودرێژی کەن .

- **تقلیم الأظافر** : بریتیە لەنینۆککردن

- **نتف الإبط** : بریتیە لە هەڵکەندنی مووی بن باڵ لەڕەگەوە ئەوەی پێویستە بریتیە لەلابردن ی مووی بن باڵ باشتریش وایە لابردنەکە بەهەڵکێشان بێت وە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کات ی بۆ داناوین بۆ کورتکردنەوەی سمێڵ و تاشینی مووی داوێن و هەڵکەندن ی مووی بن باڵ کەلە (چل ڕۆژ) زیاتر تێنەپەڕێت [ابن ماجە ڕیوایەی ی کردووە ئەصلەکەی لەمسلم هاتوە]

- **السـواك** : بریتیـه لەبەکارهێنانی دارێک بۆپاکردنەوەی دان ولابردنی پاشماوەی خواردن ی ناو دانەکان ولابردن ی بۆنی ناخۆش ی ناو دەم

ئەمەش سونەتێکی جەخت لەسەرکراوە تەنانەت بۆ ڕۆژوانیش پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی :

(السـواك مطهرة للفم مرضاة للرب)

[رواه احمد والنسائی]

واتـا : سیـواک دەم ودان پاک ئەکاتەوە وهۆکارە بۆ ڕازیبون ی الله تعالی.

ئەوکـاتانەی سونەتە تێیدا سیواک بکەیت

- ✓ کات ی هەستان لەخەو
- ✓ کاتی دەست نوێژ گرتن
- ✓ کات ی نوێژکردن
- ✓ کاتی چونە ماڵەوە
- ✓ لەکات ی سەرەمەرگ
- ✓ کات ی گۆڕانی بۆن ی دەم

الاستنشاق : بریتیە لە هەڵمژینی ئاو بەلووت بۆبەشی سەرەوەی لـووت بەهەناسە ڕاکێشان

المضمضة : بریتیـە لەجوڵاندنی ئاو لەناو دەم

غسل البراجم : بریتیە لەشۆرینی جومگەکان ی پەنجەکان

انتقاص الماء : بریتیـە لە خۆپاکردنەوە بەئاو لەکاتی دەست بەئاوگەیاندن

بـابەتی دەست نـوێژ

دەست نوێژ (الوضوء) : لە زماندا لە (الوضاءة) هاتووە کەبەمانای پاکوخاوێن ی وجوانی یەت

لەشـەریعەتدا : بریتیـە لەبەندایەتیکردن بۆاللە تعالـى بەشۆرین ی ئەندامی تایبات بەشێوازی تایبەت بەنیەتێکی تایبـەت

حوکمـەکەی واجب ـە بە ئیجماع بۆ ئەوکەسەی ئەیەوێ نوێژ بکات و دەست نوێژی نیـە یـان بیەوێ طەواف بکات یـان دەست با لەقورئان لـەسەر وتەی ڕاجح ی زاناکان بەڵگەش قـال اللە تـعالــى :

{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ ۚ وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا ۚ وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ ۚ مَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ }

[ســـورة المائدة : 6]

واتــە : ئەی ئەوانەی باوەڕتـان هێناوە هەرکە ویستان هەستـن بۆ نوێژو دەستنوێژتـان نەبوو دەم و چاوو دەستتان لەگەڵ ئانیشکتاندا بشۆرن و مەسحی سەرتان بکەن پێتان لەگەڵ قوولە پێیەکانتاندا بشۆرن جا ئەگەر لەشگران بوون، دەبێ تەواوی جەستەو تەنتان بشۆرن و خاوێنی کەنەوە خۆ ئەگەر نەخۆش بوون بەکارهێنانی ئاویش زیانی دەبوو بۆتان وە یان لە سەفەردا بوون وە یان یەکێکتان لـەسەرئاوکردن هاتەوە یان

لەگەڵ هاوسەرتان سەرجێیتان کرد و ئاویشتان دەست نەدەکەوت بۆخۆشۆرین یان بۆ دەستنوێژ ئەوکاتە بە تۆزێکی پاک تەیەموم بکەن ڕوومەت و دەستی خۆتانی پێ (مەسح) بکەن وە الله تعالی نایەوێ لە دینداریيدا هیچ جۆرە نارەحەتیەک بخاتە سەرشانتان بەڵکو ئەیەوێ لەگوناهو تاوان پاکتان بکاتەوە و بە تەواوی بەخششی خۆی بەسەرتانا برێژێ بەڵکو سوپاسی چاکەو نیعمەتەکان ی بکەن.

لەسونەت ابى هريرة گێڕاویەتیەوە لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی :

(لا يقبل الله صلاة احدكم اذا احدث حتى يتوضأ)

[متفق عليه]

واتا : الله تعالی نوێژی هیچ یەکێکتان وەرناگرێت کاتێ دەست نوێژی شکابێت تادەست نوێژ ئەگرێتەوە . (زانایان کۆکن لەسەر شەرعیەت ی دەست نوێژ)

■ مەرجەکانی دەست نوێژ

١- نیەت : لەبەر فەرموودەی :

(انما الأعمال بالنيات)

[متفق عليه]

واتا : کردارەکان بەنیەت ن وە جێگەی نیەت لە دڵدایە و دروست نیە بەزمان بوترێ نیەتم هێنا چونکە لە پێغەمبەرەووە صلى الله عليه وسلم نەهاتوە. (واجبە لەگەڵ دەست پێکی یەکەم واجب ی دەست نوێژ نیەت بهێنێت)

٢- ئاوی پاک : چونکە ئاوی پیس دەستنوێژگرتن پێی دروست نیە

٣- لابردن ی هەرشتێک کەرێگری لەگەشتنی ئاو بکات بەپێست : وەک هەویر یان هەرشتێک بەربەست بێت لەگەشتنی ئاو بەئەندامەکە

وانەی شەشەم

بــەشی شێوەی دەست نوێژگــرتن

شێوەی دەست نوێژگـرتن

دەست نوێژ دوو شێوازی هـەیە : شێوازی کـەمال و شـێوازی بەجێ گەیـاندنی ئەرکـەکە

شێوازی کـەمال ئەوەیـە نیەت بهێنێت پـاشان بسم الله بـکات پـاشان سێ جار دەستەکانی بشـۆرێ پاشان سـێجار ئاو لـەدەم ولـوتی وەربـات و پاشـان سێجار ڕووخساری بشـۆرێت پـاشان دەستەکانی لـەگەڵ ئەنیشکدا سێجـار بشـۆرێت و پاشان مەسح ـی سەری بکات بەتەواوی لە پێشەوە بۆ پـشتە سەری مەسح ـی بکات و لەگەڵیـدا یەکجار مەسح ـی گوێچکەکانی بـکات پاشان پێیەکانی بشۆرێت تاقولە پێیەکان ـی سێجار.

شـێوازی دووەم : شـێوازی بەدیهێنانی ئـەرک هەمان شـێوازی کەمالە بـەڵام ئەوەی تێدایـە کەتەنـها یەکجار ئەندامەکان ئـەشۆرێت.

■ فـەرزەکانی دەست نوێژ شـەش شتە

شۆریـنی ڕووخسار ئاو وەردانە دەم ولـوت بەشێکن لـە ڕووخسـار چونکە دەم ولـوت لەڕووخسـارن الله تعالی ـش لەبارەی دەستنوێژەوە فـەرموویەت ـی : (فأغسلوا وجوهكـم)

واتـــا : ڕووخســارتان بـشۆرن

وەلە دوو صەحیحەکەدا هاتوە پێغەمبەر صلى الله علیــه وسلم فـەرموویەت ـی :

(اذا تـوضأ احدكـم فليجعل فی انـفه ماء ثـم لينتثر) **وفەرموویەتی :** (اذا توضأت فمضمض)

[رواه ابـو داود وصححه الحافظ ابن حجـر]

واتــا : ئـەگەر کەسێ لەئێوە دەست نوێژی گرت بـائاو لەلوت ـی وەربات وپاشان فڕێی بات وە فـەرموویەت ـی گەر دەست نوێژتگرت ئاولـەدەمت وەربە .

الغسل الوجه : بريتيـه لـەوەی ئاو بەيت بـەسەر ڕووخسارتدا

المضمضة : بريتيـه لەئاو لەدەم وەردان و جوڵاندنی لەناو دەمدا

الاستنشاق : بريتـيه لەڕاكێشان ی ئاو بەلوتدا (باشـتر وايـه پێش شۆرينـی دەمچاو ئەمە بكرێت گەر دواشی بخات بۆ دوای دەمچاو شۆرين دروستـه)

الوجـه(ڕووخسـار) : ئەوبەشەيـه كەبەرامبەر و ڕووبەڕووی پێ ئـەكرێت (درێژی ڕوخسار لەشوێن ی ئاسای ڕوانينـی قژی ناوچاوانی سەر دەست پێ ئەكات تا خوارەوەی ڕيش وچـەناگە پانيـەكەشی لـە گوێچكەوە بۆ گوێچكەی تـرە) گەر كـەسێ ڕيش ی هەبـێت بەڵام ڕيشی تەنک بێت بەجۆرێ پێست ی ڕووخساری دياربێت ئەوا ئەبێت ئاو پێست ی ژێر ڕيـشەكەش بشۆرێت لـەگەڵ ڕيشەكەدا بـەڵام گەر ڕيشەكەی پڕبـوو پێست ی شاردەوە ئەوا تـەنها ڕووی دەرەوەی ڕيشەكە ئەشۆرێت پێويـست ناكات بەتـەنها وجياواز لـە ڕووخسار بيشۆرێت

- شۆرين ی هەردوو دەست تا ئەنيشكەكـان بـەڵگەش وتەی الله تـعالى ـه :

{ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ }

[ســـورة المائدة : 6]

واتـه : دەستەكانتان بـشۆن تاوەک ئەنيشكەكانتان

المرفق : ئەو جومگەيـەيه لەنێوان باڵ ومـەچەكـی ـدەست ـدايە.

- سڕين ی هەموو سەر وە گوێچكەكان بەشێكن لەسەر بەڵگەش وتەی الله تعالى :

{ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ } [ســـورة المائدة : 6]

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فـەرموويەت ی : (الأذنان من الرأس)

[رواه ابن ماجة بسند حسن:]

مەسحکـردنی سـەر : بریتیە لەوەی دەست ـی تەڕ بهێنیت بەسەر سەردا وتێیپێیەڕێنی بەسەر سەردا (جیاوازی نێوان مەسح و غەسل ئەوەیە مەسحکردن پێویست ـی بەڕێکردن ـی ئاو نیە بەڵکو هەر ئەوەندەی بەسە دەستت بکەیتە ناو ئاویکەوە پاشان دەستت بهێنیت بەسەرتا ومەسح ـی سەری پێ بکەیت)

- شۆرینی دوو پێیەکان تا قولە پێیەکان بەڵگەش وتەی الله تعالی یە :

{ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْ }   [ســورة المائدة : 6]

واتـه : قولە پێیەکان بریتین لەو دوو ئێسکە دەرپەڕیوەی کەلەهەردوو لا جومگەی نێوان قاچ و پێ ـدایە .

- **الترتيب** : ڕیزبەندی بریتیە لەوەی هەر ئەندامێک لەجێگەی خۆی بشۆریت لەدەمچاو دەست پێ بکەیت پاشان دەستەکان پاشان سەر پاشان پێیەکان چونکە الله تعالی بەڕیزبەندنی شۆرین ـی ئەم ئەندامانەی ڕێکخستوە کەفەرموویەت ـی :

{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْ }   [ســورة المائدة : 6]

واتـه : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەرکە ویستان هەستـن بۆ نوێژو دەستنوێژتان نەبوو دەم و چاوو دەستتان لەگەڵ ئانیشکتاندا بشۆرن و مەسحی سەرتان بکەن پێتان لەگەڵ قوولە پێیەکانتاندا بشۆرن.

بەڵگەش لەئایەتە ئەوەیە تێکەڵکردن ـی مەسح لە نێوان شۆردنەکان هیچ واتایەک ناگەیەنێت تەنها ئەوەنەبێت کەمانای ڕیزبەندیکردن ئەگەیەنێت لە شێوازی دەستنوێژگرتن بەو ڕیزبەندیە

وە بەڵگەش لەسونەت ئەوەیە هەموو ئەوانەی وەسفی شێوازی دەست نوێژگرتنی پێغەمبەریان کردوە **صلى الله عليه وسلم** هەموویان کۆڕان لەسەر ئەوەی کەبەو ڕیزبەندیە دەست نوێژی گرتوە کە لەئایەتەکەدا باسکراوە.

- **الموالاة** : بەدوای یەکدا هاتن مانای ئەوەیە شۆرینی هیچ ئەندامێک دوانەخرێت تا ئەندامەکەی پێش خۆی وشک ئەبێتەوە چونکە دەست نوێژ عیبادەتێکە پێویستە سەرەتاکەی وکۆتایەکەی بەیەکەوە ببەسترێتەوە ئەگەر بەوشێوە نەبێت ئەوا ناونانرێت بەدەست نوێژی شەرعی

پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** کەدەست نوێژی گرتایە بەدوای یەکدا ئەندامەکانی ئەشۆری وشۆردن ی نێوان ی هەرئەندامێک بۆ ئەندامی دوواتر نێوانی تێ نەئەخست.

ابو داود گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** پیاوێکی بینی نوێژەکات بەڵام بەئەندازەی درهەمێک پشتە پێی تەڕنەببوو فەرمانی بە پیاوەکە کرد کەدەست نوێژ ونوێژەکەش ی دووبارە کاتەوە.

گەر شۆرینی بەدوای یەکداهاتن لەدەست نوێژ ڕوکنی دەست نوێژ نەبوایە ئەوا فەرمانی پێ ئەکرد تەنها پێیەکان ی بشۆرێت نەک فەرمانی پێ بکات هەموو دەست نوێژەکەی دووبارەکاتەوە .

بەشی واجبەکانی دەست نوێژ

بسم الله کردن لـەسەرەتاکەیـدا لەبەر فەرموودەی :

(لاوضوء لمـن لم يذكر اسـم الله عليه)

[رواه احمـد والترمذى وحسنه بعض العلمـاء]

واتـە : دەست نوێژ نیـە بۆ ئەوکەسەی ناوی الله ی لەسەر نەهێنابێت

– هەرکەس بـەئەنقەست واز لەوتنی بسم الله بهێنێە ئەوە دەست نوێژەکەی بەتاڵـە بەڵام ئەوەی بەلەبیرچونەوە نەیڵێت ئەوە دەست نوێژەکەی دروسـتە گەر لـەکاتی دەست نوێژگرتن یادی هاتەوە ئەوا بسم الله ئەکات ودەست نوێژەکەی کامڵ ئەکات و پێویست ناکات دووبارەی کاتەوە.

بەشی سونەتەکانی دەست نوێژ

- **سیواککردن پێش دەست نوێژگرتن لەبەر فەرموودەی :**

(لولا ان اشق على امتى لأمرتهم بالسواك مع كل وضوء)

[احمد ومالك والنسائى بسند صحيح]

واتا : اللهگەر قورس نەبوایە لەسەر ئومەتەکەم فەرمانم پێ ئەکردن بەسیواکردن لەگەڵ هەموو دەست نوێژێکدا

- **شۆردن ی هەردوو دەست سێجار لەسەرەتای دەست نوێژگرتن بەهۆی کرداری پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەڵام گەر پیس ی پێوە بێت یان شتێکی پێوە بێت ڕێگری بکات لەگەیشتنی ئاو بەپێست لەوکاتەدا شۆرینی واجبە وەهەروەها کاتێ مرۆڤ لەخەو هەستا ویست ی بخاتە ناو دەفرێکەوە واجبە پێشەوە دەستەکانی بشۆرێت لەبەر فەرموودەی :**

(اذا استيقظ احدكم من نومه فلا يغمس يده فى الاناء حتى يغسلها ثلاثة فانه لايدري اين باتت يده)

[رواه مسلم]

واتا : گەر یەکێ لەئێوە هەستا لەخەو بادەست نەخاتە ناو دەفرەکەوە تاوەکو سێجار دەست ی ئەشۆرێت چونکە کاتێ کەخەوتوە نازانێت دەست ی لەکوێ بوە.

- **موبالغەکردن لە الاستنشاق بۆ کەسێ بەڕۆژوو نیە (موبالغەکردن لە ئاو وەردانە لوت بەواتای ئەوەی ڕاکێشانی ئاو بەهەناسە بۆ قوڵای لوت) لەبەر فەرموودەی :**

(وبالغ فى الاستنشاق الا ان تكون صائما)

[رواه ابو داود والترمذى وابن ماجة بسند صحيح]

■ **پەنجە کردن بەناو ڕیشی پڕ وچڕ بەڵگەش فەرموودەکەی عثمان و عماری کوڕی یاسرە الله لێیان ڕازی بێت :**

(کان النبی صلى الله علیە وسلم یخلل لحیتە فی الوضوء)

[رواە الترمذی وصححە ابن خزیمە]

واتا : پێغەمبەر صلى الله علیە وسلم کەدەست نوێژی هەڵئەگرت پەنجەکانی دەستی ئەهێنا بەناو مووەکانی ڕیشیدا.

■ **پەنجە هێنان بەنێوان پەنجەکانی دەست و پێیەکان لە لقیط ی کوڕی صبرە ئەفەرموێت :**

(قال النبی صلى الله علیە وسلم اذا توضأت فخلل الأصابع)

[رواە الترمذی وصححە ابن خزیمە]

واتا : گەر دەستنوێژت گرت ئەوا پەنجە بکە بەناو پەنجەکانی تر وپەنجە بهێنە بەنێوان بەپەنجەکاندا.

لە المستورد ی کوڕی شداد هاوەڵی پێغەمبەر صلى الله علیە وسلم فەرموویەتی پێغەمبەرم بینی صلى الله علیە وسلم کەدەستنوێژی هەڵەگرت پەنجە بچوکەکەی دەستی ئەهێنا بەنێوان پەنجەکانی پێیدا.

■ **کردن ی ئەو زیکرەی لەپێغەمبەرەوە هاتوە صلى الله علیە وسلم لەپاش دەستنوێژ فەرموویەتی:**

(مامنکم من احد یتوضأ فیبلغ او فیسبغ الوضوء ثم یقول اشهد ان لااله الاالله وان محمدا عبدالله ورسولە الا فتحت لە ابواب الجنة الثمانیة یدخل من ایها شاء) (اللهم اجعلني من التوابین واجعلني من المتطهرین)

[رواە مسلم]

واتــا : هەریــەکێک لەئێوە دەست نوێژێکی جوان وڕێک وپێک هەڵگرێت پاشان بڵێت شاهێدی ئەیەم هیچ پەرستراوێک بـەهەق نیە شایستەی پەرستن بێت تەنها الله تعالی نەبێت وە شاهێدی ئەیەم محمد بەندە و نێردراوی الله یە ئەوا هەر هەشت دەرگای بەهەشتی بۆئەکرێتەوە لەکامەی ویست ـی لێ بێت ئەچێتە ژوورەوە) وەهەروەهـا (پەروەردگارا بمکـەرە یەکێک لـەتەوبەکاران و پاکبوەکان)

وانەی حەوتەم

لەبابەتە فقهیەکان

بابەتە فقهیەکان

پێویستە دەستنوێژ بەجوان ی بگریت وئاگاداربیت لەکەمتەرخەمیکردن لەشۆرین ی ئەندامەکان بەتایبەت ئەو جێگایانەی کەئاو نایانگرێتەوە وەک خەت ی سەرپەنجەکان و پشتەوەی پێیەکان وگۆشەی چاو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی :

(ويل للاعقاب من النار) [رواه بخاری مسلم]

واتا : هاوار بۆ ئەو پاژنە پێیانە (کە جوان ناشۆرێن بۆدەست نوێژ هاوار بۆیان) لەئاگر.

وە ابی أمامە لەبارەی شێوازی دەست نوێژی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (كان يمسح المأقين) [رواه احمد وابن ماجه]

واتا : پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم گۆشەی چاوەکان ی مەسح ئەکرد بەدەست ی.

– بەهەمان شێوە پێویستە مرۆڤ خۆی بپارێزێت لەوەسوەسە وزیادەڕەوی لەئاو بەفیرۆدان لەکاتی دەست نوێژگرتن

– وە هەروەها دروست نیە شۆردن لەسێ جار زیاتر بەکاربهێنێت وەک احمد وجگە لەویش بەسەنەدی حەسەن ڕیوایەتیان کردوە کە دەشتەکیەک هات بۆلای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پرسیاری دەست نوێژی کرد پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم چۆنیەتی دەستنوێژگرتنی پیشان یا سێ جار سێ جار لەشۆرینی ئەندامەکان وفەرمووی : (هذا الوضوء فمن زاد على هذا فقد اساء وتعدى وظلم)

واتا : ئەمە دەستنوێژە هەرکەس لەمە زیاتر بکات ئەوە خراپ و دەست درێژی وستەم ی کردووە .

بــەشی هەڵوەشێنەوەكانی دەست نوێژ

نواقــض الوضـوء : بریتیـە لەو شـتانەی كەدەست نوێژ هەڵ ئەوەشێنێتەوە وتێكی ئەیـات ئەوانەش بریتین لـە

- دەرچونی شـتێك لەپاش وپێش واتـا لەدەرچەی كۆم و میز هەرشـتێك دەرچێت جاكەم بێت یان زۆر وەك میز وپاشـەڕۆ ومەنی ومەذی وخوێن ی الاستحاضة وبا لەبەر وتەی الله تعالی كەفەرموویەتی :

{أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ} [سورة النساء : 43]

وە هەروەها فەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم كەفەرموویەتی :

(لایقبل الله صلاة احدكم اذا احدث حتى یتوضأ) [متفق علیه]

واتـا : الله تعالی نوێژی هیچ یەكێك لەئێوە وەرناگرێت كـاتێ دەست نوێژی شكاوە تـائەوكاتەی دەست نوێژ هەڵگرێتەوە

- دەرچون ی میز و پاشـەڕۆ لەهەر جێگەیەكی جەستە دەرچێت دەست نوێژ ئەشكێنێت چونكە ئەگەر دەرچە ئاسایەكەی خۆی دابخرێت ولەجێگەیەكی ترەوە كون ی بۆبكرێتەوە تا میز وپاشـەڕۆ فڕێ بات ئەوا هەمان حوكم ی دەرچەی هەیە لەڕووانگەی دەرچونی میز وپیسایی نەك لـەڕوانگەی دەست لێدانی ئەو شوێنە تازەیە چونكە دەست لێدانی دەست نوێژ ناشكێنێت .

- لەدەستدان ی ئەقـڵ بەشێت بوون یان بەلەهۆش خۆچون یان سەرخۆشـبوون یان خەوتن بەڵگەش لـەسەر ئەمە فەرموودەكەی صفوان ی كوڕی عسال ـە فەرمووی (پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمانی پێكردیـن كە لەسەفەردابـووین بۆ ماوەی سێ شەو و ڕۆژ

خفەکانمان دانەکەنین تەنها بۆ حاڵەت ى لەشگران بوون نەبێت بەڵام فەرمانی نەکردوە بۆ کات ى پاشەڕۆفرێ یان ومیزکردن وخەوتن دایکەنین (بەڵکو تەنها مەسح ى لەسەرئەکرێتەوە) [رواه احمد وصححه الترمذی]

- ئەوخەوتنەی دەست نوێژ هەڵ ئەوەشێنێتەوە بریتیە لەوخەوە قوڵەی کەخاوەنەکەی کەسەکە هیچ هەستێکی نامێنێت بەدەوروبەرەوە بەڵام خەوی سووک دەست نوێژ ناشکێنێت چونکە هاوەڵان الله تعالی لێیان ڕازی بێت سەریان شۆڕ ئەبووەوە بۆخوارەوە بەهۆی خەوەوە لەکاتی چاوەڕێکردنیان بۆنوێژ لەکاتی نوێژەکەش نوێژیان ئەنجام ئەیا ودەست نوێژیان دووبارە نەئەگرتەوە . [رواه ابو داود بسند صحیح]

- خواردن ى گۆشت ى وشتر لەبەر فەرموودەکەی جابر ى کوڕى سمرة کەپیاوێک پرسیاری لەپێغەمبەر کرد صلی الله علیه وسلم ئایا دەست نوێژبگرمەوە دوای خواردنی گۆشت ى مەڕومالات ؟ فەرمووی : (ان شئت فتوضأ وان شئت فلا توضأ)

واتە : گەر ویستت دەست نوێژگرەوە گەرنەشت ویست دەستنوێژهەڵمەگرەوە پیاوەکە وتی (دەست نوێژبگرمەووە لەگۆشتی وشتر ؟ فەرمووی (نعم) بەڵێ . [رواه مسلم]

- هەموو ئەوەی کە غوسلکردن واجب ئەکات وەک دەرچون ى مەنی و حەیض و نفاس و جیماع .

ئەوشتانەی دەستنوێژگرتن بۆی واجبە

■ نـوێژ لەبەر فـەرموودەی : (لايقبل الله صلاة احدكم اذا احدث حتى يتوضأ) [البخارى]

واتـە : الله تعالـى نوێژی هیچ یەکێـک لەئێوە وەرناگرێت کـاتێ دەست نوێژی شکاوە تائەوکاتەی دەست نوێژ هەڵەگرێتەوە .

■ **طەوافـکردن بەدەوری کەعـبە لەبەر فەرموودەی :**

(والطواف بالبيت صلاة الا ان الله اباح فيـه الـكلام) [رواه الترمذي]

واتـە : طەوافـکردن بەدەوری کەعبەدا نـوێژە تەنها ئەوەیە الله تعالـى قسەکردن ی تێدا حەڵاڵکردووە . (وە جێگیربوە لەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ویستویەت ی طەواف بکات سـەرەتا دەست نوێژی هەڵگرتوە پاشان طەوافی کردووە) [رواه البخاري]

■ **دەستدان لـەقورئان لەبەر وتەی الله تعالـى :** { لَّا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ }

[سورة الواقعة : 79]

دەست ی لێ نادرێت تەنها پاکەکان نەبێت. وەهەروەهـا ئەوەی لە کتاب ی عەمری کوڕی حەزم هاتوە کەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نوسی بۆخەڵکی یەمەن تێیدا هاتوە (..الا يمس القران الا طاهر...) کەس دەست نەیات لە قورئان تەنها ئەوەنەبێت کەپـاکە وبەنوێژەوەیـە .

بـەشـی ئەوشتانەی سونەتە دەست نوێژی بۆ هەڵگریت

■ زیکری الله تعالی وخوێندن ی قورئان بەلەبەرکردنەوە چونکە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێی خۆش نەبوە زیکری الله تعالی بکات تەنها بەپاکی ودەستنوێژەوە نەبێت . ابو داود بەسەنەدی صەحیح ڕیوایەت ی کردووە

■ دەستنوێژگرتنەوە بۆهەموو نوێژێک لەبەر فەرموودەکەی ئەنەس ی کوری مالك :

(کـان النـبی صلی الله علیه وسـلم یتوضـأ عـند کل صلاة)

[رواه البخاري]

واتـا : پێغەمبەر صلی الله علیـه وسلم بۆهەموو نوێژێـک دەست نوێژی هەڵئەگرتەوە.

■ بۆکەسێک کەلەشگرانە کاتێ بیەوێ جیماع بکاتەوە یان بخەوێت یـان بخوات لەبەر فەرموودەی : (اذا اتـی احدکم اهله ثم اراد ان یعود فلیتوضأ)

[رواه مسلم]

واتـا : گەر یەکێ لەئێوە لەگەڵ هاوسەرەکەی جووت بوو ویست ی دووبارەی کاتەوە با دەست نوێژبگرێتەوە .

هەروەها وتەی دایکە عائیشە الله لێی ڕازی بێت کەفەرموویەت ی (پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم گەر لەجەنابەت بوایە بیویستایە بخوات یان بخەوێت ئەوە وەک دەستنوێژگرتنی نوێژ دەستنوێژی ئەگرت)

■ کاتی خەوتن لەبەر فەرموودەی : (اذا اتیت مضجعك فتوضأ وضوءك للصلاة) [رواه البخاري]

هەرکات چویتە سەر جێگەی خەوەکەت دەست نوێژبگرە وەک دەستنوێژگرتنت بۆ نوێژ.

وانـەی هەشتەم

لەبابەتە فقهیەکان

مەسح کـردن لـەسەر خوف

مەسح کردن لەسەر خوف

الخف : بریتیە لەوەی لەپێ ئەکرێت و دروستکراوە لەپێست

حوکمی مەسحکردن لەسەر خۆف : ڕوخسەتێکی شەرعیە لەڕووخسەتە شەرعیەکان کەشەرعی بوونی جێگیربوە بەفەرموودەی صەحیح وچەسپاو لە پێغەمبەرەووە صلی الله علیه وسلم لەکاتی نیشتەجێی ولەکاتی گەشتکردن (سەفەر).

■ زانایان ڕاجیاوازن ئایا مەسح لەسەر خوف باشترە یان شۆرینی پێیەکان؟

وتەی دروست ئەوەیە بەندە خۆی ناچارنەکات وخۆی نەخاتە ناو بارگرانیەوە وئەو دۆخەی تێیدا نەیگۆڕێت گەر خوفی لەپێ بوو بەدەست نوێژەوە لەپێی کردبوو ئەوا لەم باردۆخە باشترواییە مەسح لەسەر خوف بکات و داینەکەنێت بەڵام گەر خوف ی لەپێ نەبوو پێیەکانی بەدەرەوە بوو ئەوا ئەوە پێیەکانی ئەشۆرێت ئەرک نەخاتە سەرخۆی بەخوف لەپێ کردن چونکە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کەپێی بەدەرەوە بایە ئەرکی نە ئەهێنایە سەرخۆی بەخوف لەپێ کردن بەڵکو گەر پێی بەدەرەوە بایە پێیەکانی ئەشۆری وگەر خوف ی لەپێ با مەسح ی ئەکرد وداینەئەکەندەوە.

- بەهەمان شێوە مەسحکردن لەسەر گۆرەوی دروستە چونکە لەحوکم ی خوفدایە لە **موغیرەی کوری شوعبە** الله تعالى لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە : (کە پێغەمبەر **صلی الله علیه وسلم** مەسح ی لەسەر هەردوو گۆرەوی و نەعلەکانیدا کردووە)

[احمد وابن ماجه ڕیوایەتیان کردوە و لاوازی تێدایە]

- **ابن ابی شەیبە** گێڕاویەتیەوە : (ان ابا مسعود كان يمسح على الجوربين)

واتە : ابا مسعود مەسح ی لەسەر گۆرەوی کردووە

– لە **ابن عمر** گێڕدراوەتەوە وتویەتی : (المسح على الجوربين كالمسح على الخفين)

واتە : مەسح کردن بەسەر گۆرەوی وەک مەسحکردنە بەسەر خوف.

– وە **عطاء** فەرموویەتی : (المسح على الجوربين بمنزلة المسح على الخفين)

واتە : مەسح کردن لەسەر گۆرەوی لەڕیزی مەسحکردنە لەسەر خوف.

– لە **عبادی کوڕی ڕاشد** هاتوە ئەفەرموێت پرسیارم لە نافع کرد دەربارەی مەسحکردن لەسەر گۆرەوی ئەویش فەرمووی وەک مەسحکردنە لەسەر خوف .

[مصنف ابن ابی شيبة 1/187]

مەرجەکانی مەسحکردن لەسەر خوف یان (گۆرەوی)

- **لەپێکردنی بەدەستنوێژەوە لەبەر فەرموودەکەی موغیرە کەویست ی خوفەکەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم داکەنێت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێی فەرموو :** (دعهما فانى ادخلتهما طاهرتين فمسح عليها)

[متفق عليه]

واتە : لێیان گەڕێ چونکە من بەدەست نوێژەوە لەپێم کردوون مەسح ی لەسەرکرد.

- **ئەو شوێنە داپۆشیت کەشۆرینی فەرزە واتا تاسەری قولەپێیەکان داپۆشێت چونکە خوف بەوشێوەیەیە هەروەها مەسح دروستە لەسەر خوف وگۆرەوی ئەگەر کون ی بچوکی تێدابێت**

- **لەناو ماوەی دیاریکراوی خۆیدا بێت بۆکەسی نیشتەجێ بوو شەو ڕۆژێکە بۆکەسی گەشتیار (مسافر) سێ شەو ڕۆژە لەبەر وتەکەی علی الله تعالى لێی ڕازی بێت**

کەفەرموویەتی (پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سێ شەو ورۆژی داناوە بۆکەسێک لەسەفەردایە یەک شەورۆژیش بۆکەسێک لەشوێنی نیشتەجێ بونی خۆیدایە)

[رواه مسلم]

بەڵام گەر کەسی موجاهید دوای وادەی تەواوبون ی ماوەی مەسحکردن لەسەر خوف بەداکەندنی خوف زیان ی پێ بگات وەک بوونی ترس لەسەر گیان ی خۆی لەلایەن دووژمنەوە یان ترسی هەڵهاتنی دووژمن لەدەست ی ئەوا بۆی دروستە مەسح لەسەر خوف بکات لەبەر پێویست ی (الضرورة) ئەمەش شێخ ی ئیسلام ابن تيمية فەتوایەی داوە .

- ئەگەر لەکاتی گەشتدا لەپێی کرد پاشان لەگەشت نەما بوو بەنیشتەجێ بوو ئەوا ماوەی نیشتەجێ بوون تەواو ئەکات ئەگەر بەنیشتەجێیەوە لەپێی کرد دوواتر گەشتی کرد ئەوا ماوەی مسافر تەواو ئەکات (سێ شەو وسێ ڕۆژ)

■ مەسحکردن لەسەری تەنها بۆدەست نوێژ شکان ی بچوک ئەبێت چونکە دەست نوێژ شکانی گەورە (لەشگرانی) ئەمە ئەبێت پێیەکان ی بشۆرێت (لەگەڵ غوسلکردنەکەیدا)

چۆنیەتی مەسحکردن

مەسح کردن ی بەشی سەرەوەی خوف یان گۆرەوی لەبەر وتەکەی علی الله تعالی لێی ڕازی بێت ئەفەرمووێت :

(ولقد رأيت النبي صلى الله عليه وسلم يمسح على ظاهر خفه)

[رواه ابو داود وصححه ابن حجر]

واتا : پێغەمبەرم بینی صلى الله عليه وسلم مەسح ی ڕووی سەرەوەی خوفەکەی کرد.

- دەستپێکردن ی وادەی مەسحکردن لەگەڵ یەکەم مەسحکردن دەست پێ ئەکات چونکە لە فەرموودەکان بەلەفزی (یمسح) هاتون جاکاتێک کەسێ دەست نوێژی گرتوە (ودوای گۆرەوی لەپێ ئەکات) دواتر ئەم دەست نوێژەی ئەشکێت بۆیە کەدەست نوێژ ئەگرێتەوە مەسح ئەکات لەسەری لەگەڵ ئەم مەسحکردنە وادەکەی دەست پێ ئەکات .

بـەشی هەڵوەشێنەرەوەكانی مەسحكردن

- بەدیهاتنی هەرشتێک غوسل واجب بكات لەبەر فەرموودەكەی **صفوان ی كوڕی عسال** كەفەرمووی (پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمانی پێكردین كەلەگەشت بووین خوفەكانمان دانەكەنین سێ شەو ڕۆژ تەنها مەگەر بۆ جەنابەت نەبێت)

[رواه احمد والترمذی وصححه]

- داكەندن ی خوف (یان گۆرەوی) یان دەركەوتنی بەشێک لەوشوێنەی پێ كەشۆرینی واجبە (لەسەر وتەی جمهوری فوقەهایان) بەڵگەشیان فەرموودەكەی صفوان ـە كەفەرمووی : (الا ننزع خفافنا)

فەرمانی پێكردین .. خوفەكانمان دانەكەنین بەڵگەی ئەوەی تێدایە داكەندن ی كاریگەری هەیە هەنێكی تر لەزانایان بۆئەوە ڕۆشتون داكەندن ی خوف دەستنوێژ ناشكێنێت چونكە خوف داكەندن لەهەڵوەشێنەوەكانی دەستنوێژنیە

- كۆتای هاتنی وادەی مەسحكردن واجبە لەسەری كاتێک وادەی مەسحكردن كۆتای هات وە دەستنوێژی شكابوو ویستی دەستنوێژبگرێتەوە كە خوفەكانی (**گۆرەویەكەی**) داكەنێت و لەگەڵ دەستنوێژەكەیدا پێیەكانی بشۆرێت .

بەشی مەسحکردن لەسەر برین پێچ

برین پێچ بریتیە لەوکەرەستەیەی کەوا بەشکانی ئێسکەوە ئەکرێت (بۆجێگیرکردن ی ئێسکەکە) یان هەرشتێک بۆ داپۆشین و پێچانەوەی برین یان بۆسەر سوتاوی ئەندام بەکاربێت

- دروستە مەسحی لەسەربکرێت گەرلابردنی زیانی هەبێت

شێوازی مەسحکردنەکەش ئەوەیە مەسح ی هەموو ئەو کەرەستە برین پێچیەی بکات کە شوێنی شۆرینی ئەندامەکەیە وە حوکمی مەسحکردنەکەی بەردەوامە تەنانەت بۆ کاتی لەشگرانیش چونکە مەسحکردن لەسەری لەبەر ناچاری و زەروڕەتە گەر مەسح ی لەسەرکرد ئەوا تەیەموم ناکات

- بەهەمان شێوە مەسحکردن لەسەر عەمامە لەصحیح ی مسلم دا هاتوە لەفەرموودەی موغیرەی کوڕی شوعبە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەست نوێژی هەڵگرت بەشی پێشەوەی سەری مەسح کرد ومەسح ی بەسەر عەمامە وخوفەکەیدا کرد.

- بەداکەندن ی عەمامە دەستنوێژ ناشکێت وە لەبارەی مەسحکردن لەسەر عەمامە زانایان خیلافیان هەیە ئایا مەرجە بەدەست نوێژەوە لەسەری کردبێت دواتر بۆی هەیە مەسحی لەسەربکات یاخود مەرج نیە ؟ وتەی ڕاجح ودروست ئەوەیە مەرج نیە (بۆ وادەی مەسحەکەش هەنێ زانا وتویانە قیاس ئەکرێت بە وادەی مەسح لەسەر خوف هەنێ تر و تویانە قیاس ناکرێت بەخوف بۆیە دیسان ڕاجح ئەوەیە مەسحکردن ی عەمامە وادەی قیاس ناکرێت بە مەسحکردن لەسەر خوف) بەڵام کڵاو و جامانە وجگە لەوە لەڕیزی حوکم ی عەمامە دانانرێت چونکە ئەصل بریتیە لە مەسحکردن ی سەر بەڵام ئەم شتانە بارگرانی تێدانیە بۆ لابردنی (وەک عەمامە نیە).

وانەی نۆیەم

بــەشــی غوسلکردن (خۆشۆرین)

بـەشـی غوسلكردن (خۆشۆرین)

غـوسل : لەزمانەوانیـدا واتـا ئاوگەیـاندن بەسەر هەمـوو جەستەدا

لەڕووی شـەرعیشــەوە : بریتیـە لەبەندایەتیكردن بۆاللە تعالـی بەئاو گەیاندن بەسەر هەمـوو جەستەدا بەشێوازی دیاریكراو وبەنیـەتی دیاریكـراو.

ئەو هـۆكارانەی غوسلكردن واجب ئــەكات

■ دەرچوونـی ئاوی مەنـی بەچێژەوە بـۆكەسێك بەئاگایـە وە یاخود دەرچونی مەنی بۆكەسێك كەخەوتوە گەر بەچێژیشەوە نەبێت لـەبەر وتەی اللە تعـالـی :

{ وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا } [ســـورة المائدة : 6]

واتـا : ئـەگـەر لـەشگران بـوون خۆتان بـشۆن. وە لـەبەرفـەرمووده‌ی پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم : (اذا فضخت المـاء فاغتسل) [رواه ابو داود وصححه]

گەر ئاوی مەنی بەفرێدانەوە دەرپەڕی ئەوا غوسل بكە .

- بۆ كەسـی خەوتوو مەرج نیە چیژ لەدەرچونەكە ببینێت چونكە ئەكرێت كەسی خەوتوو هەست ـی پـێ نەكات بۆیە كەمەنی بینی واجـبە غوسل بـكات گەرخەونەكەشی بیرنەیەتەوە لەبەر فـەرموودەی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم كەپرسیاری لێكـرا لەبارەی ئافرەت كەخەو ببینێت ئایا غوسل ـی لەسەرە ؟ فـەرمووی : (نعم اذا رأت المـاء) [متفق علیه] واتــا : بەڵـێ ئەگەر ئاوی بـینی .

- چونە ژورەوەی سەری ئەندامی نێرینە بـۆ ناو ئەندامی مێیینـە تەنانەت ئەگەر ئاوی مەنی ـش دەرنەچێت لـەبەر فەرموودەی پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** (گـەر لەنێوان چوار پـەلی ئافرەت دانیشت ودەست ـی کرد بەجیماع ئەوا غوسل واجب ئەبێت) [متفق عليه]

– لەڕیوایەتێکی تردا فـەرموویەتی : (وان لم ينزل) واتە : گـەرچی ئاویشی دەرنەچوبێت.

– لەریوایەت ـی مسلم هاتوە : (اذا مس الختان الختان فقد وجـب الغسل)

– لەڕیوایەتێکی تردا : (اذا جاوز الختان الختان وجب الغسل)

واتــە : گەر خەتەنەکراو تێپەڕی بەخەتەنەی ئافرەتدا ئەوا غوسل واجب ئەبێت .

- موسڵمـان بوون ـی کافر یەکسانە کافری ئەصل ـی بێت یـان مورتـەد بێت چونکە پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** فەرمانی بەقەیس ـی کوڕی عاصم کـرد خۆی بشۆرێت کاتێ بوە موسڵمـان. [رواه ابو داود والترمذي]

– ئەم بـابەتە خیلافی تێدایە لەناو زانایـان هەنێـک فەرموویانە واجب نیـە.

- کۆتـایهاتنی خوێن ـی سووڕی مانگانە و زەیسان لـەبەر فـەرموودەی :

(فاذا اقبلت الحيضــة فدعي الصلاة واذا ادبرت فاغتسلي وصلي) [رواه البخاري]

واتــە : کاتــێک توشی سوڕی مانگانە بـوی وازبێنە لەنوێ هەرکات سوڕی مانگانەکە کۆتای هات خۆت بـشۆ و نوێژبکە.

- مردن لـەبەر ئەوفـەرموودەیەی کاتێ زەینەب ـی کچ ـی پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** وەفات ـی کرد فـەرمووی(بیشۆن).

■ **خۆشۆرین بۆ ڕۆژی هەینی لەبەر فەرموودەی :** (اذا جاء احدكم الجمعة فليغتسل)

[رواه البخاري] **وەفەرموویەت :** (غسل يوم الجمعة واجب على كل محتلم) [متفق عليه]

واتـا : خۆشۆرینی ڕۆژی هەینی واجبە لەسەر هەموو کەسێکی باڵغ

– **هەنێ زانا فەرموویانە واجب لەفەرموودەکە بۆ جەختکرنەوەیە ئەگینا خۆشۆرینی جومعە واجب نیە وسونەتێکی جەخت لێکراوە.**

بـەشـی
چۆنیـەتـی غوسلکردن

غوسل دووشێوەی هەیە:

١-شـێوەی کەمال
٢-شێوەی بەجێ گەیاندنی واجبەکە

شێواری کـەمـال ئـەوەیـە دەستەکانی بـشۆرێت پاشـان ئـەندامی زاوزێی وپـاشـان شۆرینی هەر چڵک وپیسەیەکی تر کەبەلەشیەوە بێت پــاشان دەستنوێژ هەڵگرێت وەک دەست نوێژگرتن بـۆنوێژ پاشـان ئاو بەدەست ـی هەڵگرێت بۆسەرقژی وپەنجەکانی دەست ـی ئەهێنێت بـەنێوان ڕەگی تـاڵەمووەکان ـی قژیدا تـائەوکاتەی پێست ـی سەری تەڕ ئەبێت پـاشان سێجار ئاوەکات بەسەر سەری خۆیدا پـاشان ئاو ئەکات بەسـەر هەموو ئەندامەکانی جەستەی سەرەتا لەلای ڕاستەوە دەست پـێ ئەکات پـاشان لای چەپ

- شێوازی بەجێ گەیاندنی ئەرکی غوسل ئەوەیە ئاو بـەهەموو جەستەی بگەیەنێت لەگەڵ ئاو لـەلوت وەردان و لەدەم وەردان

بـەشـی ئەوەی کەسـی لەشگران و ئافرەتـی حائض و زەیسان لێی دوور ئەبن (واتا بۆیان نیـە ئەمانە بکەن)

- مانەوە لەمزگەوت لـەبەر وتەی الله تـعالی :

{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنتُمْ سُكَارَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغْتَسِلُوا } [سورة النساء : 43]

ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە لەکاتێکدا سەرخۆشن نزیکی نوێژ مەکەونەوە هەتا ئەزانن چی ئەڵێن لەکاتی لەشگرانیدا تاخۆتان ئەشۆن نزیکی مزگەوت مەبنەوە مەگەر ڕێبوار بن و لەسەفەردا بن .

- **بۆیە ئەوکەسەی بیەوێ تێپەڕێ بەناو مزگەوت لەبەر پێویستیەک بەبێ مانەوە تێیدا ئەوا جائیزە لەبەر ئایەتەکە**

■ **طەوافکردن بەکەعبە لەبەر فەرموودەی :** (الطواف بالبيت الصلاة)

واتە : طەوافکردن بەکەعبە نوێژە . وە فەرموودەکەی کەبە عائیشە فەرموو (ئەوەی حاجیەکان ئەیکەن تۆش بیکە تەنها طەواف نەبێت تاپاک ئەبیتەوە)

بـەشـی
خۆپاكردنەوەی كەسی بریندار

یـەكسـانە خۆپاكردنەوە بێت لەبۆ نوێژی گەورە یـان بۆ نوێژی بچوك لـەگەڵ بریندا دوو حاڵەت ی هەیە

١- برینەكەی دیـاربێت (وواتا نەپێچراوەتەوە بەدەرەوەیـە) گەر ترس وزیـان ی لەسەرنەبێت ئەوا ئەندامە بریندارەكە ئەشۆرێت

٢- بـەڵام گەر ترس لەسەری بوو ئەوا گـەر توانی مەسح ی سەربرینەكە بكات ئەوا مەسح ی ئەكات ئەگەر نەیتوانی وابكات ئەوا پارچە پەڕۆیـە (یان لۆكە یان هەرشتێك) لەسـەر برینەكەی دائەنێت ومەسح ی لەسەرەكات ئەگەر لەتواناى نەبوو ئەوەش بكات ئەوا ئەو شوێنە جێ ئەهێلێت نایشۆرێت ئەو ئەندامانەی تری ئەشۆرێت كەلەتوانایدا بیشۆرێت بۆ ئەندامە نەشۆراوەكانی تر تـەیـەموم ئەكات كەنەیشۆریوە خۆگـەر برینەكە لەجەستەیدا بڵاوەی كردبوو دەستنوێژگرتن زیانی پێ بگەیەنێت ئەوە بۆی هەیە تـەیـەموم بكات.

– بـەڵگەش بـۆئەمە ابن الجارود وحاكم وابن حبان وابن خزيمـة لـە ابن عباس گێڕاویانەتەوە كەفـەرموویەت ی (پـیاوێـك لەشەوێكی سـاردا توشی لەشگرانی بـوو وتـیان خۆی بـشۆرێت ئەویش خۆی شۆری وبەوهۆیەوە مرد كەئەمەیان بـۆ پـێغەمبەر صلى الله عليه وسلم گێڕایەوە فـەرمووی چۆن وایـان كرد كوشـتیان الله بیانكوژێت الله تـعالى زەوی یـان تـەیـەموم ی كردۆتە پاكەرەوە).

– وەبـەڵگەی گشتگیری فـەرموودەی : (اذا امرتكـم بامر فـأتوا منه مااستطعتم) [متفق عليه]

واتـا : گەر فـەرمانی شتێكم پێكردن بەپێی تواناتان جێ بـەجێی بكەن .

وانەی دەیەم

بەشی تەیەموم

بەشی تەیەموم

تەیەموم لە زماندا واتـای (القصد) مەبەست

لە شـەرعدا واتـا بەندایەتیکردن بـۆاللە تعالی بەمەسح کـردن ـی دەمچاو ودەست بەخۆلی پاکی زەوی بەشێوازێـکی تایبـەت بەنیەتێـکی تایبـەت

حـوکمەکەی : شـەرعیە بەڵگەش لـەسەری قـورئان وسونەت وئیجماع ـە وە مۆڵەتێـکە لەلایـەن الله تـعالی ـوە بۆبەندەکان ـی قال تـعالـی :

{ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا } [سـورة النساء : 43]

واتـا : هیچ ئاوێکتان دەست نەکەوت بۆ دەستنوێژ یان بۆ خۆ شۆرین گڵێکی پاک پەیدا بکەن و بەدەم چاوو دەستەکانتانی بهێنن.

پێغەمبەر **صلی الله علیه وسلم** فـەرموویەتـی : (جعلت لـي الارض مسجدا وطهورا)

واتــا : زەویم بـۆکراوەتە جێگەی نوێژ وپـاکەرەوە.

- هەموو زانایـان کۆڕان لەسەر شەرعی بوونی تەیەموم کردن لـەکاتی هاتنەدی مەرجەکانی
- شەرعیە بـۆ لادانی بێ دەستنوێژی گەورە وبچوک

مەرجـەكانی تەیەمومكـردن

■ لـەتوانا نەبـوون ـی بەكارهێنانی ئـاو جـایان لەنەبەر نەبـوونی ئاو یـان لـەبەرترسی زیان لێكەوتن لە بەكارهێنانی بەهۆی نەخۆشیەوە یـان برینێک یان سەرمایـەكی زۆر یـان ترس لـەتینوێتی بـۆخۆی یـان بۆ ئەو هاوەڵەی لـەگەڵیـدایا.

– یـان كەسـی موجاهید ترسی لـەسەر گیانی خۆی هەبێت لەلایەن دووژمنەوە ئەگەر دەربچێت بـۆئاو پەیداكردن یان بەكارهێنانی ئاو.

بەڵگە لەسەر شەرعی بـوون ـی لەكاتی نەبوون ـی ئاو وتەی الله تعالی ـیە :

{ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا } [سـورة النساء : 43]

بـەڵگە لەسەر شەرعی بـوون ـی لەكاتی ترس ـی زیان لێكەوتن وتەی الله تعالی ـیە :

{ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ } [سـورة الحج : 78]

وەهەروەها فەرموودەكەی **عەمری كوڕی عاص** كـاتێـک توشی لەشگرانی بـوو لەشەوێـكی زۆر سـارد ترسا خۆی بشۆرێت لەناوبـچێت هەربۆیە تـەیەموم ـی كرد كەئەمەشی گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر **صلی الله علیـه وسلم** پێكەنی و هیچ ـی نەگووت .

[رواه احمد ابن حجر فـەرموویەتی سەنەدەكەی بەهێـزە]

– بـەڵام ترسی نارەحەت بون كەزیان نەگەیەنێت تەیەمومكردن ناشەرعێنێت

– ئـەگەر برینـێكی پێوە بـوو لەئەندامێـک لەئەندامەكانی دەستنوێژگرتن نەی ئەتوانی بیشۆرێت یـان مەسح ـی بكات ئەوا دەست نوێژ ئەگرێت بەبێ شۆرینی ئەو ئەندامە پاشـان بۆ ئەو ئەندامە (**برینـدارە كەنەیتوانیوە بیشۆرێت ومەسح ـی بكات**) تـەیەموم ئەكات

- ئـەگەر غوسل ـی لەسەر واجب بێت بەڵام ئەوەندە ئاوی پێ بێت کەبەشی دەستنوێژ هەڵگرتن ئەکات ئەوا لـەم کاتـەدا تـەنها تـەیەموم ئـەکات دەستنوێژ و تـەیەموم پێکەوە کۆناکاتەوە

■ نیـەت بەنیەتی لادان ـی بێ نوێژی لەسەر خۆی تـەیەموم بکات

■ تەیەمومکردن بەڕووی زەویەکی پاک کەبریتیە لەهەرشـتێک کەلەسەر زەوی بێت وەک خۆڵ یـان لم یان بەرد لـەبەر گشتگیری وتەکەی الله تعالـى : { فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا } وشەی (الصعيد) واتـا هەرشـتێک لەسەر ڕووی زەوی بێت.

- هەروەها تـەیەموم کـرد بەخۆڵی سەر دیوار وجل وبەرگ وجگە لەوانەش دروستە چوونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ڕووی کـرد لە دیوارێـک و دەست ـی لێیا و دەمچاو و دەست ـی خۆی پێ مەسح کرد (بۆتـەیەموم). [بخاری ومسلم ڕیـوایەتیان کردووە

بەشـی شێوازی تـەیەموم کـردن

- نیەت ئەهێنێت
- پـاشان یەکجار هەردوو دەستی ئەیـاتە سەر زەوی
- پـاشان مەسح ـی دەمچاوی ودواتر هەردوو لەپی دەست ـی مەسح ئەکات

بــەشــی هەڵوەشێنەوەکانی

- تەیەمومکردنەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە بۆ دەستنوێژ شکانی بچوک بەهەڵوەشێنەوەکانی دەستنوێژ وک میزکردن وە بۆ بێدەستنوێژی گەورەش بەوشتانە هەڵ ئەوەشێتەوە کە غوسلکردن واجب ئەکات

- نەمانی ئەو عوزرەی کەمۆڵەتی تەیەمومکردنت پێ بەخشرابوو وەک دەستکەوتنی ئاو یان چاکبونەوەی برین ئەگەر بۆ بێدەستنوێژی بچوک تەیەمومی کرد و عوزرەکەی لاچوو ئەوا ئەبێت بەئاو دەستنوێژەکەی بگرێت وئەگەربۆ لەشگرانی تەیەمومی کردبوو کەعوزرەکەی لاچوو ئەبێت خۆی بشۆرێت لەبەر فەرموودەی ئەو پیاوەی کەتوشی لەشگرانی بوو ئاوی دەست نەکەوت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی : (علیك بالصعید فانه یكفیك) خۆڵ بەکار بهێنە ئەوەت بەسە بەڵام کە گەشت بەئاو. پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی : (اذهب فافرغه علیك) [متفق علیه]
واتا : برۆ ئاوکە بەسەرخۆتابکە

- ئەگەر ئاوی دەست کەوت وخەریکی نوێژکردن بوو ئەوانوێژەکەی ئەبڕێت بەڵام گەر دوای تەواوبون لە نوێژەکەی ئاوی دەستکەوت ئەوا نوێژەکە دووبارە ناکاتەوە لەبەر ئەوەی ابوداود و النسائی لەابی سەعیدی خدری الله تعالی لێی ڕازی بێت ڕیوایەتیان کردووە فەرموویەتی : (دوو پیاو دەرچوون بۆ سەفەر وکاتی نوێژهات و هیچ ئاویان پێ نەبوو بۆیە تەیەمومیان کرد ونوێژیان کرد وهێشتا کاتی نوێژەکە دەرنەچووبوو (واتاکاتی ئەو نوێژە مابویەوە) ئاویان دۆزیەوە یەکێکیان نوێژەکە و دەستنوێژەکەی دووبارەکردەوە بەڵام ئەوی تریان دووبارەی نەکردوە پاشان هاتن بۆلای پێغەمبەر

صلى الله عليه وسلم وبابەتەکەیـان بۆ باسکرد پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەوکەسـەی فەرموو کەنوێژ ودەست نوێژی دووبارە نەکردەوە (تـۆ سوننەتت پێکا ونوێژەکەت دروستە) بەوەی تریشـی فـەرموو کە نوێژ و دەستنوێژی دووبارەکردەوە (دووجار پاداشتت بـۆهەیە) واتا پاداشتی نوێژی یـەکە م وپاداشـتی ئەو اجتهادکردنەی کەهەڵەی کرد تێیدا .

وانەی یانزە

باسی نوێژ

باسی نوێژ

الصلاة : لەزماندا واتا پاڕانەوە (دوعا)

لەشەرعدا : واتا پەرستشێکە کە لەوتە وکرداری تایبەت پێکهاتوە بەتەکبیر دەست پێ ئەکات و بەسەلامدانەوە کۆتای یەت

حوکمەکەی : نوێژ ڕووکن ی دووەم ی ئیسلامە وگرنگترینیانە لەدوای شایەتومان وە کۆڵەکە وپایەی ئیسلامە الله تعالی لەسەر پێغەمبەرەکەی فەرزیکرد صلی الله علیه وسلم لەسەرووی حەوت چینی ئاسمانەوە لەشەوی میعراج دا وازهێنان لێی کوفر و دەرچونە لەدین لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم :

(العهد الذى بيننا وبينهم الصلاة فمن تركها فقد كفر) [رواه الترمذي]

واتە : پەیمان ی نێوان ئێمەوکافران نوێژە هەرکەس وازی لێ بێنێت کافربووە .

- **وە فەرموویەت ی :** (بين الرجل وبين الشرك والكفر ترك الصلاة) [رواه مسلم]

واتە : نێوان پیاو وشیرک وکوفر وازهێنانە لەنوێژ

فەزڵی نوێژ

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی :

(أرَأيتُم لو أنَّ نَهرًا ببابِ أحَدِكُم يَغتَسِلُ منه كُلَّ يومٍ خمسَ مَرَّاتٍ هل يَبقى مِن دَرَنِه شيءٌ؟ قالوا: لا يَبقى مِن دَرَنِه شيءٌ قال: فذلك مَثَلُ الصَّلَواتِ الخَمسِ يَمحو اللهُ بهِنَّ الخَطايا)

[بخاری و مسلم]

واتـە : ئایا بینیوتانـە گەر ڕووبارێـک لەبەردەم دەرگای هەریـەکێک لەئێوە هەبێت هەموو ڕۆژێـک پێنج جار خۆی لێ بشۆرێت ئایا هیچ پیسیەکـی پێوە ئەمێنێت ؟ هاوەڵان وتـیان نەخـێر پێغەمـبەر صلى الله عليه وسلم ئـابەوشێوەیە پێنج نوێژە فـەرزەکە الله تعالى هەڵەکانی پێ ئەسڕێتەوە .

ژمارەی نوێژە فـەرزەکان

پێنج نوێژی فەرزن لەسەری ئیجماع هەیە بەبەڵگەی فەرمووودەی ئەوپیـاوەی پرسیاری لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کرد ئایا الله تعالى چی لەسەر فەرزکردووم لە نوێژەکان ؟ پێغەمـبەر صلى الله عليه وسلم فـەرمووی :

(الصلوات الخمس ..)

[بوخاری ڕیوایەتـی کردووە]

واتـــا : واتـە : پێنج نوێژە فـەرزەکە.

مەرجەكانی نوێژ

١- ئیسـلامەت ی

٢- ئەقڵ

٣- تەمیز (واتا كەسەكە باش وخراپ لێک جیاكاتەوە)

٤- چونە ناوكاتی نوێژەوە لەبەر وتەی الله تعالی:

{إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا} [سورة النساء : 103]

٥- پاكبون لەبێ دەستنوێژی گەورە وبچوک لەبەر فەرموودەی :

(لايقبل الله صلاة احدكم اذا احدث حتى يتوضأ) [البخاري]

واتە : الله تعالی نوێژی هیچ یەكێک لەئێوە وەرناگرێت كاتێ دەست نوێژی شكاوە تائەوكاتەی دەست نوێژ هەڵەگرێتەوە .

٦- داپۆشینی عەورەت لەبەر وتەی الله تعالی :

{يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ} [سورة الاعراف : 31]

واتە : ئەی نەوەكبان ی ئادەم هەركە چونە مزگەوت بۆ نوێژ جلوبەرگی جوان و پاک و خاوێن لەبەر بكەن.

- كەمترین ڕادەی جوانی بریتیە لەداپۆشینی عەورەت وە باشتر وچاكتریش ئەوەیە بەوەندەی ئەتوانێت پۆشاكی جوان وچاک بپۆشێت سنوری عەورەت ی پیاو لەناوكەوە تاوەكو ئەژنۆیە ئافرەتیش لەسەر پێویستە هەموو جەستەی داپۆشێت جگە لەدەمچاو ودەستەكان ی لەبەر ئەوەی دایكە عائیشە گێڕاویەتیەوە لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەت ی : (لا يقبلُ اللَّهُ صلاةَ حائضٍ إلَّا بخِمارٍ)

واتە : الله تعالی نوێژی ئافرەت ی باڵغ وەرناگرێت تەنها بەخیمار نەبێت.

خیمار ئەوەیە کەسەر وگەردنی پێ دائەپۆشرێت ام سەلەمە گێڕاویەتیەوە کە لەپێغەمبەری پرسیوە صلَّى اللهُ عليه وسلم :

(أتصلِّي المرأةُ في درعٍ وخمارٍ وليس عليها إزارٌ ؟)

واتە : ئایا ئافرەت بۆی هەیە نوێژ بکات بەکراس وخیمارەوە بەبێ ئەوەی ئیزار بپۆشێت ؟ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی : (إذا كان الدرعُ سابغًا يغطِّي ظهورَ قدمَيها)

ئەگەر کراسەکە درێژ وفراوان بێت وپێیەکان ی داپۆشێت . [رواه ابوداود]

– **خیمار وەک وتمان ئەوجلەیە سەروگەردن دائەپۆشێت درع ئەو کراسەی ئافرەت ئەیپۆشێت هەمووجەستەی و پێیەکانی دا ئەپۆشێت ئیزار جلێکە لەنیوەی خوارەوەی لەش دائەپۆشێت.**

٧- لادان ودوورخستنەوەی پیس ی لەجەستە وپۆشاک و جێگەی نوێژ لەبەر وتەی الله تعالى : { وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ } [سورة المدثر : 4]

واتە : وەلەبەر فەرموودەی دەشتەکیەکە کاتێ میزی کردە ناو مزگەوت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی کرد بەڕشتنی ئاو بەسەر جێگەی میزەکەدا. [متفق عليه]

ڕووکردنە قیبلە لەبەر وتەی الله تعالى : { فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ } [سورة البقرة : 144] **واتە : جا تۆش ڕووت بەرەو مزگەوتی حەرام وەرگێڕە**

٩- نیەت لەبەر فەرموودەی : (انما الاعمال بالنيات) [متفق عليه] **کردەوکان بە نیەتن**

بـەشی کاتەکانـی نوێژ

بـەڵگەش لەسەر ئەمە لـەسوننەت زۆرن لـەوانەش فـەرمووده‌ی پـێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کەفەرموویەت ی :

(وقت الظهر إذا زالت الشمس وكان ظل الرجل كطوله ما لم يحضر العصر ووقت العصر ما لم تَصْفَرَّ الشمس)

واتـە : کات ی نوێژی نیوەڕۆ دەست پێ ئەکات لەوکاتەی خۆر لەناوەڕاست ی ئاسمان لائەیـات تائەوکاتەی سێبەری پیاو بەئەندازەی درێژی خۆی لێ یەت ئەوکاتە عەسر دەست پێ ئەکـات و کاتەکەشی ئەمێنێت تاوەک خۆر زەردهەڵنەگەڕێت.

(ووقت صلاة المغرب ما لم يَغِبْ الشفق ووقت صلاة العشاء إلى نصف الليل الأوسط ووقت صلاة الصبح من طلوع الفجر ما لم تطلع الشمس فإذا طلعت الشمس فأمسك عن الصلاة، فإنها تطلع بين قرني شيطان)

واتـە : وەکـات ی نوێژی ئێوارە بەردەوامە تـائەوکاتەی زەردەپەڕ ون نەبێت وەکات ی عیشا تـاوەک نیوەی شەوی ناوەڕاستە وە نوێژی بەیان ی لە هەڵهاتنی فەجرەوە دەست پێ ئەکات تائەوکاتەی خۆر هەڵنەهاتبێت کەخۆر هەڵهات ئەوە خۆتبگرەوە لەنوێژکردن چونکە خۆر لەنێـوان قۆچی شەیطان هەڵ یەت .

کاتـەکـانی نوێژ

نوێژی نیوەڕۆ : سەرەتـای نوێژی نیوەڕۆ دەست پێ ئەکات لەلادان ی خۆر لـەناوەڕاست ی ئاسمانەوە بەرەو لای ڕۆژئاوا

- **کۆتـایەکەشی : ئەوکاتە کۆتای یەت کەسێبەری هەمووشـتێ بەئەندازەی درێژی شتەکە بـێت**

نوێژی عەسر : دەست پێ ئەکات لەکۆتای هاتنی کاتی نوێژی نیوەڕۆ کەسێبەری هەمووشتێ بەئەندازەی درێژی خۆیەت ـی

– **کۆتای هاتنی** : کاتی هەڵبژێردراو ئەوکاتەیە کەخۆر زەرد هەڵەگەڕێت لەبەر فەرموودەکە : (ووقت العصر مالم تصفر الشمس) [رواه مسلم]

– کۆتا کاتی ناچاری لەعەسردا ئاوابوونی خۆرە لەبەر وتەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کەفەرموویەتی : (من ادرك ركعة من العصر قبل ان تغرب الشمس فقد ادرك العصر) واتە : هەرکەس بەیەک ڕکات ـی عەسر ڕابگات پێش ئەوەی خۆر ئاوابێت ئەوا گەشتوە بەنوێژی عەسر . [متفق عليه]

کاتی نوێژی مەغریب : سەرەتاکەی لەئاوابوون خۆرەوە دەست پێ ئەکات

– **کۆتایەکەی** : لەونبون ـی (زەردەپەڕ یان شەفەق ونبونی سورای ئاسمان کەلەئاڕاستەی ڕۆژئاوایە بەونبونی ئەوسورایە کاتەکەی کۆتای یەت)

نوێژی عیشا : دەست پێ ئەکات لەونبونی شەفەق ـی سور

– **کاتی کۆتای** : نوێژی عیشا نیوەی شەوە

کاتی کۆتایی بۆناچاری تاهەڵهاتنی فەجرە

– **تێبینی** / جائیز نیە نوێژی عیشا دوابخرێت تاوەک دوای نیوەی شەو بەویست وهەڵبژاردەی کەسەکە خۆی نوێژەکەی دوا بخات تادوای نیوەشەو لەبەر فەرموودەی : (وقت الصلاة العشاء الى نصف الليل) کاتی نوێژی عیشا تاوەک نیوەی شەوە بۆیە دوواخستنی تادوای نیوەی شەو تاوانە و دروست نیە وهەنێک لەزاناکان وتویانە ئەنجامدانی دوای نیوەی شەو بەقەزاکردنەوەی عیشا دائەنرێت بەڵام هەنێکیش وتویانە بەکاتی ناچاری بۆعیشا دائەنرێت بەڵام گەربەبێ عوزر دوواى خستبێت پێی تاوانبارئەبێت.

نوێژی بەیـانی : لەگەڵ دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ دەست پێ ئەکات

کاتی کۆتای : وبەهەڵهاتنی خۆر کۆتای یەت

- گەر پێش وادە وکات ی نوێژەکە نوێژبکات نوێژەکەی بەتاڵە ولەسەریەتی نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە کاتێک کاتی نوێژەکە یەت

- دروست نیە نوێژ دووابخرێت تالەکاتەکەی دەرەچێت گەر بەبێ عوزرێک دووای بخات بەڵام گەر لەبەر عوزرێک دووای خست ئەوە قەزای ئەکاتەوە گەرچی لەکاتەکەی خۆشی دەرچووبێت بەڵام گەر بەبێ عوزر دووای بخات تالەکاتەکەی دەرەچێت هەنێک لەزانایان وتویانە قەزاکردنەوە لەسەری لای نابات بەڵام جمهوری زانایان قەزاکردنەوەی نوێژەکە لەسەری بەواجب ئەبینن سەرەڕای ئەوەی بەهۆی دوواخستنەکەوە تاوانێکی گەورە وتوندی کردووە چونکە ئەمە یەکێکە لەتاوانە گەورەکان بەڵام وازهێنان لێی بەتەواوەتی یان وازهێنان لەلێی بەشێوەی زۆر ئەمەیان کافربوونە .

وانەی دووانزەم

ڕووکنەکانی نوێژ

بەشـی ڕووکنەکـانی نوێژ

ڕووکنەکانی نوێژ پەکناخرێت نەبەئەنقەست نەبەهەڵە نەبەنەزانین لەبەر فەرموودەکەی ابی هریرە الله تعالـی لێی ڕازی بێت پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم هاتە ناومزگەوت پیـاوێـکیش هاتە مزگەوت نوێژی کـرد وپـاشان سەلامی لەپێغەمبەر صلی الله علیە وسلم کرد پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم وەڵامی سەلامەکەی یـایەوە و فەرمووی :

(ارجع فصل فانك لم تصل) **بگەڕێوە نوێژبکە چونکە تۆ نوێژت نەکـرد سێجار بەم شێوە ئەمە دووبارە بویەوە پیـاوەکەش لەجاری سێهەم وتـی سـوێند بەوەی تـۆی بەهەق ڕەوانەکردووە لەوە باشتر نازانـم فێرم بـکە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فـەرمووی :**

(قُمْتَ إِلَى الصَّلاَةِ فَكَبِّرْ ثُمَّ اقْرَأْ مَا تَيَسَّرَ مَعَكَ مِنَ الْقُرْآنِ ثُمَّ ارْكَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ رَاكِعاً ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَعْتَدِلَ قَائِماً. ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِداً ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ جَالِساً. ثُمَّ افْعَلْ ذلِكَ فِي كُلِّ صَلاَتِكَ كُلِّهَا) [البخاری ومسلم]

هەر کەهەستای بۆ نوێژ تەکبیری نوێژ دابەستن بکە پاشان ئەوەنەی بۆت ئەکرێت لەقورئان بخوێنەوە پاشان ڕکوع بەرە تابەجێگیری لەڕکوع ئەمێنیتەوە پـاشان هەستەوە تـا بەرێک ودروست ـی ڕائەوەستیت پاشان سوجدە بەرە تا جێگیر ئەبیت لەسوجدە پـاشان هەستەوە دانیشە تابەجێگیری وئارامی دائەنیشیت لەهەموو نوێژەکەتـدا ئـاوا بـکە .

ڕووكنەكانی نوێژ چواردەن (١٤)

١- ڕاوەستـان لەنوێژی فەرزدا بەپێوە بۆكەسێ لەتوانای بێت لەبەر وتەكەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە عمران ی كوڕی حصین :

(صلِّ قائمًا فإن لم تستطع فقاعداً فإن لم تستطع فعلى جنبٍ) [رواه البخاری]

واتــا : بـەپێوە نوێژكە گـەرنەتوانی ئەوە بەدانیشتەوە گەرنەشت توانی ئەوا لەسەر لاتەنیشت بەڕاكشـانەوە .

٢- تەكبیرەی ئیحرام (نوێژ دابەستن) لەبەر فەرموودەكە (فـكبر)

٣- خوێنـدنی سورەتی الفاتحة لەهەموو ڕكاتێـكدا لەبەر فەرموودەكەی عوبادەی كوڕی صامت كەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فـەرموویەتی :

(لاصلاة لمن لم يقرأ بفاتحة الكتاب) [البخاری ومسلم]

واتــا : نوێژ بۆكەسێـك نیە كەفاتحەی قورئان نەخوێنێتەوە .

– ئەو نوێژخوێنەی بگات بەڕكوع لەگەڵ ئیمام فریایی خوێندنەوەی فاتیحە نەكەوێت لەم حوكمە دەرئەچێت (واتا نوێژەكەی دروستە وقبوڵە چونكە گەشتۆتە ڕكوع لەگەڵ ئیمام)

٤- ڕكوع بـردن لەبەر فەرموودەكە : (ثم اركع حتى تطمئن راكعا)

٥/٦ - هەستانەوە لە ڕكوع وڕێـك وەستان بەپێوە لەبەر فـەرموودەكە :

(ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَعْتَدِلَ قَائِماً)

٧- سـوجدە بـردن لەبەر فەرموودەكە : (ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِداً)

٨/٩ - هەسـتانەوە لەسوجدە ودانیشتن بەئارامی لەنێوان دووسوجدەكەدا لەبەر فـەرموودەكە : (ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ جَالِساً)

١٠- التشهد ـی کۆتای (التحیات) چونکە هاوەڵیان پرسیاریان لەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کرد وتیان ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فێرمانکە چۆن سەلام وصەڵاواتت لەسەربەین ؟ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی بڵێن :

(اللهم صل علی محمد وعلی ال محمد ..)

فەرمووی بڵێن (لێرەدا بەشێوەی فەرمان داوای کردووە فەرمانیش بۆ واجب بوون)

١١- دانیشتن بۆ التحیات ـی کۆتایی چونکە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەسەری بەردەوام بووە

١٢- دوو سەلام دانەوەکە لەبەر وتەکەی دایکە عائیشە : (وکان یختم الصلاة بالتسلیم)

واتە : کۆتای بەنوێژەکەی ئەهێنا بەسەلامدانەوە. [رواه مسلم]

١٣- ئارامبوون لەبەر ئەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەوپیاوەی فەرموو کەنوێژەکەی بەخراپی ئەنجام یا (حتی تطمئن) تا ئارام وجێگیر ئەبیت

١٤- الترتیب ڕیزبەندی لەبەر فەرموودەی : (صلوا کما رأیتمونی أصلی) [رواه البخاری]

واتە : نوێژبکەن بەوشێوەی وەک ئەوەی ئەبینین کەچۆن من نوێژەکەم .

- ئەمە ڕووکنەکانی نوێژە هەرکەس شتێک لەمانە وازلێ بێنێت بەئەنقەست نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە گەر بەهەڵە وازی لێ هێنا ئەوا چەند حاڵەتێکە

– حاڵەتی یەکەم : گەر ئەو ڕوکنەی وازی لێهنا لەهەمان ڕکاتدا بیری هاتەوە ڕوکنێکی نەکردووە ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕووکنە وئەنجامی ئەیاتەوە ونوێژەکەی تەواو ئەکات پاشان سوجدەی سەهو ئەبات پاش سەلامدانەوە

- **حاڵەتی دووەم : گەر دوای هەستانی بۆ ڕكاتی دوواتر یادی هاتەوە ڕووكنێكی لەڕكاتی پێشتر نەكردووە ئەوە ناگەڕێتەوە بۆ ڕكاتی پێشوو بەڵكو ئەو ڕكاتەی پێشوو كەڕوكنێكی لێ نەكردووە ئەوڕكاتە ئەفەوتێك ئەم ڕكاتەی كەبۆی هەستاوەتەوە لەجێگەی ئەو ڕكاتە دائەنێت كەڕووكنێكی تێدا نەكردووە پاش سەلامدانەوە سوجدەی سەهو ئەبات**

- **حاڵەتی سێهەم : گەر پاش نوێژەكە یادی هاتەوە ئەوە یەک ڕكات نوێژ ئەنجام ئەیات لەجێگەی ئەو ڕكاتەی ڕوكنێكی تێدانەكردووە پاش سەلامدانەوە سوجدەی سەهو ئەبات**

- **حاڵەتی چوارەم : گەر پاش نوێژ یادی هاتەوە بەڵام دوای ماوەیەكی درێژ یان دوای ئەوەی دەستنوێژی شكا ئەم كاتە واجبە نوێژەكە بەكاملی دووبارەكاتەوە**

وانەی سێزدەم

واجباتەکانی نوێژ

بەشی واجباتەکانی نوێژ

■ هەموو تەکبیراتەکان جگە لەتەکبیری نوێژ دابەستن (چونکە ئەوەیـان لە ڕووکنەکانە) بەڵام تەکبیراتەکانی تر کەتەکبیری گـواستنەوەیـە لەجوڵەیـەک بۆجوڵەیەکی تر پێی ئەوترێ (تکبیرات الانتقال) بەڵگەش فەرموودەکەی ابـی هریرەیە کەفـەرموویەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فـەرموویەتی :

(انما جعل الامام لیؤتم بـه فاذا کبـر فکبروا) [متفق علیه]

واتـە : پێش نوێژ بۆئەوە دانراوە تا شوێنی بکەون جاگەر الله اکبر ی کرد ئێوەش الله اکبر بکەن .

■ وتنی سبـحان ربي العظیم لـە ڕکوعـدا لەبەر گێڕانەوەکەی حذیفە لەبارەی چۆنیەتی نوێژی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کەفەرمووی :

(ثم رکع فجعل یقول سبـحان ربي العظیم) [رواه مسلم]

واتـە : پاشان ڕکوع ی برد وئەیفەرموو سبـحان ربي العظیم.

■ وتنی سـمع الله لمن حمده (بۆ پێش نوێژ خوێن و بۆ ئەوکەسەشی بەتەنها نوێژەکات) بەڵگەش فەرموودەکەی ابی هریرەیـە لەبارەی چۆنیەتی نوێژۆ پێغەمبەر صلی الله علیـه وسلم :

(كانَ رَسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم إذا قامَ إلى الصَّلاةِ يُكبِّرُ حينَ يَقومُ، ثُمَّ يُكبِّرُ حينَ يَركَعُ، ثُمَّ يقولُ سَمِعَ اللهُ لمَن حَمِدَه حينَ يَرفَعُ صُلبَه مِنَ الرُّكوعِ ثُمَّ يقولُ وهو قائِمٌ رَبَّنا ولَك الحَمدُ ثُمَّ يُكَبِّرُ حينَ يَهوي ساجِدًا ، ثُمَّ يُكبِّرُ حينَ يَرفَعُ رَأسَه، ثُمَّ يُكبِّرُ حينَ يَسجُدُ، ثُمَّ يُكبِّرُ حينَ يرفعُ رَأسَه، ثُمَّ يَفعَلُ مِثلَ ذلك في الصَّلاةِ كُلِّها حتَّى يَقضيَها) [متفق علیه]

واتــە : پێغەمبەر صـلى الله عليه وسلم كاتێ هەڵئەستا بۆ نوێژدابەستن تەكبیری ئەكرد (الله اكبر) پاشان الله اكبر ی ئەكرد كەئەچوە ڕكوع پاشان ئەیفەرموو (سمع الله لمن حمده) كاتێك كە پشت ی لەڕكوع بەرز ئەكردەوە پاشان كاتێـك ڕێك ئەبویەوە بەوەستاوی ئەیـفەرموو (ربـنا ولك الحمد) پاشان تەكاتێـك ئەچوە سوندە تەكبیری ئەكرد پـاشان كەسەری بەرزئەكردەوە لە سوجدە تەكبیری ئەكرد پـاشان تەكبیری ئەكرد كەئەچووەوە سوجدە پاشان تەكبیری ئەكرد كەسـەری بەرز ئەكردەوە پاشـان هەموو ئەمەی لەهەموو نوێژەكە ئەنجام ئەیـا تاتەواوی ئەكرد .

- وتـنی ربنا ولك الحمد (بۆئیمام وكەسی تاك) لەبەر فـەرموودەكەی ابی هريره :

(ثُمَّ يقولُ وهو قائِمٌ رَبَّنا ولَك الحَمدُ)

- وتـنی سبـحان ربي الأعلى لە سوجدەدا لەبەر وتەكەی حوذەیـفە :

(ثم سجد فقال سبـحان ربي الأعلى) [رواه مسلم]

پاشان چوە سـوجدە و ئەیفەرموو سبـحان ربي الأعلى وەكـاتێـك ئایەت ی :

{سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى} [سـورة الاعلى: 1]

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی : (اجعلوهـا فى سجودكم)

واتــە : لە سوجدەكانتانـدا ئەو زیكرەی الله تـعالى بكەن . [رواه احـمد وابن ماجه]

- وتـنی (رب اغفرلـي) لـەنێـوان دووسوجدەكـەدا لەبەر فەرموودەكەی حوذەیفە كەپێـغەمبەر صـلى الله عليـه وسـلم لەنێـوان دوو سوجدەكەدا (لەكاتی دانیشتنی نێـوان دووسوجدەكە) ئەیفەرموو : (رب اغفرلـي رب اغفرلـي) [رواه احمد وابو داود والنسائى]

- التحيات ـی یەکەم لەبەر وتەکەی **ابن مسعود** فەرمووی پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** فەرمووی بڵێن :

(التحيات لله والصلوات والطيبات السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمدا عبده ورسوله) [رواه بخاري]

- دانیشتن بۆ التحيات ـی یەکەم لەبەر فەرموودەکەی **ابن مسعود** کە پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** فەرموویەتی :

(اذا قعدتم فی كل ركعتين فقولوا التحيات لله ...) [رواه احمد]

واتا : کاتێک لەهەردوو ڕکاتێکدا دانیشتن التحيات لله ... بڵێنەوە

بەڵام ئەگەر ئیمام (پێش نوێژخوێن) دانیشتن بۆ التحيات ـی یەکەم ـی بیرچویەوە هەستایەوە بەڵام هێشتا بەتەواوی ڕاست نەبۆوە ئەوا ئەگەڕێتەوە دائەنیشێت بەڵام ئەگەر هەستابووەوە سەر پێ بەڕاوەستاوی ئەوا نوێژەکەی تەواو ئەکات وناگەڕێتەوە بۆدانیشتن پێش سەلامدانەوە سوجدەی سەهو ئەبات لە موغیرەی کوڕی شوعبە الله تعالى لێی ڕازی بێت ئەفەرمووێت (پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** نوێژی بۆ کردین لەڕکات ـی دووەم هەستایە سەرپێ وئەوانەی لەدواوە بون (بۆ ئاگادارکردنەوەی وتیان) سبحان الله پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** ئاماژەی بۆکردن کە ئەوانیش هەستن و هەستان کاتێک نوێژەکەی تەواوکرد دوو سووجدەی سەهوی برد) لە **صحيح ـی مسلم** هاتوە لەفەرموودەی **عبدالله ـی کوڕی بحينه** فەرموویەتی :

(سجد سجدتين قبل ان يسلم ثم سلم) دووسوجدەی برد پێش سەلامدانەوە دوواتر سەلامی یایەوە (هەرکەسێک واجباتێکی نوێژ وازلێ بهێنێت بەئەنقەست ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە بەڵام هەرکەس وازی لێ بێنێت بەهۆی سەهووکردن ئەوە دوو سوجدەی سەهو ئەبات پێش سەلامدانەوە)

وانەی چواردە

بابەتە فقهیـەکان

سـونەتەکانی نوێژ

بەشی سونەتەکانی نوێژ

هەموو ئەوشتانەی باسی ئەکەین لەشێوازی چۆنیەتی نوێژکردنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەوا سونەتەکانی نوێژن جگە لەو ڕوکن و واجبانەی کەپێشتر باسمان کرد – (واتا لێرەدا هەرشتێک باسمان کرد لەبەشی واجبات و ڕوکنەکان باس نەکرابوو ئەوا ئەم شتە باسنەکراوانە سونەتەکانی ناو نوێژن)

بەشی چۆنیەتی نوێژی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەکبیرکردن (ئەڵێین الله اکبر لەگەڵ تەکبیرکردن دەستەکانت بەرزئەکەیتەوە بۆئاستی شانەکانت یان تا هاوتەریبکردن ی گوێیەکان

ابن عمر گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کاتێ دەست ی بەنوێژئەکرد دەستەکانی تا ئاستی شانەکانی بەرزئەکردەوە وەکاتێک ئەچوە ڕکوع وەکاتێکیش لەرکوع هەڵئەستایەوە دەستی بەرزئەکردەوە لەگەڵیدا [رواه بخاري]

– پاشان دەستی ڕاستت لەسەر دەستی چەپت دائەنێیت لەسەر سنگت لەوائل ی کوڕی حجر ئەفەرموێت پێغەمبەرم بینی صلى الله عليه وسلم :

(وضع يمينه على شماله ثم وضعها على صدره) [اخرجه البيهقي ورجاله ثقات]

واتە : دەست ی ڕاستی خستە سەر دەستی چەپ ی لەسەر سنگی دەستی ڕاگرت .

– پاشان سەیری زەوی ئەکەیت (شوێنی سوجدەبردنەکەت) وچاوت بەرزناکەیەوە بۆ ئاسمان ئیمام ی حاکم بەسەنەدی صەحیح لەسمرەی کوڕی جندب گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی :

(لينتهين أقوام يرفعون أبصارهم إلى السماء في الصلاة أو لا ترجع إليهم)

[وفي رواية مسلم (او لتخطفن ابصارهم)]

واتـە : ئەوانەی لـەنوێژدا چاویان بۆئاسمان بەرزئەکەنەوە یـان وازبهێنن لەم کارەیـان یان چاویان ناگەڕێتەوە بۆیـان (لەڕیوایەتی مسلم ـدا هاتوە) یان چاویان کوێر ئەبێت .

– **پاشـان دووعای دەستپێکردن ـی نوێژ ئەخوێنیت وئەڵێیت :**

(اللهم باعد بيني وبين خطاياي كما باعدت بين المشرق والمغرب اللهم نقني من الخطايا كما ينقى الثوب الأبيض من الدنس اللهم اغسل خطاياي بالماء والثلج والبرد)

واتـە : پەروەردگار دوورم خەرەوە لەگوناهەکانم بـەئەندازەی دووری نێوان ڕۆژ هەڵات و ڕۆژئـاوا پـەروەردگارم پـاکم کەرەوە لەگوناهەکانم وەکچۆن جلی سپی لەپیس ـی پاک ئەکرێتەوە پـەروەردگارم گوناهەکانم بشۆرەوە بەئاو و بەفر و تـەرزە .

یـان ئەم دووعایـە بڵێ : (سبحانك اللهم وبحمدك وتبارك اسمك وتعالى جدك ولا إله غيرك)

– **پـاشـان ئەڵێیت :** (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) (بسم الله الرحمن الرحيم)

پاشـان سورەتـی فـاتیحە ئەخوێنیت وپاش ئەوە ئەڵێیت (آمین **واتا پـەروەردگار وەڵامم بەرەوە ولێم قبوڵ بـکە)**

– **پـاشان ئەوەندەی بۆت ئەکرێت قورئان بخوێنە**

– **پـاشان دەستت بەرزئەکەیتەوە بەوتنی الله اکبـر وئەچیتە ڕکوع وهەردوو دەستت لەسـەر لەسەر ئەژنۆت ڕائەگریت بەجۆرێـک پەنجەکانت بڵاوبن بازووت دوور ئەخەیتەوە لەتـەنیشتەکانت پشـتت بەرێـکی ڕائەگـری وئەڵێی :** (سبحان ربي العظيم)

واتـە : پاک وبـێگەردی بـۆ پەروەردگاری گەورەم.

یان بڵێ : (سبحانک اللهم ربـنا وبحمدك اللهم اغفر لـي) [البخاري]

یان بڵێ : (سبوح قدوس رب الملائكة والروح) [رواه احمد ومسلم]

ابی مسعود عوقبەی کوڕی عەمر کە هەرکاتێک ڕکوعی ئەبرد دەستەکانی جیائەکردەوە لە یەکتر ودەستی ئەخستە سەر ئەژنۆکان ی وپەنجەکانی لە یەکتر جیائەکردەوە بەبڵاوی لەسەر ئەژنۆی دایناو ئەیفەرموو پێغەمبەرم بینیوە صلی الله علیه وسلم ئاوا نوێژی ئەکرد [رواه احمد وابو داود والنسائی]

- **پاشان سەربەرزئەکەیتەوە لەگەڵیدا ئەڵێی :** (سمع الله لمن حمده) **دەستت بەرزئەکەیتەوە تائاستی شانت یان گوێیەکانت پاشان کەرێک بویتەوە ئەڵێیت** (ربنا ولك الحمد) [البخاری ومسلم]

- **پاشان گەر ویستت ئەتوانیت ئەمەش ی بۆزیادبکەیت و بڵێی :**

(حمدا كثيرا طيبا مباركا فيه ملء السموات وملء الارض وملء مابينهما وملء ماشئت من شيء بعده اهل الثناء والمجد احق ماقال العبد وكلنا لك عبد لا مانع لما اعطيت ولامعطي لما منعت ولا ينفع ذا الجد منك الجد) [رواه مسلم]

- **پاشان تەکبیر (الله اكبر) ئەکەیت بۆچونە سوجدە بەبێ ئەوەی دەست بەرزکەیتەوە وئەچیتە سوجدە بردن لەسەر حەوت ئەندام**

ناوچاوان

لووت

هەردوو دەستت

هەردوو ئەژنۆت

هەردوو بازووت بڵاوئەکەیتەوە نابێت لەئەژنۆت بات ونابێت لەزەوی داینێی

ابن عباس گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی :

(أمرت أن أسجد على سبعة أعظم على الجبهة وأشار بيده على أنفه واليدين والركبتين وأطراف القدمين) [متفق عليه]

واتـا : فەرمانم پێکراوە لەسەر حەوت ئەندام سوجدە بەرم لەسەر ناوچاوان و بەدەستی وئاماژە بۆلوتشی برد وەهەروەها هەردوو دەست و هەردوو ئەژنۆ وسەرپەنجەکانی پێەکان (خەڵکانێک هەن لەکاتی سوجدە پێیەکانیان بەرزئەکەنەوە یان لەسەر یەکتری دای ئەنێن ئەمەش پێچەوانەی نوێژی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم)

لە بەرائی کوڕی عازب هاتوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی :

(إذا سجدت فضعْ كفيْك وارفع مرفقيْك) [رواه مسلم]

واتـە : کەسوجدەت برد ناولەپی دەستەکانت لەزەوی دانێ وئانیشکەکانت بەرزکەرەوە (بالەزەوی نەبێت ولەئەژنۆشت نەیات)

- **لەپی دەستەکانت ئاڕاستەی قیبلە ئەکەیت وپەنجەکانت کۆئەکەیتەوە بەتەنیشت یەکەوە و ڕووی ئەکەیتە قیبلە بازووت لەتەنیشتەکانت دوورئەخەیتەوە سکیشت لەڕانەکانت دوورئەخەیتەوە**

وائل بن حجر ئەفەرموێت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم : (اذا سجد ضم اصابعه)

واتـە : کەسوجدەی بردایە پەنجەکانی بەیەکەوە کۆئەکردەوە (لکاندنی بەیەکەوە)

[اخرجه ابن خزيمه]

بەرائی كوری عازب ئەفەرموێ : (اذا سجد وجه اصابعه قبل القبلة) [اخرجه البيهقي]

واتـە : كەسوجدەی بردایـە پەنجەكانی ڕووئەكردە قیبلە.

عبدالله ی كوڕی مالك ابن بحينة فەرموویەت ی :

(كان إذا صلى فرج يديه حتى يبدو بياض ابطيه)

واتـە : پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم كەنوێژی ئەكرد (لەكاتی سوجدە) دەستەكانی هێندە بلاوئەكردەوە تا سپیایەتی بن باڵی دەرئەكەوت .

ابی حمید لەشێوازی نوێژی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی : كاتێـك سوجدەی ئـەبرد ڕانەكانی بەئەندازەیەك بڵاو ئەكردەوە بۆشایەكی ئەهێشتەوە كەسكی لەسەر ڕانەكانی نەنیشێت .

– لەكات ی سوجدە بردن سێجار ئەڵێیت : (سبحان ربي الاعلى) [رواه احمد]

یان بڵێ : (سبوح قدوس رب الملائكة والروح) [رواه مسلم]

لەكاتی سوجدەدا دووعـــای زۆر ئەكرێت چونكە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەت ی : (واما السجود فاجتهدوا فى الدعاء فقمن ان يستجاب لكم) [رواه مسلم]

واتـە : لە سوجدەدا زۆر بپاڕێنەوە چونكە زۆر نزیكە بۆ وەڵامدانەوەی پاڕانەوەكانتان.

– پـاشـان لە سوجدە بە الله اكبر هەڵئەسیتەوە لە نێوان دوو سوجدەكەدا دائەنیشیت بەجۆرێـك پێی چەپ ڕائەخەیت لەسەری دائەنیشیت وپێی ڕاست ئەچەقێنیت بەزەویدا پەنجەكانی ئاڕاستەی قیبلە ئەكەیت

دەستـی ڕاستت ئەخەیتە سەر ڕانی ڕاستت یـان لەسەر سەری ئەژنۆت دەستت ڕائەگریت وە دەست ی چەپیشت لەسەر لـەسەر ڕانی چەپت یـان لەسەر ئــەژنۆ هــەردوو شێوازەكە

لە پێغەمبەرەوە هاتوە صلی اللە علیە وسلم ـو ئەڵێیت :

(رب اغفر لي وارحمني واهدني واجبرني وعافني وارزقني)

[رواه البخاري في الادب المفرد بسند صحيح]

- **پاشان سوجدەی دووەم ئەبەیت بەهەمان شێوەی سوجدەی یـەکەم**
- **پاشان هەڵئەسیتەوە بۆ ڕکات ـی دووەم بە اللە اکبر کردن ئەوەی لە ڕکات ـی یەکەم ئەنجامت یـا لە ڕکاتی دووەم بەهەمان شێوە ئەنجامی ئەیەیتەوە**
- **پـاشان دائەنیشیت بـۆ التحیات وەک شێوازی دانیشتنت لە نێوان دوو سـوجدەکە والتحیات ئەخوێنیت کە چەند شێوازێکی هەیە لـەوانەش :**

(التحيات لله والصلوات والطيبات السلام عليک ايها النبى ورحمة الله وبركـاته السـلام علينا وعلى عباد الله الصالحين اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمدا عبده ورسوله) [رواه البخاري]

- **گەر لەنوێژی سێ ڕکات ـی بوویت (وەک مەغریب) یان چوار ڕکاتی وەک (نیوەڕۆ و عەسر و عیشا) دوای ئەوەی لە التحیاتی یەکەم هەڵئەسیتەوە دەستت بەرزئەکەیتەوە وەک دەست بەرزکردنەوەت بۆکاتی دابەستنی نوێژ.**

- **پـاشان بۆ التحیات ـی کۆتایی دائەنیشیت بەو شێوازەی قاچی ڕاستت ئەچەقێنی و پەنجەکانی بەئاڕاستەی قیبلە قاچی چەپت ڕائەخەیت لەژێر قاچی ڕاستت پێـی چەپت دەربچێت بەشی دواوەی جەستەت لەسەر زەویەکە دائەنیشێت.**

- **پـاشـان التحيات ى كۆتـايی ئەخوێنيت :**

(التحيات لله والصلوات والطيبات السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمداً عبده ورسوله اللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد)

دوواتر ئەڵێيت :

(اللهم اني اعوذ بك من عذاب جهنم ومن عذاب القبر ومن فتنة المحيا والممات ومن فتنة شر المسيح الدجال) [متفق عليه]

- **دوواتر سەلام ئەيەيتەوە بەلای ڕاستدا** (السلام عليكم ورحمة الله) **پاشان بەلای چەپ** (السلام عليكم ورحمة الله)

دايكە عائيشە گێڕاويەتيەوە كە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە تەكبير دەست ى بەنوێژ ئەكرد و بەسەلامدانەوە كۆتای پێ ئەهێنا. [رواه احمد ومسلم]

- **لەهەموو ڕوكنەكان ئەبێت بەئارامی و لەسەرخۆی وبێ پەلەكردن ئەنجامی بەيت ابی هريره گێڕاويەتيەوە لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فـەرموويەت ى :**

(لا ينظرُ اللَّهُ إلى صلاةِ رجلٍ لا يقيمُ صلبَهُ فيما بينَ ركوعِهِ وسجودِهِ) [رواه احمد]

واتـە : الله تعالى سەيری نوێژی پيـاوێـک ناكات كە لەنێوان ڕكوع و سوجدەكەيدا پشتی ڕاست ناكاتەوە..

ابی مسعودی ئەنصاڕی فەرموويەت ى پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فـەرموويەتی نوێژ دروست نابێت كەپياو تێيدا پشت ى ڕاست نەكاتەوە لەنێوان ڕكوع و سوجدە بردنـيدا . [رواه الخمسة وصححه الترمذي]

لە حوذەیفە گێڕدراوەتەوە کەپیاوێکی بینی نوێژەکات بەجوانی وتەواوی ڕکوع وسوجدەکان ئەنجام نایات کاتێ لەنوێژەکە لێ بویەوە حوذەیفە پێی فەرمووو تۆ نوێژت نەکرد خۆگەر بەم حاڵەوە بمریت ئەوا لەسەر غەیری ئەو فیطرەتە ئەمریت کە الله تعالی محمدی لەسەر دروست کردووە. [رواه احمد والبخاري]

وانەی پانزە

بابەتە فقهیـەکان

بەتاڵکەرەوەکانی نوێژ

بەشی بەتاڵکەرەوەکانی نوێژ

١- خواردن وخواردنەوە بە ئیجماع

٢- قسەکردن بەئەنقەست بەڵام ئاگادارکردنەوەی ئیمام کاتێک هەڵە ئەکات لەم حوکمە دەرئەچێت

٣- نیەت ی دەرچوون لەنوێژ و بڕینی

٤- هەڵوەشێنەوەکان ی دەستنوێژ

٥- نەکردنی ڕووکنێک لەڕووکنەکانی نوێژ بەئەنقەست وبەبێ عوزر (بەڵام ئەوەی نەیکات بەهۆی لەبیرچوونەوە پاشان فریاکەوت ڕووکنەکە ئەنجام باتەوە نوێژەکەی قبوڵە بەڵام ئەگەر ڕووکنەکەی نەکردبۆوە ئەوا ئەبێت نوێژەکەی دووبارە کاتەوە)

٦- پێکەنین بەدەنگەوە

■ بەشی حەرامکراو و مەکروهاتەکانی ناو نوێژ

– جوڵەکردن بەبێ پێویست ی قال تعالی : { وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ } [سورة البقرة : 238]

– چاوبەرزکردنەوە بۆ ئاسمان وەک لە فەرموودەکەی سمرەی کوڕی جندب هاتووە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی :

(لينتهين أقوام يرفعون أبصارهم إلى السماء في الصلاة أو لا ترجع إليهم) [وفي رواية مسلم (او لتخطفن ابصارهم)

واتە : ئەوانەی لە نوێژدا چاویان بۆ ئاسمان بەرزئەکەنەوە یان وازبهێنن لەم کارەیان یان چاویان ناگەڕێتەوە بۆیان (لە ڕیوایەتی مسلم دا هاتوە) یان چاویان کوێر ئەبێت .

- **الاقعاء** : لەکات ی سوجدە (بریتیە لەو شێوەی کەسێک لەکاتی نێوان دوو سوجدەکەدا هەردوو پێی بڵاو ئەکاتەوە ئەیچەقێنێ بەزەویدا پاشی خۆی لەنێوان هەردوو پێی دائەنێت وپاشی لەسەر زەویەکە دائەنێت هەروەها ڕاخستنی دەست لەکاتی سوجدەدا وەکچۆن سەگ باسکی خۆی دائەخات لە مەکروەهاتەکانی تری نوێژ هەڵپێچانی قژ وجل وبەرگ هەروەها باوەشک وتف ڕۆکردن بەئاڕاستەی قیبلە وتێکەڵ نەکردنی پەنجەکانی هەردوو دەست بەیەکتری هەروەها لە کاتی چونە سوجدە نابێت سەرەتا ئەژنۆت پێش بخەیت بەڵکو سەرەتا ئەبێت دەستت دانێی پاشان ئەژنۆت بات لەزەوی هەروەها پێش ئیمام نەکەوتن لەکاتی نوێژی جەماعەت)

- ئاوڕدانەوە لە کات ی نوێژدا
- نوێژکردن لە کاتی ئامادەبوونی خواردن
- نوێژکردن لە کاتێکدا خۆی گرتۆتەوە لەپاشەڕۆ یان لەمیزکردن یان لەهەوای ناوسک
- نوێژکردن بە دەمامکەوە
- الاختصار لە نوێژ واتا دانانی دەست لەسەر کەمەر

بـەشی نـوێژی نــەخۆش

هەرکەسێک عوزرێکی هەبوو وەک نەخۆشی و هاوشێوەکانی بە جۆرێک کە نەتوانێت لەگەڵیدا لەنوێژی فەرز بەپێوە ڕاوەستێت ئەوە بۆی دروستە بەدانیشتنەوە نوێژکات گـەر هەرنەیتوانی ئەوە بەڕاکشانەوە بەسەر لاتەنیشت ڕووەو قیبلە نوێژەکات وبەسەری ئاماژە بەڕکـوع وسجود ئـەکات شێوەی سوجدەکەی نزمتر ئەکات لە ڕکوعەکەی عمران ی کوڕی حصین ئەفەرموێت نەخۆشی بە واسیرم هەبوو پرسیارم لە پێغەمبەر کرد صلی الله علیه وسلم لەبارەی نوێژ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فـەرمووی :

(صل قاعدا فان لم تستطيع فعلى جنبك) [رواه البخاري]

ئیمام ی نەسائی ئەوەشی گێڕاوەتەوە کەفەرموویەتی :

(فان لم تسطيع فمستلقيا) { لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا }

واتە : بەدانیشتنەوە نوێژبکە گەر نەتوانی ئەوا لەسەر لاتەنیشت ... گەر نەتوانی بەپاڵکەوتووی (الله تعالى ئەرک ناخاتە سەربەندە بەدەر لەوەی لەتوانایدایە)

جابر گێڕاویەتیەوە ئەفەرموێت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم سەردانی نەخۆشێکی کرد بینی سەرینێکی داناوە بۆئەوەی لەکاتی سوجدە سەری بخاتە سەر سەرینەکە بۆیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم سەرینەکەی لابرد وفەرمووی :

(صلِّ على الأرضِ إنِ استطعتَ وإلا فأوْمِئ أيماء واجعل سجودَكَ أخْفضَ من ركوعِكَ)

[رواه البيهقى]

واتە : لەسەر زەوی نوێژبکە ئەگەر توانیت گەر نەتوانی ئەوا بەسەرت ئاماژە بەسوجدە بکە بائاماژەی سوجدە بردنەکەت نزمتربێت لەڕکوعەکەت .

ئەوە ئیعتباری بۆئەکرێت لەکاتی نەبوونی توانا بریتیە لە نارەحەتی توند یان ترسان لە زیادبوونی نەخۆشی شێوەی دانیشتن کە لەبری بەپێوە راوەستانە بریتیە لەدانیشتن بە چوار مشقی وەک دایکمان عائیشە گێڕاویەتیەوە ئەفەرموێت :

(رأيت النبي صلى الله عليه وسلم يصلي متربعا) [رواه النسائي وصححه الحاكم]

واتە : پێغەمبەرم بینی صلی الله علیه وسلم بە چوارمشقی نوێژی کرد وە دروستە دانیشێت بەهەمان شێوازی دانیشتنی شێوەی التحيات خوێندن .

بەشی نوێژی (مسافر)

هەرکەس لە شارێکەوە بچێت بۆ شارێکی تر بۆی شەرعیە نوێژە چوار ڕکاتیەکان کورت بکاتەوە لەوکاتەی لەشارەکەی خۆی دەرەچێت تا ئەووکاتەی لەسەفەرە نوێژە چواریەکان کورت ئەکاتەوە بەڵام ئەگەر نیەتی بوو چوار ڕۆژ زیاتر بمێنێتەوە لە گەشتەکەیدا ئەوە لەسەر وتەی جمهوری زانایان نوێژە کانی بەتەواوی ئەکات بەڵام هەنێکی تر لەزانایانی موجتەهید پێچەوانەی جمهوری فوقەهایانن لەمەدا رەحمەتی الله تعالی لە هەموویان بێت الله تعالی فەرموویەتی :

{ وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُوا مِنَ الصَّلَاةِ إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا ۚ إِنَّ الْكَافِرِينَ كَانُوا لَكُمْ عَدُوًّا مُّبِينًا } [النساء : 101]

واتە : کاتێ بۆ سەفەر چوون بەسەر زەویدا ئەوە لەحاڵێ وادا هیچ گوناهێکتان لەسەر نابێ کە نوێژە چوار رکاتیەکان کورت بکەنەوە ئەگەر ترستان بوو بێباوەڕەکان تووشی پیلانێکتان بکەن بەراستیی بێ باوەڕان هەمیشە بە ئاشکرا دوژمنتانن.

دایكمان عائیشه ئەفەرموێت كاتێـک الله تعالی نوێژی فەرزكرد سەرەتـا دوو ڕكات دووركـات بـوو لەكاتی نیشتەجێی ولەكاتی سەفـەردا نوێژی سەفەرەكەی وەكخۆی هێشتەوە بـەڵام نوێژی كاتی نیشتەجێ بوون ی زیادكرد. [رواه البخاري ومسلم]

گەر كـەسی مسافر نوێژی كرد لەپشت كەسـی نیشتەجێ ئەوە نوێژەكە بەتەواوی ئەنجام ئەیـات جا یەكسانە لەسەرەتای نوێژەوە لـەگەڵ ئیمامەكە دەست ی پێكردبێت یـان یان لە كۆتایی نوێژەكەدا لە هاوەڵـی بەڕێز ابن عباس گێڕدراوەتـەوە پرسیاری لێكرا :

(مابال المســـافر يصــلى الركعتين حــال الانفراد واربعا اذا ائتم بمقيم ؟ فقــال تلـك السنة)

بۆچی مسافر گەر بەتەنها نوێژكات دوو ڕكات دووركات نوێژە چواریەكان ئـەكات بەڵام ئـەگەرلەپشت ئیمامێكی نیشتەجێ نوێژبكات نوێژەكە بـەچوار ڕكاتی ئەكات ؟ ابن عباس فەرمـووی (سونەت بەوشێوەیە) [رواه احــمد بسند صحيح]

- **ئەمەش وتەی هەرچوار پێشەواكەی لـەسەرە بەڵكو ئیمام ی شافعی ئیجماعی نەقڵ كردووە كەئەگەر كەسی مسافر لەپــشت ئیمامێكی نیشتەجێ نوێژی كرد نوێژەكە بەكامڵی ئەنجام ئەیات بەبێ كورتكردنەوە**

- **بۆكەسی مسافر دروستە نوێژی نیوەڕۆ عەسر پێكەوە كۆكاتەوە وە نوێژی ئێوارە وعیشا پێكەوە یەكسانە كۆكردنەوەی (تقديم) پێشخستن بێت بەوەی عەسر بهێنێت بـۆلای نیوەڕۆ پێكەوە بیكات یـان كۆكردنەوەی (تأخير) دوواخستن واتا نوێژی نیوەڕۆش بەرێت بۆكاتی نوێژی عەسر هەردووكی بۆی دروستە هەركات پێویست ی بـوو.**

هاوەڵی بەڕێز موعاذ ئەفـەرموێت لـەگەڵ پێغەمبـەر صلی اللە علیه وسلم دەرچووین بۆ غەزوەی تەبـوک نوێژی نیوەڕۆ وعەسری پێکەوە ئەکرد و مەغریب وعیشاش پێکەوە.

[رواه مسلم]

بـۆکەسی مسافر دروستە کەنوێژی وتر لەسەر سواریەکەی بکات بەسەری ئاماژەی ڕکوع وسوجد بـکات لە عبدالله ی کوڕی عمر هاتوە کە پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم وتری کردوە لەسەر سواریـەکەی. [رواه مسلم]

- **(نەک تەنها وتر بـۆ هەموو نوێژە سونەتەکانی تر دروسـتە بـەڵکو گەر ڕوو لە قیبلەش نەکات بـۆنوێژی سونەت لەکات یسـەفەر لەکاتی سواریـدا هەرجائیز وشەرعیە)**

وانەی شانزە

نوێژی ترس (الصلاة الخوف)

نوێژی ترس (الصلاة الخوف)

بە حەوت شێوەی جیاواز چۆنیەتی ئەم نوێژە لە پێغەمبەرەوەهاتوە صلی اللە علیە وسلم بەپێی جیاوازی باردۆخ و جێگەی دووژمن

- ئەگەر موجاهیدەکان توانیان بەجەماعەت نوێژبکەن ئەوا باش وایە لەپشتی ئیمامەوە ببن بەدوو ڕیزەوە ئیمام اللە اکبر ئەکات بۆیان
- پاشان دەستەیەکیان ئەچن ڕووبەڕووی دووژمن ئەوەستن ئیمامەکەش ڕکاتێک لەگەڵ ئەوانە ئەکات کەلەپشتیەوە ڕاوەستاون
- پاشان ئەمانەی ڕکاتەکەیان کرد ئەچن بەرامبەر دووژمن ڕائەوەستن دەستەکەی تر یەن ئیمام ڕکاتێک نوێژیان بۆ ئەکات پاشان ئیمام سەلام ئەیاتەوە هەردەستەیەک لەو دوو دەستەیە هەریەکەیان بۆخۆی ڕکاتێک نوێژ ئەکات ئەمە ئەگەر لەسەفەردا بوون بەڵام گەر لەشوێنی نیشتەجێ بوون دا بوون دووڕکات لەگەڵ ئیمام ئەکەن و دووڕکاتەکەی تر خۆیان تەواوی ئەکەن

بەڵام ئەگەر لەمەیدان ی جەنگدا بوون دژی دووژمن وەترس لەسەر گیانیان بوو ئەوا تاک تاک نوێژەکەن ڕووەو قیبلە بێت یان پشت لەقیبلە بەسواری بێت یان بەپێوە بێت بەئاماژەی سەر ڕووکوع وسجود ئەبەن .

بـەشی ئەو کاتانەی نـەهی لێکراوە نوێژی تێدابکرێت

١- لە دووای نوێژی بەیان ی

٢- کاتـێک خۆر دەرکەوێت تا ئەوکاتەی بەرزئەبێتەوە

٣- کـاتێک خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمانە تائەوکاتەی لائەیـات

٤- لەپاش عەسر

٥- کـاتێ خۆر لە ئاوابوندایـە تائاوا ئەبـێت

(نهى رسول الله صلى الله عليه وسلم عن الصلاة بعد الفجـر حتى تطلع الشـمس وبعد العصر حتى تغرب الشمس) [متفق عليه]

واتـە : پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەهیکردووە لە نوێژکردن دووای نوێژی بەیانی تاخۆر بەرزئەبێتەوە وە لە پاش عەسر تاخۆر ئاوا ئەبـێت.

عوقبەی کوڕی عامری جوهەنی الله تعالی لێـی ڕازی بـێت فـەرموویەت ی سێ کات هەیە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەهی لێکردووین نوێژی تێدا بکەیـن یان مردووەکانمان ی تێدا بنێژین

- لەکاتـی دەرکەوتنی خۆر تابـەرزئەبێتەوە
- لـەکاتێکدا کە خۆرلـەناوەڕاستی ئاسمـانە تالەناوەڕاست لائەیـات
- وە لەوکاتەی خۆر بەرەو ئاوابـوون ئەچێت تائەوکاتەی بەتـەواوی ئاوا ئەبـێت

بـەشی نـــوێژە سونەتەکان

- سونەتی (الرواتب) کە لەپاش نوێژە فەرزەکان ئەکرێت دووانزە ڕکـاتن
  - دوو ڕکـات پـێش نوێژی بەیـانی
  - چوار ڕکـات پـێش نوێژی نیوەڕۆ و دووڕکات لەدوای نوێژی نیوەڕۆ
  - دووڕکـات پاش مەغریب
  - دووڕکـات پاش عیشاء (بـەڵگەکەی ١)

ام حەبیبە خێزانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەت ـی بیستم لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەیفەرموو :

(ما مِن عَبدٍ مُسلِمٍ يُصَلِّي لِلَّهِ كُلَّ يومٍ ثِنتَيَ عَشرةَ رَكعةً تَطَوُّعًا غيرَ فريضة إلَّا بَنى اللهُ له بَيتًا في الجَنَّةِ أو إلَّا بُنِيَ له بَيتٌ في الجَنَّةِ) [رواه مسلم]

واتـە : هیچ بەندەیـەکی موسڵمـان نیـە هەموو ڕۆژێـک دووانزە ڕکات نوێژ بکات بەدەر لـە نوێژە فەرزەکان ئـیلا الله تعالى لە بەهەشتا ماڵـێکی بۆ دروستەکـات یـان ماڵێکی بۆ دروست ئەکـرێ لە بەهەشتا .

(١) ئیمام ـی الترمذی بەزیاترەوە گێڕاویەتیەوە کـە فەرموویەت ـی :

(اربع ركعات قبل الظهر وركعتين بعدها و ركعتين بعد المغرب وركعتين بعد العشاء وركعتين قبل الفجر) [رواه مسلم]

واتـە : نوێژی وتـر نوێژی شەو کاتەکەی دەست پێ ئەکات لەدوای نوێژی عیشاوە تا کاتی فەجر (نوێژی بەیان ـی) کەمترین ژمارەی یەک ڕکـاتە بەڵام بۆ زۆرێـتیەکەی سنوری دیارکراونیە وباشترینی یانزە ڕکـاتە) کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە شەواندا یانزە ڕکات نوێژی ئەنجام ئـەیدا).

هاوەڵی بەڕێز ابی ایوب ی الانصاری گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم فـەرموویەت ی :

(الوترُ حقٌّ على كل مُسلِمٍ فمن أحبّ أن يوترَ بخمسٍ فليفعلْ ومن أحبَّ أن يوترَ بثلاثٍ فليفعل ومن أحبَّ أن يوترَ بواحدةٍ فليفعَلْ) [رواه ابو داود بسند حسن]

واتـە : نوێژی وتـر مافە لەسەر هەموو موسڵمانێـک هەرکەس حەزی کرد بەپێنج ڕکات نوێژی وتر بکات ئەوا بـابیکات ئەوەشی حەزی کرد بەسیَ ڕکات وتر بـکات بابیکات ئەوەشی حەزی کرد بەڕکاتێک وتر بـکات بابیکات .

نـوێژی چێشتەنگـاو : کاتەکەی لەبەرزبوونەوەی خۆر بەئەندازەی ڕمێـک دەست پێ ئەکات (واتا چارەکێک دوواى خۆرهەڵاتن)

تاپێش ئەوەی خۆر بگاتە ناوەڕاست ی ئاسمـان لە ابی ذەر لە پێغەمبەرەوە صلی اللە علیە وسلم فەرموویەت ی :

(يُصبِحُ على كُلِّ سُلامى مِن أحَدِكُم صَدَقَةٌ فكُلُّ تَسبيحةٍ صَدَقَةٌ وكُلُّ تَحميدةٍ صَدَقَةٌ وكُلُّ تَهليلةٍ صَدَقَةٌ وكُلُّ تكبيرةٍ صَدَقةٌ وأمرٌ بالمَعروفِ صَدَقَةٌ ونَهيٌ عَنِ المُنكَرِ صَدَقَةٌ ويُجزِئُ مِن ذلك رَكعَتانِ يَركَعُهما مِنَ الضُّحى) [رواه مسلم]

واتـە : هەموو بەیـانیەک بەرامبـەر هەرئەندامێـک لە ئەندامەکانی ئێوە صەدەقـەیەک ئەبێت بکرێت وتنی هەر سبحان اللە سەدەقەیـەکە وتـنی هەر الحمدللە یـەک سەدەقەیەکە کردنی هەر اللە اکبر (یـێک) سەدەقەیـەکە فەرمان بەچاکە سەدەقەیە ڕێگری لەخراپە چاکە کردنـی دووڕکات نوێژ لەکاتی چێشتەنگاودا جێگەی هەموو ئەوانە ئەگرێتەوە.

وانەی حەڤدە

كتاب الصيام (ڕۆژووگرتن)

كتاب الصيام (ڕۆژووگرتن)

الصيام : لەزماندا واتا خۆگرتنـەوە لەشت لە شەرعدا واتا خۆگرتنەوە لەخواردن وخواردنەوە و هەموو ئەوشتانەی ڕۆژوو ئەشكێنن لەگەڵ بوونی نیـەت لەگەڵ دەركەوتنی فـەجری ڕاستگۆ دەست پێ ئەكات تـائاوابوونی خۆر

ڕووكنەكانی

لە ڕێگەی پێناسەی ڕۆژوو لەڕووی شەرعەوە بۆمان دەردەكەوێت ڕۆژوو دوو ڕووكنی سـەرەكی هەیـە ئەوانەش بریتین

- **خۆگرتنەوە لـەخواردن وخواردنەوە لەگەڵ دەركەوتنی فـەجری ڕاستگۆ تـائاوابـوونی خۆر بـەڵگەش لـەسەر ئەمە وتەی الله تعالی ـە :**

{ فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ ۚ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ }

واتـە : ئیتر هەر لە ئێستاوە ئازادن و ئەتوانن بچنە لای خێزانەكانتان بـەشەوان و ئەوەش ی الله تعالی لە چارەتانی نوسیوە لە نەوەو منداڵ چاك داوای بكەن دەسا بەدرێژایی شەوگار بخۆن و بخۆنەوە بچنە لای خێزانەكانتان هەتا ئەوكاتەی سپیایی دەمەو بەیان لە نێو هەودای ڕەشی شەو لە ڕۆژهەڵاتەوە دەردەكەوێ و جیا ئـەبێتەوە لە پاشان ڕۆژووەكەتان بەرنـە سەرو تەواوی بكەن تا شەو ێەت و خۆرئاوا ئـەبێت. [البقرة : 186]

- **مەبەست لەجیاكردنەوەی تاڵی سپی لەڕەش بریتی بریتیە لەسپیایەتی ڕۆژ و تاریكی شەو**

■ **نیـەت : بەوەی كـەسی ڕۆژووان بـەم خۆگرتـنەوەیـەی لەوشتانەی ڕۆژوو ئەشكێنێت نیەتی پەرستنی الله تعالـی بێت چونكە بەهۆی نیـەتـەوە كارە مەبـەستدارە پەرستشەكان لەكارەكانی تر جیـائەكرێتەوە وە بەهۆی نیـەتەوە پەرستشەكان هەنێكیان لەهەنێكی تریـان جیائەكرێنەوە كەسی ڕۆژووگر بەنیەتەكتی مەبەستی ئەوە ئەبێت ڕۆژووی ڕەمەزان بگرێت یـان جۆرەكانی تری ڕۆژوو گرێت .**

– **بەڵگەی ئەم ڕووكنەش فەرموودەی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم كەفەرموویەتی :**

(انـمـا الاعـمــال بالنيات وانـمـا لكــل امرئ مانوى) [متفق عليه]

واتـە : كارەكـان بەنیـەتن بۆ بەندەش هەرئەوە هەیە كەنیەتـی بۆهێناوە .

– **الله تـعالـی ڕۆژووی ڕەمەزان ی فەرزكردووە بەڵگەش وتەی الله تـعالـی یـە :**

{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ } [سورة البقرة : 183]

واتـە : ئەی ئەوانەی باوەڕتـان هێناوە بزانن ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانتان لەسەر نووسراوەو فەرز كراوەتە سەرتـان هەر وەكو لەسەر ئەو گەلانەی پێش ئێوە لەسەریان فەرزبوو بـۆئەوەی بە تـەقوا بن و سنوورەكانی الله تعالـی بپارێزن.

ڕۆژوو یـەكێكە لە پێنج پایەكەی ئیسلام پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی:

(بُنِيَ الإسلامُ على خمسٍ شَهادةِ أن لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ وأنَّ محمَّدًا رسولُ اللَّهِ وإقامِ الصَّلاةِ وإيتاءِ الزَّكاةِ وصَوم رمضانَ وحجِّ البيتِ لمنِ استطاعَ إليهِ سبيلًا)

– **هەموو ئوومەت ئیجماعیـان هەیە لەسەر واجب بـوونی ڕۆژووی ڕەمەزان**

بـەشـەکانی ڕۆژوو

ڕۆژوو دووبەشە:-

١- فەرز

٢- سـوونـنەت

واجبەکان ئەبنە سێ بەشەوە:-

١- ڕۆژووی ڕەمەزان

٢- ڕۆژووی کەفارات وەک ڕۆژووی دوومانگ بەسەریەکەوە بۆکەفارەتی کوشتن بەهەڵە

٣- ڕۆژووی نەزر هەرکەس نەزربکات کەبەڕۆژووبێت ئەوا ڕۆژووگرتنەکەی لەسەر واجب ئەبێت

مەرجەکانی واجب بوونی ڕۆژووی ڕەمـەزان

- **ئیسلام : ڕۆژووی کەسی کافر دروست نیە چونکە ڕۆژوو عیبادەتە عیبادەتی کافریش دروست نیە کەبوو بەموسڵمان لەسەری پێویست نیە قەزای ئەو ڕۆژوانە بکات کەلەدەستی چووە لەسەردەم کافربونی .**

- **باڵغ بوون : واجب نیە لەسەر کەسێک گەر باڵغ نەبوبێ ونەگەشتبێ بەسنوری تەکلیف لەبەر فەرموودەی :** (رفع القلم عن ثلاثة) [رواه ابو داود وهو حسن] **واتە : قەڵەم لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە لەناو ئەو سێ کەسە باسی منداڵی کرد تائەوکاتەی باڵغ ئەبێت .**

- **ئەقڵ : واجب نیە لەسەر کەسێک کەشێتە وکەم ئەقڵە لەبەر فەرموودەی :** (رفـــع القلم عن ثـــلاثة) **واتە : یەکێک لەوانەی باسیکردووە شێتە تاهۆشی یەتەوە سەرباری ئاسایی بوونەوە .**

- **تونابوون** : گەر کەسێک نەخۆش بێت یان بەساڵاچویەکی پەکەوتە بێت کەنەتوانێت ڕۆژووبگرێت ئەوە لەسەری واجب نیە ئەگەر ڕۆژوش گرێت ئەوە دروستە لەبەر فەرمووده‌ی الله تعالی :

{ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ } [سورة البقرة : 184]

واتە : ئینجا هەر کەسێکتان نەخۆش بوو ئەگەر یان چووە سەفەر ئەبێ لە ڕۆژانی تردا بیگرێتەوە جا ئەگەر نەخۆشیەکەی لاچوو ئەوە واجبە لەسەری قەزای ئەو ڕۆژانە بکاتەوە کەتێیدا بەڕۆژوو نەبووە .

- **نیشتەجێبوون** : واجب نیە لەسەر کەسێک لەسەفەرایا لەبەر وتەکەی الله تعالی :

{ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ } [سورة البقرة : 184]

واتە : خۆگەر کەسی مسافر ڕۆژووی گرت ڕۆژووەکەی دروستە گەر ڕۆژووی شکاند ئەوە واجبە قەزای ئەو ڕۆژووەکە کاتەوە کەلەسەفەردا شکاندوویەتی .

- **پاکبوونەوە لە سووڕی مانگانە و زەیسان** : کەسێک لەسووڕی مانگانەدایە یان زەیسان واجب نیە لەسەری ڕۆژووگرێ بەڵکو حەرامە لەسەری لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر **صلی الله علیه وسلم** : (الیس اذا حاضت لم تصل ولم تصم) [متفق علیه]

مەگەر ئەوەنیە کە ئافرەت کاتێک ئەکەوێتە سوڕەوە نوێژ ناکات ڕۆژوو ناگرێت ؟ بەڵام واجبە قەزای کاتەوە لەبەر وتەکەی **دایکە عائیشە** الله تعالی لێی ڕازی بێت کە فەرموویەتی : (ئێمە کەتوشی سووڕی مانگانە ئەبووین فەرمانمان پێ ئەکرا بەقەزاکردنەوەی ڕۆژوو بەڵام فەرمانمان پێ نەکرا بەقەزاکردنەوەی نوێژ) [متفق علیه]

واجبە لەسەر ئەوکەسەی ئەیەوێ بەڕۆژوو بێت لەشەودا نیـەت ڕۆژووگرتـن ـی هەبێت (نیەت شوێنەکەی دڵە نەک بەدەم بیڵێت) ئەمەش بۆڕۆژووی واجب وەک ڕۆژووی ڕەمەزان وکەفـارەت و قەزاکردنەوە و نەزرکردن ئەگەرچـی بەخولەکێ پێش دەرکەوتـنی فەجری ڕاستگۆش بێت لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کەفەرموویەت ـی :

(من لم یبیت الصیام قبل الفجر فلا صیام لـه)

[اخرجـه الترمذی والـنسائی وابن ماجة بسـند صحیح]

واتـە : هەرکەسێک پێش فەجر نیـەت ـی ڕۆژووگرتـنی نەهێنا بێت لەشەودا ئەوە ڕۆژووی بـۆنیـە .

وانەی هەژدە

بەتاڵکەرەوەکانی ڕۆژوو

بەشی بەتاڵکەرەوەکانی ڕۆژوو

■ **خواردن و خواردنەوە بە ئەنقەست** : وەهەرشتێکی تر کەلەحوکمی خواردن وخواردنەوەدا بێت وەک دەرزی وزەبەخش لەبەر وتەی الله تعالی کەفەرموویەتی :

{ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ ۚ } [البقرة : 187]

واتە : بخۆن و بخۆنەوە بچنە لای خێزانەکانتان هەتا ئەوکاتەی سپیایی دەمەو بەیان لە نێو هەودای ڕەشی شەو لە ڕۆژهەڵاتەوە دەردەکەوێ و جیا ئەبێتەوە لە پاشان ڕۆژووەکەتان بەرنە سەرو تەواوی بکەن تا شەو یەت و خۆرئاوا ئەبێت.

- بەڵام خواردن وخواردنەوە بەلەبیرچوونەوە ئەوە ڕۆژووەکەی بەسەرئەبات وقەزای لەسەرنیە لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم :

(من اكل ناسيا وهو صائم فليتم صومه فانما اطعمه الله وسقاه) [متفق عليه]

واتە : هەرکەسێک بەلەبیرچونەوە شتی خوارد لەکاتێکدا بەڕۆژوە ئەوە باڕۆژووەکەی تەواو بکات چونکە الله تعالی ئەوخواردن وخواردنەوەیەی پێ داوە .

■ **جیماعکردن** ئەبێتە بەتاڵکەرەوەی ڕۆژوو بە ئیجماع هەرکەس جیماع بکات لە کاتێکا بەڕۆژووە ئەوە بەئیجماع ڕۆژووەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە و پێویستە تەوبە واستغفار بکات وە هەروەها قەزای ئەو ڕۆژە بکاتەوە کە جیماعی تێدا کردووە وەهەروەها لەگەڵ قەزاکردنەوەکەدا کەفارتی لەسەرە کە بریتیە لە ئازادکردنی کۆیلەیەکی گەر کۆیلەی دەست نەکەوت دوومانگ بەسەر یەکەوە بەڕۆژوو ئەبێت ئەگەر نەیتوانی ئەوا خواردنی شەست هەژار ئەیات لەبەر فەرموودەکەی **ابی هریره** ئەفەرموێت ئێمە

دانیشتبووین لەلای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پیاوێک هات وتی ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تیاچووم

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم چی بووە ؟

پیاوەكە وتی لەگەڵ خێزانم سەرجێیم كرد لەكاتێكدا بەڕۆژوو بووم

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی ئایا كۆیلەیەكت دەست ئەكەوێت ئازادی كەیت ؟ پیاوەكە ووتی نەخێر

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی ئەتوانی دوومانگ بەسەر یەكەوە بەڕۆژوو بیت ؟ پیاوەكە ووتی نەخێر

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی ئەتوانی خواردنی شەست هەژار بەیت؟

- **خۆڕشاندنەوە بەئەنقەست** : كەبریتیە لەهێنانە دەرەوەی ئەو خواردن وخواردنەوەی لەگەدە دایە لەرێگەی دەمەوە بەڵام گەر ڕشانەوە خۆی زاڵ بێت بەسەركەسەكەدا وبرشێتەوە بەبێ ویست ـی خۆی ئەمە كارناكاتە سەر ڕۆژووەكەی لەبەر فەرموودەی :

(من ذرعه (غلبه) القيء فليس عليه القضاء ومن استقاء عمدا فليقض)

واتە : هەركەس ڕشانەوە بەسەریا زاڵ بوو قەزاكردنەوەی لەسەر نیە هەركەسێك بەئەنقەست خۆی برشێنێتەوە ئەوا با قەزای بكاتەوە. [رواه ابو داود والترمذي وهو صحيح]

- **دەرچوونی خوێنی سووری مانگانە وزەیسان** : هەركات ئافرەت خوێنی سووری مانگانەی بینی یان نیفاس ئەوە ڕۆژووەكەی ئەشكێت واجبە قەزای كاتەوە لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم : (اليس اذا حاضت لم تصل ولم تصم) [متفق عليه]

واتە : مەگەر ئەوەنیە كە ئافرەت كاتێک ئەكەوێتە سوڕەوە نوێژ ناكات ڕۆژوو ناگرێت ؟

- **نیەت هێنان بـۆ ڕۆژوو شکـاندن** : هەرکەس کەبەڕۆژووبێت نیەت بهێنێت ڕۆژووەکەی بشکێنێت پێش وادەی هاتنی کاتی ڕۆژووشکاندن ئەوە ڕۆژووەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە ئەگەرچی هیچیش نەخوات چونکە نیەت یـەکێکە لەڕووکنەکانی ڕۆژوو هەرکات بەئەنقەست ئەم ڕووکنەی هەڵوەشاندەوە بەمەبەست ـی ڕۆژووشکاندن ئەوا ڕۆژووەکەی هەڵ ئەوەشێتەوە .

سـونەتەكانی ڕۆژوو

■ سوونەت وایە بۆكەسی ڕۆژووان ڕەچاوی ئەم شتانە بكات

پارشێوكردن لەبەر فەرموودەی : (تسحروا فان فی السحور بركة) [متفق علیه]

واتـە : پارشێو بـكەن چونكە لەپارشێوكردن بەرەكەت هەیـە.

– پارشێوكردن بەخواردنی زۆر یان كەم یـەتە دی ئەگەربەخواردنەوەی بڕە ئاوێـكی كەمیش بێت كـاتی پارشێو لـە كۆتای شەو دەست پێ ئەكات تـا كاتی دەركەوتنی فەجری ڕاستگۆ

■ دوواخستنی پارشێوكردن لەبەر فەرموودەكەی زەیدی كوڕی ثـابت الله تعالی لێی ڕازی بێت فەرمووی (لەگەڵ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پارشێومـانكرد پاشان هەستاین بۆنوێژ وتـم نێوان پارشێو و نوێژەكە چەنێک بـوو ؟ فـەرمووی بەئەندازەی خوێندنی پەنجا ئایەت) [متفق علیه]

■ خێراكردن لەشكاندنی ڕۆژوو سونەت وایە كەسی ڕۆژووان هەركات دڵنیابـووەوە لەئاوابوونی خۆر بەپەلە ڕۆژووەكەی بشكێنێت لە سەهلی كوڕی سەعدەوە الله تـعالی لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فـەرموویەتـی :

(لایـزال الناس بـخیر ما عجلوا الفطـر) [متفق علیه]

واتـە : بەردەوام خەڵكی لەخێردان تائەوكاتەی پەلەبكەن لەشكاندنی ڕۆژوو .

■ شكاندنی ڕۆژوو بەخورمای تەڕ وشل گەر دەست نەكەوت بەچەند خورمایەكی وشك واباشترە خواردنی خورماكە لـەژمارە تاكەكان بێت ئەگەر خـورمای دەستنەكەوت

بەخواردنەوەی بڕێک لەئاو لەبەر فەرموودەکەی ئەنەس کەفەرموویەت ی :

(کان النبي صلى الله عليه وسلم يفطر على رطبات قبل أن يصلي فإن لم يكن رطبات فتمرات فإن لم يكن تمرات حسا حسوات من ماء) [رواه ابو داود والترمذى وحسنه]

واتە : پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەچەند خورمایەکی تەڕ ڕۆژووی ئەشکاند پێش ئەوەی نوێژبکات گەر خورمای تەڕ وشل نەبووایە بە خورمای وشک گەر ئەوەش نەبووایە بەچەند قومە ئاوێک ڕۆژووەکەی ئەشکاند.

- **دووعاکردن لەکاتی ڕۆژووشکاندن وکاتی بەڕۆژووبوون لەبەر فەرموودەی :**

(ثلاثة لاترد دعوتهم الصائم حتى يفطر والامام العادل والمظلوم) [رواه الترمذي وحسنه]

واتە : سێ کەس دووعایان ڕەد ناکرێتەوە ڕۆژووان تا ڕۆژووەکەی ئەشکێنێت پێشەوایەکی دادپەروەر وکەسی ستەملێکراو .

بـەشـی مەکرووهاتەکانی ڕۆژوو

بێزراوە بـۆکـەسی ڕۆژووان هەنێ کار ئەنجام بـات کەئەبێتە هۆی ڕوشاندنی ڕۆژووەکەی وکەمکردنەوەی پاداشتی ڕۆژووەکەی لـەوکارانەش

- زیاد ئاو وەردانە دەم ولـوت ئەمەش لەترسی ئەوەی نەکا ئاو بچێتە گەروویـەوە لەبەر فەرموودەی : (وبالغ فی الاستنشاق الا ان تکون صائما) [رواه الترمذی وصححه]

- قووتدان ـی بەڵغەم چونکە ئەچێتە ناو سکەوە وە شتێکی زیانبەخش وقێزەونە.

- تامکردن ـی خواردن بەبێ ئەوەی پێویست بکات بەڵام گەر پێویست ـی کرد وەک ئەوەی چێشت لێنەر بێت پێویست بکات تامی خوێی خواردنەکە بکات وهاوشێوەی ئـەمە ئەوە کێشـەی تێدانـیە بەڵام ئەبێت ئاگاداربێت تامەکە وهیچ شتێک لەوخواردنە نەچێتە قورگـیەوە .

وانەی نۆزدە

ڕۆژووی سـوننەت

بەشی ڕۆژووی سوننەت

- **ڕۆژووگرتنی شەشەڵان لەبەر فەرموودەکەی ابو ایوب ی الانصاری الله تعالی لێی ڕازی بێت فەرمووی بیستم لەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەیفەرموو :**

(من صام رمضان ثم اتبعه ستا من شـوال كان كصيـام الدهى) [رواه مسلم]

واتە : هەرکەس ڕۆژووی ڕەمەزان بەڕۆژووبێت پاشان شەش ڕۆژ بەدوایدا لەشەوال بەڕۆژووبێت وەک ئەوەیە هەمووساڵەکە بەڕۆژووبوبێ.

- **ڕۆژووگرتنی عەرەفە بۆجگە لە حاجیان لەبەر فەرموودەکەی ابی قەتادە الله تعالی لێی ڕازی بێت ئەفەرموێت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی :**

(صِيامُ يومِ عَرَفَةَ أَحْتَسِبُ على اللهِ أنْ يُكفِّرَ السنَةَ التي قَبلَهُ والسنَةَ التي بَعدَهُ) [رواه مسلم]

واتە : ڕۆژووی عەرەفە ئومێدەکەم الله تعالی بیکات بەسڕینەوە وکەفارەتی ساڵیک پێش خۆی وساڵێک دووای خۆی .

- **بەڵام بۆحاجیەکان سونەت نیە لەوڕۆژەدا بەڕۆژووبن چونکە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوونەبوو وشتی ئەخوارد خەڵکیش سەیری ئەویان ئەکرد چونکە بەڕۆژونەبون لەو ڕۆژەدا بۆ حاجیەکان بەهێزتریان ئەکات لەسەر عیبادەت وپاڕانەوە لەو ڕۆژەدا.**

- **ڕۆژووگرتنی ڕۆژی عاشورا پرسیارکرا لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەبارەی ڕۆژووی عاشورا فەرمووی :** (احتسب على الله ان يكفر السـنة التي قبله) [رواه مسلم]

واتە : ئومێدەکەم لەالله تعالی کەبیکات بەکەفارەتی ساڵێک پێش خۆی .

وە هەروەها سونەتە ڕۆژێک پێش عاشورا یان دوای عاشورا ڕۆژووبگریت لەبەر فەرموودەکەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کەفەرمووی :

(لئن بقيت الى قابل لاصومن التاسع) [رواه مسلم]

واتە : گەر تاساڵی داهاتوو بمێنمەوە ئەوا ڕۆژی نۆیەم بەڕۆژوو ئەبم .

■ ڕۆژووگرتنی دووشەمە وپێنج شەمە لەهەر هەفتەیەکدا لەبەر فەرموودەکەی دایکە عائیشە الله تعالى لێی ڕازی بێت کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کۆشش وگرنگی ئەیا لەبەڕۆژووبونی لەڕۆژانی دووشەمە وپێنج شەمە وەهەروەها لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە فەرموویەتی :

(تعرض الأعمال يوم الاثنين والخميس فأحب أن يعرض عملي وأنا صائم)

واتە : کردەوەکان لەڕۆژانی دووشەم وپێنج شەم پێشان بەالله تعالى ئەدرێن بۆیە پێم خۆشە کردەوەکانم کەپێشان ئەدرێن بەڕۆژووبم . [اخرجه الترمذى والنسائى وهو صحيح]

■ ڕۆژوگرتنی سێ ڕۆژ لەهەموو مانگێکدا لەبەر فەرموودەکەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە بە عبدالله ی کوڕی عەمەر ی فەرموو :

(صم من الشهر ثلاثة ايام فان الحسنة بعشر امثالها وذلك مثل صيام الدهر)

واتە : لەمانگێکدا سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بە چونکە هەرچاکەیەک بەدەهێندەی خۆی حسابە ئەمەش وەک بەڕۆژووبونی تەواوی ساڵەکەیە . [اخرجه البخاري]

– هەروەها فەرموویەتی هەرکەس لەئێوە بەڕۆژووئەبێت لەمانگێکدا ئەوا باسێ ڕۆژە سپیەکە بەڕۆژووبێت . (ڕۆژانی سپی واتا سیانزە وچواردە وپانزە لەمانگە هیجریەکان)

[رواه احمد والنسائى]

■ **بەڕۆژبوونی ڕۆژێـک و بەڕۆژونەبونی ڕۆژێـک لەبەر فەرموودەکەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کـەفەرموویەتی :**

(افضل الصيام صيام داود عليه السلام كان يصوم يوما ويفطر يـوما) [متفق عليه]

واتـە : باشـترین شێوازی بەڕۆژووبون ڕۆژگرتـنی داوده علیه السلام کەڕۆژێـک بەڕۆژوو ئەبوو ڕۆژی دواتر بەڕۆژونەئەبـوو .

– **ئەمەش یەکێکە لەباشترین جۆرەکانی ڕۆژووی سونەتە.**

■ **ڕۆژووگرتـن ی مانگی الله تـعالی محرم لەبەر فەرموودەی ابی هریره کەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەت ی :**

(أفضل الصيام بعد رمضان شهر الله المحرم وأفضل الصلاة بعد الفريضة صلاة الليل)

واتـە : باشترین ڕۆژوو لەپاش ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان ڕۆژوی مانگی الله تـعالی ـە محرمە وە باشترین نوێژ لەپاش فەرزەکان شەونوێژە. [رواه مسلم]

ڕۆژووگرتـنی نۆمینەی حاجیان کەلەگەڵ یەکەم ڕۆژی مانگی ذی الحجه دەست پێ ئەکات لەڕۆژی نۆیەم کۆتای یـەت کەڕۆژوی عەرەفـەیە ئەمەش لەبەر گشتگیری ئەو فەرموودانەی لەم بارەیەوە هاتوون لەبارەی فەزڵی کردەوەکردن تێیدا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فـەرموویەت ی :

(مامن ايام العمل صالح احب فيهن الى الله من هذه العشر) [رواه البخاري]

وانەی بیست

ئەوەی مەکرووهـ و حەرامە لــە ڕۆژووگرتن

بەشی ئەوەی مەکرووه وحەرامە لە ڕۆژووگرتن

- **دروست نیە مانگی ڕەجەب بەتەنها تایبەت بکرێت بەڕۆژووگرتنەوە چونکە ئەوە لە دروشمی جاهلیەتە لەجاهلیەت دا ئەو مانگەیان بەگەوورە ڕائەگرت بەڵام گەر لەگەڵ ڕەجەب مانگێکی تریش لەگەڵی بەڕۆژووبێت ئەوە مەکروه نیە چونکە لەم کاتەدا ڕەجەب ی تایبەت نەکردووە بەڕۆژووگرتن احمدی کوڕی خرشە ی کوڕی الحر گێڕاویەتیەوە و وتویەتی عومەری کوڕی خطاب م بینی لەدەست ی ئەوانەی ئەیا کە لەڕەجەب بە ڕۆژوو ئەبون تا دەستیان ئەکرد بە خواردن و پێی فەرموون :**

(کلوا فانما هو شهر کانت تعظمه الجاهلية) [رواه ابن ابی شیبه بسند جید]

واتە : بخۆن چونکە ئەمە مانگێکە لەجاهلیەتدا بەگەورە ڕائەگیرا.

- **دروست نیە ڕۆژی هەینی تایبەت کرێت بەڕۆژگرتنەوە لەبەر فەرموودەی :**

(لاتصوموا یوم الجمعة الا ان تصوموا یوما قبله او یوما بعده) [متفق علیه]

واتە : لە ڕۆژی هەینی دا بەڕۆژوو مەبن مەگەر ڕۆژێک پێشتر یان دوواتر لەگەڵیدا بەڕۆژووبن .

- **ڕۆژووگرتن لە ڕۆژی گومان کە بریتیە لە ڕۆژی 30 ی شەعبان گەر ئاسمان بەجۆرێک بوو ڕێگریەک هەبێت لەبینینی مانگ ئەوە کەڕاهەتی هەیە بەڕۆژووبون تێیدا گەر ئاسمان ڕوون بوو ئەوە بەڕۆژی گومان دانانرێت عەمار الله تعالی لێی ڕازی بێت فەرموویەتی :** (من صام الیوم الذی یشک فیه فقد عصی ابا القاسم)

[ئیما م ی بخاری ڕیوا یەتی کردوە بە معلق ی بەشێوەی جەزمکردن (زانایان وەک ئیما م ی ابن حجر فەرموویەتی ئەو ڕیوایەتانەی بخاری ڕیوایەتیکردوون بەمعلق ی لەسەر دووشێوەن شێوەی الجزم وشێوەی التمریض ئەم ڕیوایەتەش بەشێوەی جزم هێناویەتی]

واتە : هەرکەس بەڕۆژووبێت لەو ڕۆژەی گومانی تێدایە ئەوە سەرپێچی پێغەمبەری کردووە صلى الله عليه وسلم .

- **حەرامە بەڕۆژووبون لە ڕۆژی جەژن ـدا لەبەر فەرموودەکەی ابی سعید :**

(نهى النبى صلى الله عليه وسلم عن صوم يوم الفطر والنحر)

واتـە : نەهیکردووە لەڕۆژووگرتـن لەڕۆژی جەژن ـی ڕەمەزان و جەژنی قوربان (جەژن ڕەمەزان یەکەم ڕۆژ تێیدا بەڕۆژووبون حەرامـە بەڵام ڕۆژی دووەم وسێیەم جائیزە تێیدا بەڕۆژووبیت).

- **بەڕۆژووبون لە ايام التشريق سێ ڕۆژەکەی دووای یەکەم ڕۆژی جەژن ـی قوربان ڕۆژی یانزە ودوانزە وسیانزە لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم :**

(ايام اكل وشرب وذكرالله عزوجل) [رواه مسلم]

واتـە : ڕۆژی خواردن وخواردنەوە ویادی الله تـعالی ـیە

وەهەروەهـا فەرموودەی :

(يوم عرفة ويوم النحر وايام التشريق عيدنا اهل الاسلام وهي ايـام اكل وشرب)

واتـە : ڕۆژی عەرەفە وڕۆژی قوربان ـی وڕۆژانی تـشریق جەژنی ئێمەیە ئەهلی ئیسلام ڕۆژانی خواردن وخواردنەوەن. [اخرجه الترمذي]

مۆڵەت ـدراوە بەڕۆژووبون بۆ ئەوکەسەی لە حەجدایـە قوربانیکردن ـی دەست ناکەوێت لەبەر فەرموودەکەی دایکە عائیشە و ابن عمر کەفەرموویانە (مۆڵەت نەدراوە بەڕۆژووبون لە ڕۆژانی تەشریق تەنها بۆئەوکەسە نەبێت کەقوربانی دەست ناکەوێت)
[اخرجه البخاري]

بـەشى زەكاتى سەرفيترە

پێى ئەوترێت (صدقة الفطر) بەم ناوەوە ناوى لێنراوە چونكە واجب ئەبێت بەهۆى تەواوبون ڕەمەزان وشكاندنى ڕۆژوو پەيوەندى بەپارەوە نيە بەڵكو پەيوەستە بەگەردن ى كەسەكەوە زەكات ى نەفس وجەستەيە زەكاتى سەرفيترە واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێك لەبەر ئەوەى ابن عمر گێڕاويەتيەوە :

(فَرَضَ رَسُولُ اللَّه صدقة الْفِطْرِ من رمضان صَاعَاً مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعَاً مِنْ شَعِيرٍ عَلَى الْعَبْدِ وَالْحُرِّ وَالذَّكَرِ وَالأُنْثَى وَالصَّغِيرِ وَالْكَبِيرِ مِنَ الْمُسْلِمِين) [متفق عليه]

واتـە : پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم زەكات ى سەرفترەى ڕەمەزان ى فەرز كردووە بە بڕى صاع ێك لە خورما يان صاعێك لە جۆ لەسەر كەسى بەندە و ئازاد و نێر و مێ و بچووك و گەورەى موسوڵمانان.

زەكاتى سەرفترە واجب نابێت تەنها بەدوو مەرج نەبێت :-

١- موسڵمان بون لەسەر كافر واجب نيە

٢- بوونى زيادتر لەژەمە خواردن ى خۆى ومالّ ومنداڵەكەى و پێداويستيە بنەڕەتيەكان ى لەشەو ڕۆژى جەژن دا

- واجب لە زەكاتى سەرفترە بريتيە لە صاعێك لەو خواردنەى زۆربەى خەڵكى ئەو جێگەيە ئەيخۆن لە گەنم يان جۆ يان خورما يان مێوژ يان كەشك يان برنج يان گەنمە شامى وجگە لەمانەش بەهۆى جێگيربونى لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم لەفەرموودە صەحيحەكنن وەك فەرموودەكەى ابن عمر كە پێشتر باسكرا.

- **دەرکردن ی زەکاتی سەرفیترە واجب ئەبێت لەئاوابونی خۆری شەوی جەژن چونکە ئەوە ئەوکاتەیە کەڕۆژووشکاندنی ڕەمەزان دەست پێ ئەکات.**

- **سەبارەت بەکاتی دەرکردن ی دووکات هەیە کات ی فەزڵ وبەئەنجام گەیاندن لەگەڵ کاتی جائیزبوون ی دەرکردنی**

کات ی فەزڵ لەگەڵ دەرکەوتنی فەجری ڕۆژی جەژن دەست پێ ئەکات تا پێش کردنی نوێژی جەژن لەبەر فەرموودەکەی ابن عمر کەفەرمووی :

(ان النبى صلى الله عليه وسلم امر بزكاة الفطر قبل خروج الناس الى الصلاة)

واتە : پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی کرد بەدەرکردن ی زەکاتی سەرفیترە پێش دەرچوونی خەڵکی بۆنوێژ

- **کاتی ڕێگەپێدراو بریتیە لەوەی ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ پێشتر سەرفیترە ئەنجام بات لەبەر کردەوەی ابن عمر و جگە لەویش لەهاوەڵانی تر**

دروست نیە دوایبخات لەنوێژ جەژن گەر تائەوکاتە دووای بخات ئەوە ئەبێتە صدەقەیەک لەصەدەقەکان و لەسەر ئەم دوواخستنە تاوانبار ئەبێت لەبەر فەرموودەی :

(من اداها قبل الصلاة فهي زكاة مقبولة ومن اداها بعد الصلاة فهي صدقة من الصدقات)

[رواه ابوداود وهوحسن]

واتە : هەرکەس پێش نوێژی جەژن سەرفیترە دەرکات ئەوە زەکاتێکی قبوڵکراوە هەرکەس لەدوای نوێژ ئەنجامی بات ئەوە صەدەقەیەکە لە صەدەقەکان .

بەم شێوە گەشتنیە کۆتایی ئەم کتێبە بەسوودە

الله تعالى ئێمە وئێوەش سوودمەند بکات لەزانست ی شەرعی وفێربوون بەئەحکامە شەرعیەکان هیوادارم گەر باوکێکی لەماڵەوە ئەم کتێبە پوخت وبچوک لەقەبارەیە بەماڵ ومنداڵ وخێزانەکەت بڵێیتەوە گەر گەنجێکی ئەم کتێبە بۆخۆت بخوێنەرەوە لەگەڵ برایانت کۆبنەوە بۆیەکتری بیخوێننەوە گەر ئافرەتێکی ئەوە بۆخۆت بیخوێنەرەوە پاشان بۆ دایکت یان بۆ باوک وبرا وخوشکت یان بۆ منداڵانی ناسراو وخزمەکانت هەوڵبەن هەم خۆتان فێرکەن هەم ببن بەمامۆستایەک بۆ دەوروبەرتان و زانست ی شەرعی بڵاوبکەنەوە وکەمتەرخەم ی وتەمبەڵی مەکەن چونکە زانینی ئەم بابەتانە هەمووکاتێک پێویستت ئەبێت وکرداری ڕۆژانەی تۆی لەسەر وەستاوە.

الحمد لله رب العالمين

6ی 2 ی 1448ی کۆچی

20ی 7ی 2026

مامۆستائوسامە تەوحیدی شارەزووری

وصلى الله على نبينا محمد وعلى الـه واصحابـه اجمـعين

پێرستی کتێب

پێشەکی نووسەر 5

وانەی یەکەم

حوکمە تەکلیفیەکان 9

هۆکاری ڕاجیاوازی زانایان 12

وانەی دووەم

پاک و خاوێنی (الطهارە) 17

پاشان پیسی النجاسات 18

پاشان پیسی دابەش ئەبێت بۆ سێ بەش 19

پاشان حوکمەکانی ئەو شتانەی لە مرۆڤ دەردەچێت 20

پاشان میز و پیسایی ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان ئەخورێت 21

وانەی سێهەم

حوکمەکانی ئاو بە گشتی ئاو دوو جۆرە 23

پاشان حوکمی قاپ و دەفرەکان 25

پاشان حوکمی قاپ و دەفری موشریکان ئەبێت بە دوو بەش 26

پاشان جل و بەرگی موشریکان دوو. بەشە 29

وانەی چوارەم

بەشی چوونە سەر ئاو 31

وانەی پێنجەم

سوننەتەکانی فیطرەت 37
ئەو کاتانەی سوننەتە تێیدا سیواک بکەیت 39
بابەتی دەست نوێژ 40
مەرجەکانی دەست نوێژ 41

وانەی شەشەم

بەشی شێوەی دەستنوێژگرتن 43
فەرزەکانی دەست نوێژ گرتن شەش شتە 43
بەشی واجبەکانی دەست نوێژ 47
بەشی سوننەتەکانی دەست نوێژ 48

وانەی حەوتەم

بابەتە فقهیەکان 52
بەشی هەڵوەشێنەوەکانی دەست نوێژ 53
ئەو شتانەی دەستنوێژگرتن بۆی واجبە 55
بەشی ئەو شتانەی سوننەتە دەست نوێژی بۆ هەڵگریت 56

وانەی هەشتەم

مەسحکردن لەسەر خۆف 58
مەرجەکانی مەسحکردن لەسەر خۆف یان (گۆرەوی) 59
چۆنیەتی مەسحکردن 61

بەشی هەڵوەشێنەرەوەکانی مەسحکردن 62
بەشی مەسحکردن لەسەر برین پێچ 63

وانەی نۆیوم

بەشی غوسلکردن (خۆشۆرین) 65
بەشی چۆنیەتی غوسلکردن 68
بەشی ئەوەی کەسی لەشگران و ئافرەتی حائض و زەیسان لێی دوور ئەبن 68
بەشی خۆپاکرنەوەی کەسی بریندار 70

وانەی دەیەم

بەشی تەیەموم 73
مەرجەکانی تەیەموم 74
بەشی شێوازی تەیەموم کردن 75
بەشی هەڵوەشێنەوەکانی 76

وانەی یانزەم

باسی نوێژ 79
فەزڵی نوێژ 79
ژمارەی نوێژە فەرزەکان 80
مەرجەکانی نوێژ 81
بەشی کاتەکانی نوێژ 83

وانەی دووانـزەم

بەشی ڕوکنەکـانی نـوێژ 87
ڕووکنـەکانی نوێژ چواردەن 88

وانەی سێزدەم

بـەشی واجبـاتەکانی نوێژ 92

وانەی چواردەم

بابەتە فقهیەکان بەشی سوننەتەکـانی نوێژ 93

وانەی پـانزەم

بابەتە فقهیەکان بەتاڵکەرەوەکانی نـوێژ 105
بەشی حەرامکراو و مەکروهاتەکانی نـاو نـوێژ 105
بەشی نـوێژی نەخۆش 107
بەشی نـوێژی مسـافر 108

وانەی شانـزەم

نـوێژی ترس (الصلاة الخوف) 112
بەشی ئەو کـاتانەی نەهـی لێکراوە نوێژی تێدا بکرێت 113
بەشی نـوێژە سوننەتەکـان 114

وانەی حەڤدە

کتاب الصیام (ڕۆژووگرتن) 117
بەشی ڕۆژوو 119
مەرجەکانی واجب بوونی ڕۆژووی ڕەمەزان 119

وانەی هەژدە

بەشی بەتاڵکەرەوەکانی ڕۆژوو 123
سوننەتەکانی ڕۆژوو 126
بەشی موکروهاتەکانی ڕۆژوو 128

وانەی نۆزدە

بەشی ڕۆژووی سوننەت 130

وانەی بیست

ئەوەی موکروهـ و حەڕامە لە ڕۆژوو گرتن 134
بەشی زەکاتی سەرفیتره 136
زەکاتی سەرفیتره واجب نابێت تەنها بە دوو مەرج نەبێت 136
بەشی کۆتایی 138

مكتبة الهمة / الطبعـة الأولى
جمادى الآخـرة ١٤٣٧ هـ